# تا لەبیرنەکرێت

## چەند لاپەڕەیەك لە مێژوودا

2016

# تا لەبیرنەکرێت

## چەند لاپەڕەیەك لە مێژوودا

بەهرۆز گەلاڵی

2016

ناوی کتێب: تا لەبیرنەکرێت، چەند لاپەڕەیەک لە مێژوودا

نوسەر: بەهرۆز گەڵاڵی

بابەت: چاوپێکەوتن

تایپ: نیاز کەمال

هەڵەچن: زریان محەمەد - باوان عومەر

تیراژ:1000دانە

ساڵی چاپ: 2016

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1136)ی ساڵی 2016 ی پێدراوە

## پێڕست


### چاوپێکەوتن

هاتنی سوپای تورکیا بۆ کوردستان............................................... 7
پرۆسەی ئاشتی لەباکور بە بنبەست گەیشتووە ............................ 15
هەوڵەکانی ئاشتی باکور، مام جەلال رۆڵی گرنگی تێدا بینیوە ............ 25
پرۆسەی ئاشتیی لە تورکیا کەوتۆتە سەر سکە ..... .......................... 29
بەهرۆز گەلالی: پێویستە تورکیا گفتوگۆ لەگەڵ ئۆجەلان بکات ......... 39
بە ئازادکردنی ئۆجەلان چەك دادەنرێت ...................................... 53
سەرۆك تاڵەبانی ئاگاداری........ کوردانی باکورە ............................ 57
کێشەی کورد لە باکور چارەسەربێت .... ..................................... 61
بەهار ی کورد ی لە تورکیا دەستیپێکردووە .................................. 75
تائێستا هەرێمێکی فیدراڵین لەچوارچێوەی عێراقی یەکگرتودا ........... 87
ئەگەر کورد بەهەڵە یاری نەکات بۆ کورد دڵخۆشکە ر و زۆر لەبارن..... 95
تورکیا هەڵوێستی بەرامبەر بە کورد گۆڕیوە ............................... 101
چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامەی ئاوێنە ......................................... 109
یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆران بەسێ قۆناغدا دەڕوات ...................... 113
دۆسییەی تورکیا بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا ............................. 131
تائێستا یەکێتی و پارتی داوایان نەکردووە........................................ 135
کێشەی کورد لە تورکیا ........................................................... 145
کرانەوەی دیموکراسی هێواش دەبێتەوە وبەساردی دەڕوات ............... 149

### وتار

کێشەی کورد لە تورکیا .... ......................................................... 157
یەکەم کۆبوونەوەی داود ئۆغلۆ و بارزانی مام رێکیخست .................. 161
روونکردنەوە.......................................................................... 163
کابینەی داهاتوو پێشکەشی پارتی و گۆڕان بێت ............................ 167
یەکێتی بۆ ئۆپۆزسیۆن؟!............................................................ 169
چەند پێشنیازێك بۆ کۆمیتەی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی ........ 177
ئەگەر لەجیاتی جەنابی سەرۆك بومایە! ....................................... 181

**ژیاننامە** ............................................................................ 189

# چاوپێکەوتن

# هاتنی سوپای تورکیا بۆ کوردستان چەند ئامانجێکی شاراوە و گرنگی لەپشتەوە هەیە

*** ئامانجی سەرەکی هاتنە نـاوەوەی هێزەکانی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان چییە؟**

- تورکیا ماوەی ساڵونیوێکە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بەبەردەوامی لەکەداردەکرێت کە هاوکاری لوجیستی داعش دەکـات. دوای لێدان و هێنانە خـوارەوەی فڕوکە ڕوسییەکەش، لەلایەن تورکیاوە! جۆرێك لە سیمپاتی و سۆز لەلایەن هەندێ لە ئەندامانی پەیمانی ناتۆوە بۆ تورکیا گەڕایەوە. بێگومان حکومەتی تورکیا ئێستا دەیەوێت بەمجۆرە پشتیوانییە، وا پیشانبدات، کە تورکیا دژی ڕێکخراوی داعش و بەرژەوەندیەکانی کاردەکات. بۆیە تورکیا ئەو هەلەی قۆزتەوە پیشانی هاوپەیمانەکانی بدات، کە دژایەتی داعش دەکات و گوایە بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت بێتە ناو خاکی عێراقەوە بۆ لێدانی داعش؟ گەرچی دەمێکە تورکیا خەونی ئەوەی هەبوو فرسەتێك بدۆزێتەوە بۆ هاتنە ناوەوە و بەهێزکردن و پتەوکردنی جێ پێی خۆی زیاتر لەناو خاکی هەرێم. بەتایبەتیش کاتی خۆی ویستیان لە پرۆسەی رزگارکردنی عێراقدا بێن، بەڵام ئەوەبوو پەرلەمانی تورکیا رەزامەندی هاتنی هێزەکانی ئەمەریکای نەدا، کە پێکەوە لەگەڵا سوپای تورکیا بێنە ناو خاکی عێراقەوە. تورکیا ماوەی دووساڵێکە کاتێك فرسەتی ئەوەیان بۆ هاتە پێشەوە! بەتایبەتی لەگەڵ بەڕێز بارزانی و پارتی، پەیوەندییەکانی بازرگانی و ئابووری و ئەمنی نێوانیان بەهێزترو پتەوتر بکەن کە هەردوولاش، ئێستا لەگەڵ سعودیەو قەتەر لەیەکنزیکن! ئەوەبوو ئەو فرسەتەی قۆزتەوەو بەهێزێکی زیاتر لە (600 شەش سەد کوماندۆی مودێرن)، بەناوی راهێنانەوە هاتنە ناوچەی باشیك وهەرێم وعێراق. دیـارە لەبنچینەدا هاتنی سوپای تورکیا بۆ

کوردستان چەند ئامانجێکی شاراوە و گرنگی لەپشتەوە هەیە: یەکەم هێشتا تورکیا ویلایەتی موسڵی سەردەمی عوسمانلی لەیادنەچووە. دووەم بۆ دژایەتی رۆژئاواو پەیەدەو پەکەکە هاتۆتە ناوچەکانی باشیك. سێیەم چاودێری بارودۆخی سیاسی سوریا دەکـات، کە ئەگەر سوریا بەجۆرێك کێشەکەی چارەسەرکرا لەبەرژەوەندی کوردی سوریا (رۆژئـاوادا) تەواوبێت؟ ئەوا بەهۆی ئەو سوپایەی کە هێناویەتییە کوردستانی عێراق! یەکسەر تەداخول دەکات و تا بۆی بکرێت لێی ناگەڕی کوردی رۆژئاوا دەسکەوتێکی سیاسی گەورە بەدەستبهێنن و شێوە سیستمێکی وەکو کوردستانی عێراق لە رۆژئاوادا بۆکورد دروستبکرێت. چوارەم لە حاڵەتی تێکچونی بارودۆخی سیاسی و جوگرافی یەکێتی خاکی عێراق، ئەوا پشتیوانی لەتورکمانەکان دەکات، ئەگەر بۆی بکرێت هەریمێکی تورکمانییان لە تەلەعفەر بۆ دروستدەکات.. پێنجەم هاتنیان بۆکوردستان وموسڵا بۆ پشتیوانیکردنە لەسونەی عێراق، لەگەڵا ئەسیل نوجەیفی و تارق هاشمی ولایەنەکانی تری سونە پەیوەندییان باشە. لەبیرمان نەچێت تورکیا لەگەڵ سعودیەو قەتەر پارتی زۆر لێکنزیکن. هاتوچۆو تەگبیر لەگەڵا یەکتری دەکەن. لەکێشە سیاسیەکانی سوریاو عێراق بەتایبەتی بێ ئاگاداری یەکتری ناجوڵێنەوە. بێگومان تورکیا ئەجێندای تایبەتی خۆی هەیە. بەداخەوە لایەنیش هەیە بۆ بەرژوەندی شەخسی و حزبی چۆتە ناو ئەو یارییەوە؟. ئەم سیاسەتەی تورکیاو هاوپەیمانەکانی سیاسەتێکی زۆر مەترسیدارو دژایەتیکردنێکی گەورەی بەرژەوەندییە ستراتیژی و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و حزب و لایەنەکانیەتی. بۆیە بەداخەوە بەتایبەتی ئەو سیاسەتە تاکڕەوییەی پارتی، کە بەناوی هەرێمەوە ئەنجامیدەدات؟ تەنیا

خۆیان لێی بەرپرسیارن و بەبیروڕای من مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەنانەت حزب و لایەنەکانی تریش لێی بێئاگان و پرسیان پێنەکراوە و دواڕۆژیش لێی بەرپرسیارنابین.

*** لایەنە باش و خراپەکانی ئەم هاتنەناوەوەیە بۆ کورد لەچیدایە؟**

-پێشتر لایەنە خراپەکانیم باس کرد. هەرگیز هاتنە ناوەوەی سوپای وڵاتێکی دراوسێ بۆ هەرێمی کوردستان لایەنی باشی نابێت! کورد دەبێت وریا بێت. خۆی توشی شەڕێکی کوردو کورد نەکاتەوە. مەبەستم شەڕی پارچەیەك و پارچەیەکیترە. یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتو، کۆمەڵ و هەموو حزب و لایەنەکانی تر پێویستە بەیەکەوە دابنیشن و پرسی سەرۆکایەتی هەرێم چارەسەربکەن و پەرلەمان و حکومەت رێکبخەنەوەو بکەونەوە ئیش. کارو هەنگاوی تاکڕەویش لەهیچ کەس و حزبێك قبوڵنەکرێت.

خۆ ئەگەر رێگانەدرا کێشەکانی پەرلەمان و حکومەتیش چارەسەربکرێن. ئەوکاتە بۆمان دەردەکەویت کە لە تەجروبەی حکومەت و پەرلەماندا فەشەلمان هێناوە. لەو حاڵەتەشدا دوو پێشنیارم هەیە. یەکەمیان پەرلەمان و حکومەت حەلبکرێت. دەکرێت دەستورێکی رێکوپێك بۆ هەرێم دابنێین. یاسایەکی تازەش بۆ پێکهاتەی سەرۆکایەتی هەرێم و چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم دابڕێژینەوە. لە پارێزگاکان هەر (4 ساڵ) جارێك هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت.. هەر پێنج پارێزگاکانیش لە رووی سیاسییەوە بە سەرۆکایەتی هەرێم ببەسترێنەوە. پارَیزگاکان دوای ئەوەی پەڕلەمانی محەلی خۆیان هەڵبژارد هەر پارێزگایەك حکومەتی خۆی هەبێت. لە رووی دارایی و ئیدارییەوە ئیستیقلالیەتی خۆیان وەربگرن. کەس

نەتوانێت تەداخول لە ئیشوکارەکانیان بکات. ئەمە پێشنیارێکیان بو. پێشنیاری دووەمم دەمێکە وتومە سەرۆکایەتی هەرێم دەزگایەکی زیادەیە و هەڵبگیرێت. تەنیا حکومەت و پەرلەمانێکی پتەومان هەبێت. کەسی یەکەمی حزبەکان بێنە ناو پەرلەمان و حکومەت. کەسیش خۆی بەگەورەتر لەپەرلەمان و حکومەت نەزانێت . ئەوکاتە حکومەت و پەرلەمانەکەمان دەبنە دوو دەزگای بەهێز و پتەو و شەرعی.

*** بەبڕوای تۆ کورد لە جەمسەربەندییەکانی ئەم ناوچەیەدا لەگەڵ تورکیا بوەستێت بەرژەوەندی مسۆگەرە یاخود ئێران؟**

- بەبڕوای من، کورد دەبێت خۆی نەخاتە ناو جەمسەربەندییەکی دیاریکراوەوە. لە هیچ جەمسەربەندییەکی تورکیا و ئێران دا نەبێت. ئێمە نەتەوەیەکین بەرژەوەندی خۆمان هەیە. بەپێی بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابوری و ئەمنییەکانی خۆمان هەنگاوی زیرەکانە بنێین، نابێت خۆمان لە عەرەب و تورك و فارس بەکەمتر بزانین. دەکرێت هەوڵبدەین پەیوەندیەکانمان لەگەڵیان لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی هاوبەش و توندوتۆڵ بێت، بەڵام نابێت ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشە دژی کوردی پارچەیەکی تر بێت و لەسەر حسابی ئەوان بێت.

*** ئایا کورد دەتوانێت بێلایەن بێت و یەك مەودا لە هەردوکیانەوە دور بێت؟**

- بەبڕوای بەندە بەڵێ. چۆن ئەو وڵاتانە بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان کاردەکەن. ئەی بۆ کورد نەتوانێت ئەم هاوسەنگییە رابگرێت. بەبڕوای من، ئەگەر گوتاری سیاسی خۆمان یەکبخەین و دورکەوینەوە لە ئەنانیەت و تاکپەرستی و بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی! بەڵێ دەتوانین.

***بارزانی چ رۆڵێك دەبینێت لەم جەمسەربەندیانەدا؟ ئایا سەردان و هەڵوێستەکانی بارزانی دەتوانن بەرژەوەندی ئایندەی کورد مسۆگەربکەن؟**

-ئەو پەیوەندیانەی کە ئێستا بە کردار دەبینرێت. تاکڕوانە ئەنجامدەدرێت، بۆیە لە دوارۆژدا زیانی گەورە بە بەرژەوەندیە باڵاکانی گەلی کورد دەگەیەنێت و لە رووی ستراتیژەوە بەهەڵەیان دەزانم.

*** ئایا یەکێتی ئاگاداری ئەو سەردان و رێکەوتنانەیە کە بارزانی دەیکات، بەتایبەتی لەگەڵ سعودیە و تورکیا؟**

-یەکێتی واتە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی. ئەوەندەی بەندە ئاگادار بێت! نەخێر.

*** ئایا هەستناکەن کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە رووی دیبلۆماسییەوە لەپاشەکشەدایە؟ ئـەوەی رۆڵـی سەرەکی لە پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمدا دەبینێت، پارتی و بارزانییە؟**

-بەڵێ وایە، بەداخەوە دوای نەخۆشکەوتنی جەنابی مام جەلال بۆشاییەکی گەورە دروستبووەو پڕنەکراوەتەوە. قەتیش پڕناکرێتەوە. لەناو کوردیش یەك مام جەلال هەیە. کەسی تر شوێنی مامی پێ ناگیرێتەوە. بەداخەوە پارتیش ئیستیغلالی ئامادەنەبوونی مام جەلالی کردووە، ئینفیرادی کردووە لە سیاسەتداو سیاسەتی خودی پارتی کردۆتە سیاسەتی هەرێم، کە سیاسەتی هەرێمیش نییە. لە شتە گرنگەکانیش هیچ پرس بەیەکیتی نیشتمانی کوردستان ناکات.

*** پێشتر تۆ نامەیەکت ئاڕاستەی سەرکردایەتی حزبەکەت کردو داواتلێکردن، کە هەڵسن لەخەو کاتی ئەوە هاتووە بەڕاستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لـەم ئابڵوقە سیاسییە خۆی**

**دەربهێنێت، بەتایبەتی لە پەیوەندییان لەگەڵ هێزە شیعییەکان، بە رای تۆ هۆکاری چییە، کە یەکێتی ئێستا ناتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت و ئەم کەموکورتییە دەکەوێتە ئەستۆی کێ؟**

-بەداخەوە دوای نەخۆشکەوتنی جەنابی مام جەلال هەندێك لە هەڤاڵانمان نەمانتوانیوە تەجاوزی هەندێك ململانێی نێوخۆی شەخسی بکەین. هەندێك لە لەلایەن و هاوپەیمانەکانی خۆمانمان فەرامۆشکردبوو، تاڕادەیەکیش شلبوین لەبەرانبەر هەندێ لە سیاسەت و لە ئاست هەڵەکانی سیاسەتی پارتیدا بێدەنگیمان هەڵبژاردووە. بێگومان ئەمەش بەزەرەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەواوبووە.. سەیری ئەو وەفدانە بکەن کە دێن بۆکوردستان! یەکێتی بە پلەی یەکەم خوێن و شەهید وفیداکاری دەکا؟ کێش لەپێشوازی میواندندایە؟ ئیستاخەریکین ئەم کەموکوڕیانەی هەن، ووردە ووردە راستیانبکەینەوە.

*** وەك شارەزایەك لەکاروباری تورکیادا چی لەسەر سەرکردایەتی سیاسی کوردو پەکەکەو دەوڵەتی تورکیاو هێزە نێودەوڵەتیەکان پێویستە بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی لەتورکیا دەستپێبکاتەوە؟**

-پێویستە هەم پەکەکەو هەمیش تورکیا ئەو شەڕە رابگرن. ئاگربەستێکی درێژخایەن رابگەیەنرێت. بوار بڕەخسێت بۆ پارتی دیموکراسی گـەلان هەدەپە، کە بتوانێت بە ئازادانە خەباتی پەرلەمانی ئەنجامبدات و ئێمەش و هەموو حزب و لایەنەکانی کوردستانیش یارمەتیدەربین بۆهێنانەکایەی جەوێکی گونجاو، بۆ گەڕانەوە بۆ حیوارو مێزی دیالۆگ لەنێوان تورکیا و کورد. دەکرێت وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکاش ڕۆڵببین بۆ پشتیوانیکردن لە پرۆسەی چارەسەری و ئاشتی. ئەمڕۆ کورد دەبێت زیاتر تەرکیز بکاتەسەر

ڕۆژئاوا. گەلی باکوور ماندووە و پێویستی بە ئاشتی هەیە و ئاشتی دەوێت.

*** هاتنی روسەکان بۆ نێو هاوکێشە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو شێوە کاریگەرە، چ زیانێك یاخود سودێك بەکورد دەگەیەنێت، کورد چۆن دەتوانێت لەبەرژەوەندی خۆی بەکاریبهێنێت؟**

-دیارە روسیا ئەجێندای تایبەتی خۆی هەیە و نایەوێت رژێمی بەشارئەسەد بکەوێت و دژی داعش خەبات دەکات. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانی نوێ بەخۆیەوە دەبینێت، روسیا دەیەوێت لەم گۆڕانکاریانە ئامادەیی هەبێت و راو هەڵۆیست و بەرژەوەندییە ئەمنی و ئابوری وسیاسیەکانی پارێزراوبێت. روسیا دژی هاوپەیمانی سعودیە، قەتەر و تورکیایە. لەگەڵ ئێران، عێراق، سوریا و چین پێکەوە کاردەکەن. کوردیش لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت سودی زۆر لە روسیا وەربگرێت. بەتایبەتی کوردانی ڕۆژئاواو پەیەدە. پێشموایە پەیوەندیەکانیان زۆرباشە. بەم هیوایەی هەموولایەکمان لە ئاستی مەسئولیەتی مێژوویی خۆماندابین، نەیارانی گەلەکەمان و دوژمنانمان نەتوانن زەفەرمان پێ ببەن و بە ئیمتیازاتی مادی، کورسی، هەندێ دەسەڵاتی کاتی توشی لەخۆبایی بوون و توشی یەکترمان نەکەن و شەڕبهێننەوە نێومالّی کوردی، چونکە هەمووتان بەیەکەوە جوانین. بەیەکەوە دەتوانین دەستکەوتەکانمان بەدەستبهێنین. با وازیش بێنین لەسیاسەتی خۆبەگەورە زانین و تاکڕەوی ونەخوێندنەوەی یەکتری.

**ئاوێنە نیوز 13-12-2015**

# پڕۆسەی ئاشتی لەباکور
# بە بنبەست گەیشتووە

## بەهرۆز گەڵاڵی: یەکێتی دژی ئەوەیە هەر هێزێکی دەرەکـی سنووری کوردستان و سـەروەریـی خاکەکەی ببەزێنێت

لەگەڵ هەرچی زیاتر ئاڵۆزبوونی دۆخی سیاسیی کوردستان لـەسـەر ئاستی نـاوخـۆیـی بـەهـۆی کێشەکانی پەیوەست بەسەرۆکایەتیی هەرێم، پەکخستنی کاری پەرلەمان و تەنگژەکانی ئابوریی و بێ مووچەیی خەڵك و لەسەر ئاستی عیراقیش، کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغداو کێشەی نەوت و بودجە، جەنگی سەپێنراوی داعش بەرۆکی کوردستانی گرتووە، کە ئەو جەنگە ئێستا رەهەندێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیشی وەرگرتووە. ئەگەرچی هەرێمی کوردستان نایەوێت بچێتە ناو ئەو بازنەی ململانێ ئیقلیمییەوە، کە بەهۆی داعشەوە کێشە لەمێژینەکانی نێوان وڵاتانی ناوچەکەشی زیندووکردۆتەوە، بەڵام لەنوێترین پێشهاتی مەترسیداردا لەدوای خستنەخوارەوەی فڕۆکەکەی روسیا لەلایەن تورکیاوە، کێشەی نێوان ئەو دوو وڵاتە ئاڵۆزتربووە، بەڵام تورکیا لەجیاتی هەنگاونان بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە، هێزێکی بەقەبارەی نزیکەی 600 سەرباز بەچەکی قورس و تانك و تۆپخانەوە بەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا هێناوەتە نزیك موسڵ، لەیەکێك لەناوچە «جێناکۆکەکان» جێگیری کردووە بەپاساوی مەشق و راهێنان بە ملیشیاکانی «حەشدی وەتەنی»، هاتنی ئەو هێزەش ناڕەزایی گەورەی لەسەر ئاستی میللی و حزبەکانی کوردستان لێکەوتۆتەوە و هەموو حزبەکان «جگە لەپارتی دیموکراتی کوردستان» بێ ئاگایی خۆیان لەهاتنی

ئەو هێزە بەناياسايی و پێشێلکردنی سەروەريی خاکی کوردستان دەزانن، لەوبارەيەوە هەڤاڵ بەهرۆز گەلاڵی نوێنەری ی.ن.ك لە ديدارێکيدا لەگەڵ کوردستانی نوێ تەئکيد دەکاتەوە کە نەخۆی و نە حزبەکەی ئاگاداری هاتن و ئامانجەکانی ئەو هێزە نين، ئەمەی خوارەوەش پوختەی ديدارەکەيە:

سەرەتا بەهرۆز گەلاڵی لەبارەی هاتنی ئەو يەکانەی سوپای تورکياوە تەئکيدی کردەوە، کە وەك نوێنەری يەکێتی و مام جەلال ئاگاداری هاتنی ئەو هێزەی دەوڵەتی تورکيا نييەو وتی: «نە لەگەڵمان دانيشتون و نەپرسياريشيان پێکردووين، جگە لەوەش وەك يەکێتی لەگەڵ ئەوە نين، کە هيچ هێزێکی دەرەکی سنووری هەرێمی کوردستان و سەروەری خاکی کوردستان و عيراق پێشێل بکەن».

### توركيا چوبێتە هەر وڵاتێك نەگەڕاوەتەوە

لەبەشێکی ديکەی قسەکانيدا رايگەياند: هاتنی سوپای تورکيا بۆ کوردستان، بەتايبەتی ناوچە کوردستانييەکانی دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان مەسەلەيەکی مەترسيدارو ترسناکەو پێيوايە، کە مەسەلەيەکی سياسيی گەورەی لەپشتە و تەنها بابەتێکی سەرپێيی نييە، چونکە سوپای تورکيا چووبێتە هەر وڵاتێکەوە نەگەڕاوەتەوە. وتيشی: «ساڵی نەوەدەکان، کە لەسەر داوای لايەنێکی سياسی هاتنە کوردستانەوە لەکانی ماسی و ناوچەی بامەڕنی، سەرباری ئەوەش کە بەم دواييانە پەرلەمانی کوردستان بڕياريدا بکشێنەوە، بەڵام تائێستا نەکشاونەتەوە»

گەلاڵی پێیوابوو ئەوەی ئێستاش وابەئاسانی ناگەڕێتەوە، تەئکیدیشی کردەوە کە حکومەتی هەرێمیش ئاگای لێ نییە، چونکە پێنج حزب حکومەتیان دروستکردووە، ئێستا حزبێك لەحکومەتدا ئامادەنییە، دەبێت چوار حزبەکەی تر ئاگایان لێبێت، بەڵام شتی لەوجۆرە لەئەنجومەنی وەزیرانیش باس نەکراوە، وتیشی: «کاتی خۆی بەبڕیاری پەرلەمان پێشمەرگەمان نارد بۆ کۆبانێ، بۆیە دەبێت هاتنی هەر سوپایەکی دەرەوەش بەڕەزامەندیی پەرلەمان بێت، بەڵام ئەمە بێ ئاگاداریی پەرلەمان و تەنانەت حکومەتیشە».

## مەسەلەکە هاوپەیمانی ئیقلیمییە

لەبارەی ئەوەی ئاخۆ دوای نارەزایی سەرۆکایەتییەکانی عێراق و ئەو وادە 48 سەعاتییەش کە بۆیان دیاریکردوون، هەنگاوی داهاتووی عێراق چی دەبێت؟ بەهرۆز گەلاڵی وتی: «بڕواناکەم رووبەڕووبوونەوە رووبدات» بەڵام پێیوابوو ئەو بابەتە ببرێتە ئەنجومەنی ئاسایش، دوای لێدوانەکەی سەرۆك کۆماریش باڵیۆزی تورکیا لەبەغدا بانگکراوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی عێراق و نارەزایی عێراقیان بەڕەسمی پێ راگەیاندووە»، ئاماژەی بەوەشکرد، کە دەبێت عێراق لەگەڵ ئەمەریکا قسەبکات، بەڵام رایگەیاند: کە تورکەکان پرس و راوێژیان لەگەڵ ئەمەریکییەکان و یەکێتیی ئەورووپا کردووە، پێشیوانەبوو کە یەکێتیی ئەورووپا بەوە رازی بێت، بەڵام وتی: مەسەلەکە هاوپەیمانێتییەکی ئیقلیمیی (قەتەر، سعودیە و تورکیا)یە لەگەڵ لایەنێکی سیاسی کوردستان، کە ئاشکرایە هاوکاریی ئەو بەرەیە دەکات، ئەو بەرەیە هەڵوێستیان

دیارە لەسەر مەسەلەی داعش، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بەغداو زیاتر دژایەتی حکومەتی بەغدا دەکەن و پشتیوانیی سوننە دەکەن لەڕێگەی تاریق هاشمی، ئەسیل نوجەیفی و هەندێك سەرکردەی دیکەوە، کە هەوڵی ئەوە دەدەن گوشار بخەنە سەر بەغداو شیعە، بەگشتی بابەتەکە پەیوەستە بەململانێی شیعە و سوننەوە.

## چاودێریی رۆژئاوا

لەبەشێکی دیکەی روونکردنەوەکانیدا پێیوابوو، کە ئێرانیش بێتە ناو کایەکەوە و هەڵوێستی خۆیان بخەنەڕوو. ئەو سەرسوڕمانی خۆی نیشاندا لەبارەی هاتنی ئەو سوپایە بەقەبارەی 2000هەزار سەرباز، کە ئەوە بۆ مەشق بێت بۆ ناوچەی باشیك و وتی: «مەسەلەکە زیاتر پەیوەندیی بەکوردستانی رۆژئاواو پەیەدەو رزگارکردنی شەنگال و وجودی کوردەوە هەیە لەو ناوچەیە» پێیوابوو تورکیاش بیەوێت لەو ناوچەیە هێزێکی خۆی هەبێت و یارمەتیی تورکمانەکانی تەلەعفەر بدات و لەحاڵەتی پێویستیشدا چاودێریی رۆژئاوا بکەن. چونکە هەندێك لایەنیش لە باشووری کوردستاندا بەبوونی ئەو کانتۆنانەی رۆژئاوا نیگەرانن، پاشان وتی: چەندین وڵات تیمی تایبەتیان ناردووە بۆ کوردستان بۆ مەشقکردن بەپێشمەرگە، بەڵام هیچ کام لەوانە لەچەند کەسێك تێپەڕناکات و هیچ چەك و زەخیرەیەکیشیان پێ نییە.

## ژیاندنەوەی بەرەی کوردستانی

لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا بۆ کوردستانی نوێ بڕوای خۆی نیشاندا، کە ئێستا باشووری کوردستان پێویستی بەدروستکردنی

بەرەیەکی حزبە سیاسییەکانە وەك بەرەی کوردستانییەکەی، کە کاتی خۆی سەرکردایەتی شۆڕشی کرد بەرلەڕاپەڕین، چونکە ئێستا هەست بەجۆرێك لەتاکڕەوی دەکرێت، بۆنموونە لە هەولێر هیچ گوێ بەحزب و لایەنەکانی تر نادرێت، گومانی هەبوو لەوەی هیچ سەرکردەیەکی حزبە کوردستانییەکان ئاگایان لەهاتنی سوپای تورکیا بووبێت. وتیشی: «ئەم وڵاتە بێ خاوەن نییە، ئەو حزبانە ئەندامیان هەیە لەپەرلەمان و جەماوەرو دەنگدەریان هەیە، لەپەرلەمان و لەحکومەتدان، خێرە سوپای تورکیا بێتە کوردستانەوە و ئەنجومەنی وەزیران ئاگادارنەبێت؟» هەروەها وتی: ئەوەی لێرە روودەدات لەهیچ سیستمێکی سیاسیدا نەم بینیوە، چونکە هەر خودی سوپاسی تورکیا بچن بۆ هەر وڵاتێك رەزامەندیی پەرلەمانی خۆیان دەوێت، ئێستا ئەو سوپایە بەڕەزامەندیی پەرلەمانی تورکیا هاتووە، بەڵام دیارنییە لەکوردستان کێ بڕیاری لەو مەسەلەیە داوە» ئاماژەی بەوەشکرد، کە زۆر مەترسیدارە کەسێك بڕیار لەسەر چارەنووسی کوردستان بدات، چونکە پێیوابوو تەنانەت نە جێگری سەرۆکی هەرێم، نە جێگری سەرۆکی حکومەتیش-یش ئاگایان لەوە نییە و پرسیان پێنەکراوە.

## رای حزبەکان وەرناگیرێت

لەبەشێکی دیکەی دیدارەکەدا ئاماژەی بەوەکرد، کە پێشتر تیم هاتووە پێنج بۆ شەش  کەس بۆ مەشقپێکردن، بەڵام بەو قەبارەیەی ئێستا و بەو بێ منەتییە بچێتە ناوچە جێ ناکۆکەکان، ئەمە مەسەلەیەکە کورد پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکات.

بەهرۆز گەلاڵی وتیشی: چاوەڕوانیی گۆڕانی گەورە دەکرێت

لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێویستە کورد ناوماڵی خۆی بەهێزبکات و ئەو کێشانەی هەیە چارەسەریبکات، ئەگەرنا ناتوانێت رووبەڕووی ئەو گۆڕانکارییانە ببێتەوە چ مەسەلەی داعش، دۆسێی نەوت و غاز، شەفافییەت، ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا، دەبێت ئێستا کورد سەرکردایەتییەکی بەهێزی هەبێت و هەموو حزبەکان پێکەوە کۆببنەوە، ئەمە بەیەك کەس ناکرێت، وتیشی: هەستدەکەم جۆرێك لەتاکڕەویی پەیڕەودەکرێت و سەردان دەکرێت و هیچ حزب و لایەنێك ئاگادار نییە، لە سەردان دەگەڕێتەوە ئەگەر کۆبونەوەیەك بکرێت یان نەکرێت، ئاخۆ ئەمە چۆن دەبێت وابێت؟ دیققەت بدەن ئەگەر وانییە حزبێکی وەك یەکێتی لەهەولێر(150) هەزار دەنگی هەیە، گۆڕان و حزبەکان تر، کە ژمارەیەکی زۆر ئەندام و پەرلەمانتاریان هەیە، خێرە ئەم حزبانە رەئیان وەرنەگیرێت؟

### ئەجێنداکانی ئەو سوپایە چین؟

نوێنەری یەکێتی لەئەنکەرە لەبارەی گومانەکان لەسەر پەیوەندیی هاتنی ئەم سوپایە بۆ کەمکردنەوەی گوشاربێت لەسەر داعش، رایگەیاند: لەسەرەتای دروستبوونی داعش و هاتنیان بەرەو کوردستان و گرتنی شەنگال و چەند شوێنێکی تر، لەمیدیاکان و لەهەموو جیهان و لەناو خودی تورکیاش چەند رۆژنامەنووسێکی تورکیا ئەوەیان بڵاوکردەوە، کە ئەو بارهەڵگرانەی چەك و زەخیرەیان تێدابووە بۆ داعش کە ئێستا لەزینداندان، ئەو زانیارییانە و تەنانەت رەخنەکانی وڵاتانی ئەوروپاش بەرامبەر تورکیا، کە هەڵوێستیان نەبووە بەرامبەر بەداعش، لەبەرئەوە

ئەو بابەتەی داعش بابەتێکی ئاڵۆزە و لەو بڕوایەدام هاتنی ئەو سوپایە و بەوقەبارەیە کۆمەڵێك ئەجێندای لەپشتەوەیە، یەکێك لەوانەش رۆژئاوای کوردستانە، بەتایبەت لەدوای دروستبوونی کانتۆنەکانەوە، کە حکومەتی تورکیا زۆر بەئاشکرا دژایەتییان دەکات و دەڵێت: ئەوە قبوڵناکەین شتێکی تر وەك «باکوری عیراق» لەسوریا دروستببێت.

## یەکێتی دژی هاتنی هەموو سوپایەکە

لەبارەی ئەوەش، کە ئاخۆ هەڵوێستی یەکێتی چییە و دوا هەڵوێستی عێراق چی دەبێت، نوێنەری یەکێتی لەئەنکەرە رایگەیاند: کە ئەو ناتوانێت لەجیاتی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بیروڕای هەموو یەکێتی دەربڕێت، بەڵام وتی: «وەك نوێنەری یەکێتی لەتورکیا ئێمە وەك یەکێتی بەشێوەیەکی رەسمی بەهیچ شێوەیەك نەئاگادارکراوین، نەپرسیشمان پێکراوە، نەکەس پێی وتوین سوپای تورکیا دێتە ناو کوردستانی عیراقەوە» راشیگەیاند: ئەوەندەی ئاگاداربێت و سیاسەتی یەکێتیی خوێندبێتەوە، یەکێتی پشتگیریی ئەوە ناکات، کە تورکیا، یان هیچ هێزێکی دەرەکی بێت و لەناوچەیەکی کوردستانی عێراقدا جێگیر ببێت، پێشی وابوو کە لەچەند رۆژی داهاتوودا مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەڕەسمی رای خۆی بەخەڵکی کوردستان رادەگەیەنێت.

بەهرۆز گەلالی وتیشی: ئێستا کاتی ئەوەیە ئەو حزبانەی لەپەرلەمان و حکومەتدان، ئەوانی دیکەش پێکەوە دابنیشن بەرنامەیەك دابنێن، تا ئاگایان لەیەکتریی بێت و پێکەوە نەخشەی داهاتوو دابنێن، بۆ هەر ئەگەرێك خۆیان ئامادەبکەن. کە ئاخۆ

کوردستان لەگەڵ بەغدا بەرەو کوێ دەڕوات، بابەتی نەوت و غاز چی بەسەردێت، پەیوەندییە ئیقلیمییەکانی کوردستان، ئەمە کۆمەڵێك کێشەی گەورەن، کە رووبـەڕووی خەڵکی کوردستان بۆتەوە، خەڵك چوار مانگە مووچەی وەرنەگرتووە و چەندین کێشەی گەورە هەن، کە پێویستە پێکەوە دانیشن و چارەسەرێکی واقیعی بۆ بدۆزنەوە، ناکرێت حزبێك سیاسەتی خۆی بکاتە سیاسەتی هەموو کوردستانی عێراق، یان فەرزی بکات بەسەر حزبەکانی دیکەدا، کە ئەوە قابیلی قبووڵ نییە، چونکە گۆڕانی گەورە بەڕێوەیە، بەڵام کورد خۆی بۆ حازر نەکردووە.

## نابێت هێلکەکان بخەینە سەبەتەی سەرکردەیەکەوە

لەبارەی ئەو رەفتارانەی، کە دەیانەوێت دووبارە دابەشکردنی کوردستان بەسەر دوو زۆنـدا بەرجەستە بکەن، نوێنەری یەکێتی لەئەنکەرە وتی: «وەك ئەندامێکی یەکێتی دژی دوو زۆنی و دوو ئیدارەییم، لەلایەك باسی دەوڵەتی کوردی دەکەین، لەلایەك خۆمان دابەشی بکەین، ئەمە کارەساتە» روونیشیکردەوە، کە نابێت وەك یەکێتی تەسلیمی لایەنێکی سیاسی ببین، نابێت هێلکەکانی خۆمان بخەینە سەبەتەی سەرکردەیەکەوە، دەبێت هەوڵبدەین سیاسەتی خۆمان لای خۆمان بێت. وتیشی: «ئەمەی ئێستا سیاسەتێکی تاکڕەویی تاك حزبییە، دەیەوێت بەسەر حزبەکانی تردا بیسەپێنێت، ئەمەش هیچ پەیوەندیی بەدیموکراسی و خەباتی پەرلەمانییەوە نییەو سیاسەتی هەرێم نییە.

ئەو سیاسەتەی ئێستا پەیڕەودەکرێت لەلایەك کێشەی لەگەڵ پەکەکە و باکوور، لەگەڵ پەیەدە و رۆژئاوا دروستکردووە، دەبێت لەسەر کۆی رێکخستنی پەیوەندییەکان دابنیشین و پێکەوە بزانین

سیاسەتمان چۆن بێت بەرامبەر رۆژئـاوا، پەکەکە، ئێران، تورکیا، سیاسەتمان سەبارەت بەحکومەتی هەرێم، پەرلەمان و حزبەکان، دەبێت یەك سیاسەتمان هەبێت و هەمووشمان بەرگری لێبکەین، بەڵام ئەگەر ئێمە و ئەوانی تر ئاگامان لەهیچ نەبێت بەرگریی لەچی بکەین؟

## نەتوانین بڵێین چۆن هاتووە؟

لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا وتی: بەقسەی تورکیا فڕۆکە روسییەکە(17) چرکە هاتۆتە ناو ئاسمانی خاکی تورکیاوە ئەو کێشەیەی لەسەر دروستبووە، ئەی باشە ئەو هەموو کۆماندۆیەی تورکیا دێتە کوردستانەوە نەتوانین بڵێین چۆن هاتووە؟ لایەنێك بەبێ ئاگاداریی ئەوانی تر بڵێت ئەوە بۆ مەشقپێکردن هاتووە، ئەمە بابەتێکی ئاڵۆزو قبوڵنەکراوە.

لەبارەی پڕۆسەی ئاشتیشەوە لە باکور بەهرۆز گەلالی وتی: «بەداخەوە پڕۆسەی ئاشتی دوای ئەو دوو هەڵبژاردنەی دوایی و نێوان پەکەکەو دەوڵەت بە بنبەست گەیشتووە، ماوەیەکی زۆرە ئەو وەفدەی سەردانی ئیمراڵیان دەکرد رێگەیان پێ نەدراوە بچنە ئەوێ»، هیواشی خواست، کە کەشێکی وا دروست ببێت شەڕ نەمێنێت و پارتی دیموکراتی گەلان بەشێوەیەکی دیموکراسیانە بەشداریی بکەن لەخەباتی پەرلەمانییدا، تا ئەو پڕۆسەیە دەستپێبکاتەوە. وتیشی: «کاتی خۆی جەنابی مام جەلال رۆڵی زۆر گەورەی بینی و ئێمەش هاوکارییان بووین، ئێستاش وەك یەکێتی ئامادەین هەموو کۆمەکێك بکەین بۆ وەستانی ئەو شەڕە».

**کوردستانی نوێ 2015/12/10**

**جەمال ئارێز**

# هەوڵەکانی ئاشتی باکور، مام جەلال رۆڵی گرنگی تێدا بینیوە

*** قسەیەك هەیە دەڵێن تۆ ئەندازیاری دانیشتنەکەی ئۆسلۆ لەنێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا بوویت؟**

- عادەتەن پرۆسەی ئاشتی جوهدێکی گشتییە، بەڵام خۆزگە پرۆسەکە سەربکەوتایە.

*** ئەو دەستپێشخەرییە، دەستپێشخەری تۆ بوو، یان لەسەر داواکاری هەڤاڵ مام جەلال بوو؟**

- هەموو هەوڵدانەکانی ئاشتی باکور، کە هەرێمی کوردستان کردوویەتی، جەنابی مام جەلال رۆڵی گرنگی تێدا بینیوە و ئێمەش شاگردێکی (جەنابی مام جەلال)ین.

*** پرۆسەی چارەسەری وەستاوە؟**

- ئێستا بەداخەوە وەستاوە.

*** کێ هۆکاری وەستانی بوو، پەکەکە، یان دەوڵەتی تورکیا؟**

- ئاشتی هەموو لایەکی پێویستە.

*** هیچ ئومێدێك هەیە بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەکە؟**

- هیوادارم کەشوهەوای سیاسی دوای ئەو هەڵبژاردنە ئەو جەوە بخولقێنێت.

*** ئێستا واقیعێك لە رۆژئاوای کوردستان هەیە، چەند کانتۆنێك دروستبوون، تاچەند ئەگەری گواستنەوەی ئەو واقیعەی رۆژئاوا بۆ باکوری کوردستان هەیە؟**

- ئەمە کەوتۆتە سەر خەباتی دیموکراسی و ئاشتیخوازانەی گەلی کورد لە باکور، ئێمە ناتوانین قەزاوەتی تێدابکەین.

*** وەکو سیاسییەك پێشبینیت بۆ ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە چییە؟**

- هەدەپە سەردەکەوێت.

*** ئایا ئەنجامی هەڵبژاردنی پێشوەختەی تورکیا، تاچەند کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت؟**

- بەدڵنیاییەوە کاریگەی دەبێت.

*** دەوترێت بەشێك لە بێدەنگبوونی لایەنەکانی باشوری کوردستان، دوای رووداوەکەی 12ی ئۆکتۆبەر بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، دەرکردنی گۆڕان لە حکومەت و رێگریکردن لە سەرۆکی پەرلەمان، پەیوەستە بەم هەڵبژاردنەی تورکیاوە، تاچەند لەگەڵ ئەو بۆچوونەدایت؟**

- هیچ پەیوەندی بەم هەڵبژاردنەوە نییە، پێشم باش نییە هیچ لایەك هێلکەکانی خۆی بخاتە ناو سەبەتەی ئەملا، یان ئەولاوە.

*** هەرچەندە ئێستا زووە قسە لەسەر پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی تورکیا بکرێت، بەڵام ئەگەر ئەکەپە نەیتوانی بەتەنها حکومەت پێکبهێنێت، پێتوایە بۆ کورد لە باکوری کوردستان، باشتر وایە ئەکەپە لەگەڵ جەهەپە، یاخود مەهەپە هاوپەیمانی پێکبهێنێت؟**

- پێمباشە هەدەپە لە حکومەتی داهاتوو بەشداریبکات.

*** ئەگەر هەدەپە بتوانێت رێژەکەی پێشتری بەدەستبهێنێتەوە و دەرفەتی چوونە نێو حکومەتی بۆ بڕەخسێت، تاچەند باشە بۆ پرۆسەی چارەسەری و داهاتووی کورد لەباکور؟**

- بەهێزبوونی هەدەپە بۆ دەستپێکردنەوە و سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی زۆر باشە.

*** پێتوایە خۆری ئەکەپە بەرەو ئاوابوون دەچێت؟**

- وەکو جاران بەهێزنین.

*** قسە هەیە پەکەکە لە گەشەکردنی هەدەپە نیگەرانە، بۆچی؟**

- نەمبیستووە و بڕواش ناکەم.

*** لەتورکیا نوێنەرایەتی پارتی و یەکێتی هەیە، بەڵام نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تورکیا نییە، ئایا کێ هۆکارە، هەرێمی کوردستان یان تورکیا؟**

- هەردولا هۆکارن.

*** قسە هەبوو کۆنسوڵخانەی تورکیا لەشاری سلێمانی بکرێتەوە، بۆچی دواکەوت؟**

- ئەو پرسیارە لە وەزیری دەرەوەی عێراق بکە.

**رۆژنامەی روداو 2015/11/2**

# پرۆسەی ئاشتیی لە تورکیا،
# رەنگە 40 ساڵی تری پێبچێت

"پاکێجەکەی ئەردۆگان داخوازییەکانی کوردی نەپێکاوە، بەڵام هەنگاوی پۆزەتیڤە بۆ چارەسەری کێشەی کورد"

لەگەڵ پراکتیزەکردنی پرۆسەی ئاشتی لەتورکیا، قۆناغێکی نوێ سەریهەڵدا، دوای ڕاگەیاندنی پاکێجی دیموکراتیزەکردنەکەی رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیران-یش، مشتومڕو گفتوگۆیەکی نوێ باڵی بەسەر ئەو وڵاتەدا کێشاو دوو بۆچوونی جیاوازی هێنایە ئاراوە، سەرباری هەبوونی ململانێ ناوخۆییەکانی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات لەسەر پرسی پرۆسەی ئاشتی.

پرۆسەی چارەسەری ئاشتی لەتورکیا بەکوێ دەگات؟ ئایا ڕاگەیاندنی پاکێجەکە دەچێتە چوارچێوەی پرۆسەی ئاشتییەوە، لەکاتێکدا هەنگاوی جدی تر هەبوو بۆ سەرخستنی پرۆسەکە؟ رای حزبەکانی ناوخۆ بەرامبەر بە پاکێجەکە چییە؟ تاچەند ململانێکانی نێوانیانی توندتر کردۆتەوە؟

بەهرۆز گەلاڵی ساڵانێکی زۆرە لەئەنکەرەی پایتەختی تورکیایە، واتە لەناو هەناوی دواگۆڕانکارییەکاندایە، لەنزیکەوە چاودێری رەوش و گۆڕانکارییەکان دەکات، سەرەتا لێم پرسی، ڕاگەیاندنی پاکێجەکە چۆن هەڵدەسەنگێنیت و خوێندنەوەت چییە بۆی؟. لەوەڵامدا گەڕایەوە بۆ سەرەتاکانی دەستپێکی پرۆسەی ئاشتی و ئاماژەی بەوەکرد، مەسەلەی ئاشتی ماوەیەکی زۆرە دەستیپێکردووە، پێشئەوەی لە میدیاکانەوە باسی لێوەبکرێت بەنهێنی هەوڵی زۆری بۆ دراوە، پاشان باسی نامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی زیندانیکراوی پەکەکە کرد لە 3/21ی ئەمساڵدا، کە بەشێوەیەکی ئاشکرا

باسی لەپرۆسەی ئاشتی کرد، هەروەها داواکارییەکانی کورد، کە لەچوار خاڵی بنەڕەتیدا خۆی دەبینێتەوە ئەوانیش، پەروەردە بەزمانی دایك، ئازادکردنی زیندانییەکان، مەسەلەی چەسپاندنی ناسنامەی کوردی تورکیا، دەرکردنی لێبوردنێکی گشتی، بۆئەوەی پەکەکەش بتوانێت خۆی بکاتەوە بە رێکخراوێکی یاسایی‌و لەوچوارچێوەیەدا کاری دیپلۆماسی و پەرلەمانی بکات.

دواتر بەهرۆز گەلاڵی، هاتە سەر خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی پاکێجەکە و وتی: کوردەکان لە کوردستانی تورکیا پێیانوایە پاکێجەکەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا داخوازییەکانیان ناهێنێتە دی، ئەو تەمەنناو بۆچوونەی ئەوان هەیانبوو لەپاکێجەکەدا وای لێکدەدەنەوە تیایدا نییە، بەڵام من ئەوەی، کە بینیومە لە پاکێجەکەو خوێندومەتەوە ئەگەر بێتو تەماشای بکەین لەچوارچێوەی پرۆسەی دیموکراسی چەند هەنگاوێکی تێدایە، کە بەڕای من سودی هەیە.

## لایەنی سیاسی و یاسایی

راگەیاندنی پاکێجەکە خوێندنەوەی جیاجیای بۆ کرا، هەندێك پێیانوایە ئەم راگەیاندنە لایەنە سیاسییەکەی زاڵترە وەك لایەنێکی یاسایی تا بتوانرێت بەپێی یاسا پراکتیزەی بکەن، بەهرۆز گەلاڵی لەوبارەیەوە بۆچوونی خۆی خستەڕوو وتی: لە پاکێجەکەدا خاڵی پۆزەتیڤی زۆری تێدایە و بۆ کوردیش باشە، بەڵام ئایا ئەم خاڵە ئیجابیانە لەئاستی داخوازی کوردە؟، ئەوەیان پرسیارێکی ترە بەجێی

دەهێڵین بۆ خەڵك و خاوەنی بڕیاردەر لەکوردستانی تورکیا، کە پەکەکەو پارتی ئاشتی و دیموکراسی (بەدەپە) یە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی چەند خاڵێکی گرنگی تێدایە، کە پێشموایە دێتەدی، بەشێکی زۆری دەبێت بەیاسا بکرێن و ئێستا یاسای تایبەتیان هەیە، پێویستە لە پەرلەمان بگۆڕدرێن، پێشموایە پارتی دادو گەشەپێدان دەتوانن بیگۆڕن لەچوارچێوەی یاسادا دایبڕێژنەوە لەپەرلەمان و دەنگی تەواوی بۆ بەدەستبهێنن، لەلایەکی ترەوە حکومەت و ئەردۆگانیش کێشەی گەورەیان هەیە، قەومییەکانی تورکیا، مەهەپە، جەهەپەو هەندێك رێکخراوی تر دژی ئەوەن، ساڵی داهاتوو دوو هەڵبژاردن لەئارادایە، هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لەمانگی ئازار و هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار دوای چەند مانگێك دەکرێتەوە، ئەمەش وادەکات حکومەت نەتوانێت ئەمانە هەمووی بەیەکجار جێبەجێبکات، خەڵکانێکی تریش هەن بەشێوەیەکی گشتی قبوڵی ئەو پاکێجە دەکەن، شەقامی تورکیا رەنگە 60%ی پشتیوانی لێبکەن، بەڵام دیسان ئایا وەك تورکەکان دەڵێن (یەتەرلیمە) واتە ئەمە بەسە؟، بڕوا دەکەم بەس نەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی میللەتێك کە نزیکە 25 ملیۆنە، پێویستە هەندێك هەنگاوی تر هەڵبهێنرێت.

## راگرتنی کشانەوەی گەریلاکان

پێش راگەیاندنی پاکێجەکە کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە)، پرۆسەی کشانەوەی گەریلاکانی راگرت، چونکە

نەیبینی حکومەت هیچ هەنگاوێکی جدی بۆ پرۆسەی ئاشتی بنێت، ئەم پاکێجە تاچەند دەچێتە چوارچێوەی پرۆسەی ئاشتییەوە؟. لەکاتێکدا هەنگاوی جدی تر هەبوو، وەك ئەوەی عەبدوڵڵا ئۆجەلا بگواسترایەتەوە بۆ ماڵێك، کە تیایدا دەست بەسەر بێت (اقامە جبری) و چەندانی تر.

بەهرۆز گەلاڵی، بۆچوونی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی لەم پرۆسەیەدا بەگرنگ زانی و وتی: عەبدوڵڵا ئۆجەلان بڕیارە بەیانی 2013/10/15 رای خۆی لەسەر ئەو پاکێجە و لەسەر تەواوی پرۆسەکە جارێکی تر رابگەیەنێتەوە، دوو لایەنیش کە دانوستان دەکەن هەموو جۆرە تاکتیکێك بەکاردەهێنن بۆئەوەی کەوا گەورەترین دەستکەوت بەدەستبهێنن، یەکەکە داوادەکات زۆرترین شت بەدەستبهێنێت، حکومەتی دادو گەشەپێدانیش هەوڵدەدات بەکەمترین ریسك لێیدەرچێت، بۆ نەتوانرا پێش 15 ساڵ ئەم هەنگاوانەی ئێستا لەتورکیا بهاویژرێت، بۆ پێش 20 ساڵ کەس نەیدەوێرا باسی کورد و کوردستان بکات، ئێستا دۆخێك لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست و ناوچەکە هاتۆتە پێشەوە، تورکیاش بیری کردۆتەوە پێویستە هەندێك گۆڕانکاری سیاسی بکات، ئەم گۆڕانکاریانە پەیوەندی بەوەوە هەیە، بۆیە بەڕای من تورکیا ناتوانێت پاشەکشە بکات لەو کرانەوە دیموکراسیەی ئێستا هاتۆتەپێشەوە، بەلام رەنگە بەهێواشی بڕوات، ئێمەی کوردیش پێویستمان بەکاتە، من هەمیشە کات بەگرنگ دەبینم، چونکە چەندە پرۆسەی دیموکراسی بۆ پێشەوە گەشەبکات کۆمەڵگە وشیاربێتەوە ئەوەندە قبوڵی

چارەسەری کێشەی کورد زیاتر دەبێت، تائێستا لەناو ئاك پارتی دەتوانم بڵێم 80%ی پارتی دادو گەشەپێدان دەیانەوێت هەنگاو بۆ چارەسەرکردن بنێن، دەشتوانم بڵێم ئەم هەنگاوەی ئەردۆگان دەستپێکێکی زۆر باشە.

## دەرکردن لە لیستی تیرۆر

زۆجار گوێمان لەو رەخنەیە بووە، کە بزووتنەوەی نەژاد پەرستی تورکیا (مەهەپە) و پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) لە ئەردۆگانیان گرتووە، دەڵێن، ئەردۆگان دانوستان لەگەڵ هێزێکدا دەکات، کە لەناو لیستی تیرۆردایە، پرسیم، پێتوانییە دەرهێنانی پەکەکە لەلیستی تیرۆرو راگەیاندنی لێبوردنێکی گشتی گرنگتر بوایە لەو پاکێجەی ئەردۆگان راگەیاند؟، بەهرۆز گەلاڵی لەوەڵامدا باسی لە بۆچوونی ئەو پارتانە کردو وتی: (جەهەپە) خۆی بەرێکخراوێکی سۆسیال دیموکرات دەزانێت، بەڵام زەرەیەك بەرەو چارەسەرکردنی کێشەی کورد نارِوات، هەر هەنگاوێك ئاك پارتی دەینێت، دەربارەی مەسەلەی کورد ئەوان دژین ئەوە مەسەلەیەکە چەند ساڵە براوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی ئەوان هەنگاوەکان بەجدی نازانن خۆشیان هیچ ئەڵتەرناتیڤێکیان نییە، ئەگەر جەهەپە پرۆگرامێکی هەبوایە بۆ چارەسەری کێشەی کورد، خەڵکی بروای پێدەکرد، ئەوان نایانەوێت مەسەلەی کورد لەتورکیا چارەسەربکات، دوای ئەو مەهەپە، کە خۆیان لە قەومییەکانی تورکیا دەبیننەوە، ئەوان هەر دژی ئەوەن لەگەڵ کورد دانیشتن بکەن و باسی وشەی کورد و کوردستان بکەن، لەبەرئەوە بەبۆچوونی من

پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا خۆی خستۆتە سەر سکەیەك رەنگە نزیکەی 40 ساڵی تریش بخایەنێت، ئەوەنییە بڵێی بەشەو و رۆژێك میللـەتێکی چەند سەد ساڵە بە چەند مانگێك و ساڵێك کێشەکەی چارەسەرببێت، ئەمە هەنگاوێکە پشوو درێـژیو رۆحـی هـاوکـاری و دان بەخۆداگرتنی دەوێـت، ئەم هەنگاوانەی ئێستا هەنگاوی باشن، بـەڵام پێویستە باشتربکرێن و زیاتر گوێ لەداخوازییەکانی کوردبگیرێت.. وەك ئەوەی یەکێك لەداواکانی پەکەکە باشکردنی ژیانی بەرێز ئۆجەلانە لەزینداندا، بۆیە ئەمە زیاتر پەیوەندی بە کات و هەردوو لایەنەوە هەیەو پێویستە هەردوولایەنیش بڕواننە بەرژەوەندی خۆیان، ئەکەپەش نایەوێت دەنگ لەدەستبدات، چونکە ئەگەر سبەی رۆژ ئاك پارتی زانی ئەم پرۆسەیە دەبێتە مایەی لاوازبوونی دەنگەکانی، لەوبڕوایەدا رایگرێت.

## لایەنە پۆزەتیڤەکانی پاکێجەکە

نوێنەرەکەی یەکێتی لە ئەنکەرە، باسی لە لایەنە گرنگ و پۆزەتیڤەکانی ناو پاکێجەکە کرد بۆ کورد، ئەو پێیوابوو لە هەرە گرنگترینیان لابردنی ئەو سرودەیە، کە هەموو بەیانییەك منداڵی کورد دەیوت (من تورکم)، هەروەها وتی: یاسایەك هەیە لەتورکیا، هەر پارتێك ئەوکاتە دەتوانێت فراکسیۆن لەپەرلەمان پێکبهێنێت کە 20 کورسی بەدەستهێنابێت، یاخود 17%ی دەنگی لەسەرتاسەری تورکیا هێنابێت لەهەڵبژاردندا، ئێستا ئاك پارتی دەڵێت، من ئەو رێژەیە دادەبەزێنم بۆ 3%، هەروەها گەڕانەوەی ناوی گوندو شارو شارۆچکەکانە بۆ ناوە

کوردییەکانی خۆی، چۆن ئێمە پێشتر دەمانوت کوردستان تەعریب کراوە، لەوەوێش ئەو شوێنانە تورکاوی کراون دەبێت بگەڕێنرێتەوە سەر ناوی خۆی، ئـەوەش دان پیادانانێکە، چونکە بۆ ناوەکان دەگـۆڕن، هەروەها بەکارهێنانی ئەو سێ پیتە کوردییە ئەوانەش پۆزەتیڤن و چەندان خاڵێکی تر، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی خەڵکی تورکیا ئەم هەنگاوانەیان پێخۆشە، ئەگەرچی پێویستبوو پاکێجەکە باسکردن بووایە لە زمانی دایك، چونکە زمانی کوردی وەکو شیری دایك بۆ کورد حەڵاڵە، تاکو کورد بتوانێت بەزمانی کوردی بخوێنێت، هەروەك نوێنەرەکەی یەکێتی باسیشی لەو کێشانەش کرد، کە ئێستا تورکیا لەسیاسەتی دەرەوەو ناوخۆیدا گیرۆدەی بووە، وەك کێشەکانی گەزی پارك، ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆیی، سوریا، ئیسرائیل، میسر، روسیا و یەکێتی ئەوروپا، بۆ حزبێکی وەکو پارتی دادو گەشەپێدان ئاسان نییە بتوانێت بەهەموو ئەو کێشەو گرفتانەی ئێستا هەیەتی، هەنگاوەکان هەمووی جێبەجێ بکات، وتی: راستە ئەوەی لە پاکێجەکەدا هەیە داخوازییەکانی کوردی نەپێکاوە، بەڵام هەنگاوی پۆزەتیڤن بۆ دانانی بەردی بناغەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد.

## راگەیاندنەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان

بەهرۆز گەلاڵی بۆچوونی خۆشی لەبارەی پەیامەکەی سبەینێی ئۆجەلانەوە خستەڕوو پێیوابوو، ئۆجەلان سیاسیانە بیردەکاتەوە نایەوێت ئەم هەنگاوانە کۆتاییپێبێت، رەنگە بڵێت من ناوەڕۆکی ئەو پاکێجەم بەدڵ نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

داوا له‌ حکومه‌ت ده‌که‌م به‌جدی هه‌وڵی ئه‌وه‌ بدات پاکێجێکی تر بێنێته‌ ئاراوه‌، که‌ بتوانێت خزمه‌تی داخوازییه‌کانی کورد بکات، داواش له‌ په‌که‌که‌ بکات ئه‌وان له‌ ته‌ره‌فی خۆیانه‌وه‌ نه‌بنه‌ مایه‌ی تێکدانی پرۆسه‌که‌و به‌رده‌وام بێت، وتی: چاوه‌ڕی ده‌که‌م به‌م ئاڕاسته‌یه‌ بدوێت نه‌ك کۆتایی به‌ پرۆسه‌که‌ بهێنێت.

**نوسینه‌وه‌ی ده‌ستوور**

ته‌وه‌رێکی تر، باسکردن بوو له‌باره‌ی نوسینه‌وه‌ی ده‌ستوور وه‌ك ئه‌وه‌ی چاوه‌ڕوانده‌کرێت ده‌ستوور ته‌واوی هاوکێشه‌ سیاسییه‌کانی ئه‌و وڵاته‌ بگۆڕێت، به‌هرۆز گه‌ڵاڵی وتی: ئه‌و پرسه‌ ئێستا کۆسپی تێکه‌وتووه‌، هه‌موو لایه‌نه‌کان له‌سه‌ر 60 مادده‌ رێککه‌وتوون، به‌ڵام هه‌ندێك مادده‌ی بنه‌ڕه‌تی هه‌یه‌، که‌ ده‌بێت له‌ ده‌ستوور بگۆڕدرێت، نه‌ مه‌هه‌په‌ و نه‌ جه‌هه‌په‌ رازی نین، ئاك پارتیش ده‌یه‌وێت بۆ گۆڕینی ده‌ستوور به‌ره‌یه‌کی بنکه‌ فراوانی هه‌بێت و هه‌موو حزبه‌کان رازی بن، ره‌نگه‌ له‌داهاتوودا بتوانێت ته‌نها ئه‌و خاڵانه‌ هه‌موار بکات، که‌ خۆی ده‌توانێت بیکات. سه‌رۆك وه‌زیـران چه‌ند رۆژی رابردوو داوایکرد ئه‌و 60 خاڵه‌ بگۆڕن پێکه‌وه‌، که‌ هه‌مووی له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی دیموکراسییه‌.

وتیشی: کورد نابێت بێ ئومێد بێت ده‌بێت پشوودرێژ بێت، شـه‌ڕ ده‌ستپێنه‌کاته‌وه‌ ئاگربه‌ست به‌رده‌وامبێت، هه‌وڵبدرێت زیاتر له‌ڕێگه‌ی دیالۆگه‌وه‌ داخوازییه‌کانی کـورد بخرێته‌ڕوو، چـاره‌سـه‌ری کێشه‌ی کـورد چه‌ند به‌ دیموکراسیانه‌ له‌تورکیا گه‌شه‌بکات هه‌رچه‌نده‌ مه‌سه‌له‌ی

کوردی بەرەو پێشەوە بڕوات، ئەوەندە دۆست و هاوپەیمان زیاتر پەیدادەکات، بەشێوەیەکی گشتی و بۆ پارتی ئاشتی و دیموکراسی و بۆ پەکەکە ئەوەی لەبەرژەوەندی مەسەلەکەیە شەڕ دروستنەبێتەوە، چونکە شەڕ دروستبوونەوە ئەو لایەنانە بەهێزدەکات، کە ئاشتییان ناوێت، پێویستە بەهیچ شێوەیەك هەوڵ نەدرێت ئاگربەست لەلایەن کوردەوە پیشێل بکرێت، چونکە تەنها بە دیالۆگ کورد دەتوانێت بگاتە ئامانجەکانی خۆی.

**کوردستانی نوێ 2013/10/13**

**کیسرا ئەحمەد**

# پێویستە تورکیا
# گفتوگۆ لەگەڵ ئۆجەلان بکات

## لە قۆناغی سێیەمدا چاوەڕوانی چەکدانانی پەکەکە دەکرێت

بۆ لەنزیکەوە بەدواداچوونی پرسی ئاشتی لەتورکیا، هەنگاوەکان بۆ چارەسەری ئاشتی کێشەی کورد لە باکور و پێشهاتە سیاسییە گەرمەکان لەو وڵاتە، بەهرۆز گەلاڵی، نوێنەری یەکێتی لە ئەنکەرە، کە دیپلۆماتکارێکی سەرکەوتووی کوردە، پەیوەندی دیپلۆماسی و سیاسی لەگەڵ پارتەکانی ئەو وڵاتەدا بەهێزە، لەبەرئەوەی زیاتر لە 12ساڵە لێپرسراوی نوێنەرایەتی یەکێتی دەکات، لەواقیعەکەدایە زانیاری زۆر وردی لایە لەسەر گۆڕانکاری و پەرەسەندن و هەنگاوەکانی (دەوڵەت و کورد) بۆچارەسەری ئاشتی کێشەی کورد لە باکور، لەم دیـدارەدا تیشکدەخاتەسەر هەنگاوە مێژووی و دیدار و هەوڵەکانی یەکێتی، سەرۆك مام جەلال، کە لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوە کاری لەسەردەکات بۆ چەسپاندنی ئاشتی و دیموکراسی و کۆتایهێنان بەشەڕ .

***بەوپێیەی زیاتر لە 12 وەك نوێنەری یەکێتی لە تورکیان بەوردی ئاگاداری بارودۆخەکەن، خوێندنەوەی بەڕێزتان لە بارەی ئەم قۆناغە نوێیەی چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد چۆنە؟**

- خۆتان دەزانن ساڵەهای ساڵە کێشەی کورد لە تورکیا بەردەوامە، وەك یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لەلایەن جەنابی مام جەلالەوە، هەر لەسەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوە لەسەردەمی ئۆزاڵەوە هەوڵی زۆریداوە، بۆئەوەی کێشەکە

بەشێوەی دیموکراسی و ئاشتیانە و بەدیالۆگ چارەسەربکرێت، ساڵەهای ساڵە کورد داوای مافەکانی خۆی دەکات، کێشەی کوردیش لە ئێستادا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشەیەکی گەورەیە، بۆیە زۆر پێویستە چارەسەربکرێت، ئەم پرۆسەیەش ماوەیەکی زۆرە کاری بۆ دەکرێت، بەقۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوە هەندێجار هەنگاوەکان باش چۆتە پێش، هەندێجار تەگەرەی بۆ دروستکراوە، تەنانەت لە هەندێك قۆناغدا بەهەوڵی جەنابی مام جەلال ئاگربەست ئەنجامدراوە، تا ئێستا نۆجار ئاگربەست کراوە لەلایەن پەکەکەوە، جەنابی مام جەلال لەکۆبونەوە رەسمی و نارەسمییەکان هەمیشە وتویەتی باشترین کەس و تاکە کەس بۆ چارەسەر گفتوگۆکردن و رێککەوتنە لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان، مام جەلال بەردەوام ئەو راستییەی خستۆتەبەرچاو، تەنانەت لە دواین نەخشە رێگایدا، کە ئاڕاستەی سەرۆك وەزیرانی تورکیایکرد، لە رۆژنامەی میللەت بەشێکی لێبڵاوکرایەوە تەئکیدی لێکردبۆوە، لێرەدا ناچمە سەر وردەکاری هەوڵەکانی جەنابی مام جەلال و یەکێتی، کە بەبەڵگەوە لامان پارێزراوە و لەڕۆژی خۆیدا بڵاویدەکەینەوە، دواین هەوڵ ئەمەی ئێستایە و چاوەڕواندەکرێت بەرهەمی هەبێت، دیسانەوە مام جەلال رۆڵی بایەخداری بینیوە، کە وەکو نوێنەر ئاگاملێیە، کە جەنابی مام جەلال لەگەڵ بەرپرسانی باڵایی تورکیا نامەی گۆڕیوەتەوە و گفتوگۆی کردووە، کەس ناتوانێت نکۆڵی لەو راستیە بکات، کە جەنابی مام جەلال ئەندازیاری ئەساسی بووە لە مەسەلەی گفتوگۆ لەنێوان پەکەکە و تورکیا، جەنابی مام جەلال لە

کۆبونەوەکانی ئۆسلۆشدا رۆڵی مێژووی بینیوە، بۆیە دەوڵەت گەیشتۆتە ئەو راستییەی کە کێشەی کورد دەبێت بەئاشتی و دیالۆگ چارەسەربکرێت نەك بەشەڕ، لەوپێناوەشدا هەوڵەکان کەوتۆتەگەڕ و ئەم قۆناغەش تا ئێستا دڵخۆشکەرەیە و باش چۆتەپێش و ئومێدی زۆری لێدەکرێت بەرهەمی هەبێت .

*** پێتانوایە ئەم پرۆسەیە بەچەند قۆناغەکانی دەگاتە بەرهەم و چۆن ڕێککەوتنی لەسەر کراوە لەنێوان دەوڵەت و ئیمراڵی و پەکەکە؟**

- بەپێی رێککەوتننامەی نێوان ئۆجەلان و کاربەدەستانی تورکیا پرۆسەکە بەسێ قۆناغ دەگاتە بەرهەم :

قۆناغی یەکەم: کە لە ناردنی نامەی ئۆجەلان لە نەورۆزەوە دەستیپێکرد، داوایکرد گەریلاکانی پەکەکە بکشێنەوە لەناو قوڵایی خاکی تورکیا، پەکەکەش ئاگربەستی ڕاگەیاند و پاشەکشەی هێزەکانیشی راگەیاند بۆ چونەدەرەوە و بەشێکی زۆریان پێش وادەی 5/8 چونەتە دەرێ .

قۆناغی دووەم: بەپێی رێککەوتننامەی نێوان ئۆجەلان و کاربەدەستانی تورکیا کراوە، دەبێت هەوڵبدرێت داخوازییەکانی کورد لە دەستوری نوێی تورکیا بچەسپێت، کورد دڵنیابکرێتەوە و گرەنتی دەستوری و یاسای پێبدرێت، روونتر قۆناغی دووەم بریتییە لە گۆڕینی کۆمەڵێك یاسا و قۆناغی ئازای بیرورا، گۆڕینی قانونی سزاکان و ئازادکردنی زیندانە کوردەکان و پەرلەمانتارە زیندانیکراوەکان .

قۆناغی سێیەم: پێی دەوترێت قۆناغی ئاسایبوەنەوە، کە زۆرگرنگە، ئەم قۆناغە دەبێت لێبوردنی گشتی بۆ هەموو

پەكەكە دەربكرێت، تاوەكو بێنەوە توركیا و واز لەخەباتی چەكداری بهێنن، وەك موراد قەرەیڵان دەڵێت: چەك دانان واتا ئازادبوونی ئۆجەلان لە زیندان و ئازادكردنی زیندانەكانی تر، گەڕانەوەی پەكەكە بۆ ژێر چەتری خەباتی پەرلەمانی و سیاسی تاوەكو بەشێوەی دیموكراسی كار بۆ بەدەستهێنانی مافەكانیان بكەن .

لەبارەی قۆناغی سێیەوە، گەلاڵی زیاتر دواو وتی: ئەم قۆناغە هەستیار و قورسە لەو قۆناغەدا هەمووان چاوەڕوانی ئـەوەدەكـەن پەكەكە چـەك دابنێت و توركیا بـەكـردار هەنگاوەكان بنێت .

سەبارەت بەئازادكردنی ئۆجەلان رێبەری زیندانیكراوی پارتی كرێكارانی كوردستان (پەكەكە)، رەنگە بكەوێتە كۆتایی و دوای جێبەجێكردنی سێ قۆناغەكە، رەنگە سەرەتا لەخانوویەكی ئاسایی دایبنێن و دواتر ئازازبكرێت، پەكەكەش تەئكیدلەوەدەكاتەوە كە ئەوپرۆسەیە سەرناكەوێت بەبێ ئازادكردنی ئۆجەلان، واتە چەك دانان و ئازادكردنی ئۆجەلان پەیوەندی بەیەكەوە هەیە .

***لە دەستوری توركیا هاتووە»هەركەسێك لە توركیا دەژی توركە» پێتانوایە ئەو ماددەیە چی لێی بەسەردێت؟ ئایا ناوی كورد دەهێنرێت وەك نەتەوەیی دووەم لە توركیا؟**

- كێشەی كورد لە باكور پێیناوەتە قۆناغێكی زۆرتازە و ناگەڕێتەوە دواوە، چارەسەركردنی ئەو كێشەیەش بۆ ئاك پارتی مێژوویيە و گرنگە، بۆیە بەپێی رێككەوتننەكان دەبێت لە دەستوری نوێدا لەلایەن دەوڵـەت و حكومەتی توركیا

داخوازییەکانی کورد دابڕێژێتەوە، وەك گرنتی دەستوری و یاسا، کە کورد پێداگیری لەسەردەکات و لەهەنکاتیشدا ئـاك پارتیشی بـەرنـامـەی هـەمـوراکـردنـەوە و گۆڕینی ماددەکانی دەستوری هەیە، ئێستا لە ماددەی 66دەستوری نوسراوە»هەرکەسێك لە تورکیا دەژی تورکە» ئەو مادەیە نامێنێت و هەمواردەکرێتەوە، بڕیارە وابنوسرێت»هەرکەسێك لە تورکیا دەژی هاوڵاتی کۆماری تورکیایە»کوردەکان بەوە ئاسودەن، داوای ئەوەدەکەن دیموکراتی لە تورکیا بەرەوپێش بچێت، کە دیموکراسی بەروەپێشچوو کوردیش سودمەندبێت لەو دیموکراسییە، واتە بەگشتی قۆناغی دووەم ناساندنی کوردە وەك میللەتێك لە تورکیا، کوردەکانیش وەك خۆیان رایانگەیاندووە و لە نامەکەی ئۆجەلانیشدا هاتووە (یەك وڵات و یەك ئاڵا)مان دەوێت، بەڵام یەك میللەت و نەتەوە نین، واتە بەبێ ئەوەی ناوی کورد ببرێت، دەنوسرێت هەرکەسێك لە تورکیا بژی هاوڵاتی کۆماری تورکیایە، ئەمەش سودمەندە بۆ نەتەوەکانی تر کە زیادتر لە 30 نەتەوە لە تورکیا دەژی، ئێستا کوردەکان بەوە رازین لەکاتێکدا جاران داوای دەوڵەتی کوردستان و فیدڕاڵی و کۆنفیدڕاڵی و ئۆتۆنۆمی، پاشان هاتەسەر ئـەوەی، کە لە شارەکان دەسەڵاتیان پێبدرێت، ئێستا هاتۆتە سەر دیموکراسی مۆدێرنیتە واتە کورد و تورك یەکسانبێت لەماف و ئەرکدا و دیموکراسی پەرەی پێبدرێت، کورد وەك میللەت نەچەوسێتەوە و مافی هەبێت .

بۆ ناوهێنانی کورد لە دەستوردا، بڕواناکەم بنوسرێت تورکیا وڵاتێکە پێکدێت لەتورك و کـورد، ئەم حکومەت

ئەوەی پێناکرێت و میللەتەکەش ئامادەنییە بۆئەوە، بەڵام لە دەستوری نوێدا ناوهێنانی تورکیا وەکو جوگرافی دەهێنرێت نەك نەتەوە، ئەوکات تورکیا دەبێتە ناوێکی جوگرافی نەك نەتەوەیی وەك دەستوری ئێستا، کە تەنها دان بەبوونی تورك دادەنێت و هەمووان بەتورك لە قەڵەمدەدات، بۆ ئەمەش گرنگە لە دەستوری نوێدا کورد و تورك یەکسان بێت لەماف و ئەرکدا، دیموکراسی پەرەی پێبدرێت، کورد وەك میللەت نەچەوسێتەوە و مافی هەبێت .

*** ئەم پرۆسەیە وەك دەزانرێت لەگەڵ ئەوەی لایەنگر و پشتیوان لێکەری هەیە، نەیاریشی هەیە، نەیارانی تاچەند کاریگەریان لەسەر پرۆسەکە کردووە؟**

- پرۆسەی ئاشتی دۆست و دوژمنی هەیە، هەم دۆستی ناوخۆی هەیە هەم نەیاری ناوخۆی هەیە، هەم دۆستی دەرەکی هەیە و هەم نەیاری دەرەکی هەیە، لەبەرئەوە ئاسان نییە، بەقۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت و سەرکەوتنی بۆ کورد بەگشتی قازانجی گەورەی هەیە، بۆیە ئێستا بەرپرسانی تورکیا و پارتی ئاشتی و دیموکراسی بەووریاییەوە لێدوان دەدەن و هەموولایەك کار بۆ سەرخستنی پرۆسەکە دەکەن، بۆ سەرخستنی پرۆسەکەش پەکەکە چەند هەنگاوێکی ناوە، وەك ئاگربەست و دەستکردن بە کشانەوە و دیدار لەگەڵ ئیمراڵی و پێکهێنانی کۆمسیۆن .

لەگەڵ ئەوەشدا لە رێککەوتننامەکانی نێوان ئیمراڵی و کاربەدەستانی تورکیا زۆرشت باسکراوە و بڕاوەتەوە، هەندێك لێدوان شتێکی ئاساییە، بەڵام هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەم

قۆناغه دەبێت زۆر هەستیارانەبێت، یەکەمجارە کە ئاگربەست دەکرێت سوپا هەوڵی تێکدانی نەدابێت، بۆماوەی پێنج مانگیشە تەرمی عەسکەر و سەرباز نەهاتۆتەوە و نەکوژراوە، ئەمەش دەستپێکێکی باشە بۆ سەرخستنی پرۆسەکە و گەیشتنی بەبەرهەم، هەروەها چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا بۆ کورد بەگشتی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق زۆر گرنگە- نزیکەی 20 بۆ 30 ملیۆن کورد لێرە دەژی، کوردی باکور وەك میسری عەرەب وایە مام جەلال هەمیشە دەڵێت: قوڵایی ستراتیژیەتی کورد لە تورکیایە، کورد لەسەدەی 21 چانسێکی باشی بۆهاتۆتە پێشەوە پێویستی بەوەیە سەرکردەکانی کورد لە هەموو پارچەکان بەیەکێتی و یەکگرتووی کار بۆ لێك نزیکبوونەوە و برایەتی بکەن، تاوەکو کێشەکانمان لە رووی سیاسیەوە بچێتە قۆناغێکی نوێوە، دەبێت ناکۆکی و ململانێکان وەلابنرێت کۆڕ و کۆبونەوەی چڕبکرێت .

لەئاستی نێودەوڵەتیش وەك بینیتان ئەمەریکا و ئەوروپا پشتیوانیان لەپرسەکە کرد، ئەمەش هەنگاوێکی گەورە و پاڵپشتییەکی بەهێزە بۆ سەرخستنی پرۆسەکە .

***وەك کەسێکی ئاگادار و نزیك لەسەرۆك مام جەلال ڕۆڵی بەڕێزیان لەم قۆناغە نوێیەدا تاچەند کاریگەری هەیە؟**

- داخوازییەکانی کورد لەباکور کە چەندین دەیەیە خەباتی بۆ دەکەن زۆرنین، بەشێك لەو داخوازیانە لەوڵاتانی ئەوروپا بەخۆپیشاندانێك پێیان دەدرێت، سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیەش سەرکەوتنە بۆ هەموو کورد .

ساڵانێکی دوورودرێژە سەرۆك مام جەلال سیاسەتی

حەکیمانەی خۆی بۆ چارەسەری سیاسییانەی کێشەی کوردانی باکور و پەکەکە بەئاشتی خستۆتەگەڕ، ئەمەش وەك یەکێك لە پرۆژە ستراتیژیەکانی کاری بۆکردووە، بەئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆیی و ئەخلاقی خۆشی زانیوە، هاوکات بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی و چەسپاندنی دیموکراسی بێوچان کاری بۆکردوە، لەمڕووەشەوە رۆڵ و جێدەستی لەهاتنە ئارای ئەم دۆخە نوێیەی رێککەوتنی ئاشتی تورکیا و ئیمڕاڵی و پەکەکەدا بەرچاوە. سەرۆك مام جەلال، کاتی خۆی نامەی نارد بەمندا و تەئکیدی لەوەکردوە، ئەو کێشەیە بەئاشتی چارەسەردەبێت و شەڕ هیچی لێ بەرهەم نایەت، جگەلە خوێن رشتن و زیان، پێویستە گفتوگۆ لەگەڵ ئۆجەلان بکرێت، تەنانەت کاتی خۆی بەشێك لە ناوەڕۆکی نەخشە رێگاکەی مام لە رۆژنامەی میللەتی تورکیا بڵاوکرایەوە، کە رۆژنامەیەکی تورکییە و بەناوبانگە و بەسەرنجدان لەو نەخشە رێگایە تێدەگەیت لێکدانەوە و بیروبۆچوونەکانی مام لەسەرخستنی ئەم قۆناغەدا کاریگەری باشی هەیە، بۆیە دەروی مام جەلال کەس ناتوانێت نکۆڵی لێبکات، هەتاوەکو 12/17 لەگەڵی لەسەرخەتبووم، ئێستا سەرۆك مام جەلال لە نەخۆشخانە ئاگادارکراوەتەوە لەوەی وەفد چۆتە ئیمڕاڵی و گفتوگۆکراوە، پرۆسەی چارەسەری ئاشتی کێشەی کورد لەباکور هەنگاوی باش چۆتە پێشەوە، پێیوتراوە ئەو پرۆسەیە بەرهەمی هەبووە و هەوڵ و کارەکانت بەرهەمی هەبووە .

***هەندێکجار بەبێ مەبەست بێت یان نا رۆڵی سەرۆك مام جەلال نادیدە دەگرن، وەڵامتان چییە؟**

- سەرۆك مام جەلال رۆڵی ئەساسی بینیوە، کاتی خۆی کە جەنابی مام جەلال هات بۆ تورکیا، لە ناوەڕاستی ساڵانی 2000 عێراق و تورکیا هیچ پەیوەندیەکیان نەبوو لەسەر دەعوەتی عەبدوڵڵا گول هات، هاوکات لە ڕێگەی بەڕێزیانەوە چەندین دیدار بۆ بەرپرسانی کورد لەگەڵ تورکیا رێکخرا، دیارە مەسەلەی مێژوویی وون نابن و رەنگە ئێستا رۆژی نەبێت هەموو شتێك بڵاوبکرێتەوە، ئەگەر ویژدان هەبێت و کە بەداخەوە  زۆرکات زوڵم دەکرێت لەمێژوو و بەهەڵە دەنوسرێتەوە، سەرۆك مام جەلال دەوری ئەساسی لەسەرەتاوە تاوەکو ئێستا گێڕاوە، هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵیدابوون و ئێمەش ماوەی 12ساڵە وەك نوێنەر کاری بۆ دەکەین، هەموو زانیاریەکانم نوسیوەتەوە و دیکۆمێنت و نامە و وەڵامەکان و قسەکانمان و دیدارەکانمان لایە لەساڵی  2001ەوە، دیارە ئەمەش مەسەلەیەك نییە کەس بتوانێت بۆخۆی دروستیبکات، هەروەها لەهەردوولاوە لەلایەن دەوڵەتی تورکیا و پەکەکە و کوردانی باکوریشەوە داوا لەسەرۆك مام جەلال کراوە، رۆڵی خۆی بگێڕێت و ببێتە نێوەندگیر و هەردوولاش بەڕێزەوە لەو رۆڵەی دەڕوانن .

*** ئاماژەتان بەقۆناغەکان کرد، ئایا ئەم پرۆسەیە کاتی بۆ دانراوە؟**

- پرۆسەکە کاتی بۆ دانەنراوە، خاڵی گرنگی پرۆسەکەش ئەوەیە کاتی دیاریکراوی بۆ دانەنراوە، بەڵام پێویستی بەکاتە، کۆمەڵگەی تورکی پێویستی بەکاتە نزیکەی 100 ساڵە دەڵێت کورد نییە، هەرچەندە ئێستا گفتوگۆ لەگەڵ

ئیمڕاڵی دەکرێت بەئاشکرا و باس لە جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کورد دەکرێت، لە راپۆرتی کۆتایی یەکێیتی ئەوروپاشدا هەندێك گۆڕانکاری هەبووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە شەمەندەفەرەکە هاتۆتە سەر سکەی خۆی و تەنها پێویستی بەکاتە، ئەگەرنا هەروەك ئاماژەمان پێدا کێشەی کورد پێیناوەتە قۆناغێکی زۆرتازە و کێشەی کورد ناگەڕێتەوە دواوە، مەسەلەکە ناگەڕێتەوە دواوە و تەنانەت بەم هۆیەشەوە پێموایە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ئاك پارتی دەنگی باش بەدەستدێنێت و دەیباتەوە، تەنانەت گەر ئەو پرۆسەیە سەرکەوێت زۆر دەنگ دەهێنێت، چونکە خەڵك و رایگشتی ئاشتییان دەوێت، گەر ئاشتیش لەسەر دەستی ئاك پارتی بێتەدی ئەوە بەدەنگێکی زۆر دەیباتەوە، چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەش بەئاشتی بۆ ئاك پارتی مێژووی و گرنگە .

***ماوەی چەند مانگێکە لەلایەن پەکەکەوە ئاگربەست راگەیندراوە، لەلایەن دەوڵەتەوە هیچ ئۆپەراسیۆنێك هاوشێوەی رابردوو ئەنجامنەدراوە، تاچەند کاریگەری لەسەر لایەنی ئابووری تورکیا هەبووە؟**

- پێشتر جگە لە زیانی گیانی زۆر، تورکیا زیانی ئابووری زۆریشی لێکەوتووە بەهۆی شەڕەوە، ئەم قۆناغەی ئێستا لەڕووی ئابوورییەوە بێگومان کاریگەری باشی هەبووە، بەسەرکەوتنیشی کاریگەرییەکی بەهێزتر و زیاتر دەبێت، دەبێتەهۆی بەرەوپێشچوونی تورکیا و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کوردییەکان بەگشتی .

***تاچەند شەقامی تورکیا پشتیوانی چارەسەری کێشەی کورد دەکات؟**

-: بەگشتی پشتیوانی ئاشتی و کۆتاییهێنان بەشەڕ دەکەن، لە کۆتایشدا بڕوام وایە مەسەلەی چەك دانان بێتەئاراوە و ئۆجەلانیش ئازاد بکرێت .

***مەکتەبی (ی.ن.ك) لە تورکیا تاچەند توانیویەتی کاریگەری نەرێنی هەبێت و بەرهەمی هەبێت؟**

- مەکتەبی (ی.ن.ك) لەسەرەتای نەوەدەکانەوە دروستکراوە، سەرەتا مەرحوم سەرچز قەزار هاتووە، دواتر شازاد سائیب و لە 2001ەوە من هاتووم و لەمێژووی مندا نوێنەرایەتی یەکێتی دەورێکی یەکجار گەورەی بینیوە، لە مەسەلەی بازرگانی و هێنانی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان لەسەردەستی یەکێتی چەندین کۆمپنیای گەورە هاتونەتە هەرێم، وەبەرهێنان دەکەن، هەروەها مەکتەبی (ی.ن.ك) رۆڵی لەنزیککردنەوەی بۆچوون و رای هەردوولا و دروستکردنی پردی پەیوەندی نێوان هەرێم و تورکیا، کورد و تورك، کورد و کورد لەناوچەکە هەبووە، بۆیە لە بەهێزکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ حکومەتی تورکیا رۆڵی باشمان گێڕاوە، زیاتر لە13 بۆ 14 کتێبم نوسیوە بۆ ناساندنی تورکیا لەهەموو بوارەکاندا دەورێکی ئەساسیمان بینیوە، خزمەتێکی زۆرمان کردووە و 12 ساڵم تەواوکردوە و چەندجارێکیش داوامکردوە بگەڕێمەوە بۆ هەرێم لەجەنابی مام جەلال، بۆیە رۆڵی مەکتەبی یەکێتی جێگای دیارە بەتایبەت لەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان کوردانی تورکیا و کوردستانی عێراق، بەخۆشحاڵییەوە

لە پرۆسەی ئاشتی شەخسی خۆم دەوری ئەساسیمان بینیوە لەهاوکاری و یارمەتیدان بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە .

*** لە نەبوونی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم، ئایا ئێوە ئەو ئەرکەتان کەوتۆتە سەرشان و تاچەند توانیوتانە لەمڕووەوە ڕۆڵتان هەبێت؟**

- لە تورکیا نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم نییە، ئەو ئەرکە قورسەشمان ئەنجامداوە، ئێستا کاتی ئەوەهاتووە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە تورکیا بکرێتەوە و تائێستاش نە ئێمە داوامانکردوە و نە ئەوانیش، بەڵام بەهۆی دۆخی سیاسییەوە نەکراوەتەوە، هەرچەندە کونسوڵی تورکیا لە هەولێر کراوەتەوە و پەیوەندییەکان تائەندازەیەکی باش چۆتە پێشەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە پەیوەندییە کولتوری و سیاسی و ئابووری و بازرگانیەکاندا لەسەر ئەساس بەرژەوەندی هاوبەش بووە، هەمیشە ڕەچاوی مافی کوردی تورکیا کراوە لە پەیوەندییەکانماندا و هیچ لەسەر حیسابی ئەوان نەبووە .

*** پەیوەندی ئابووری هەرێمی کوردستان و تورکیا لەچ ئاستێکدایە؟ وەڵامتان بۆئەو قسەیە چییە، کە دەوترێت لەسەر حیسابی کوردانی باکور کارکراوە؟**

- بێشك چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کـورد لە باکور کاریگەری ئیجابی لەسەر پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و تورکیاش لەهەموو ڕوویەکەوە هەیە، 2000 کۆمپانیا تورکیا لەعێراق هەیە، کە زیاتر لە1200 کۆمپانیا لە کوردستانە، قەبارەی ئابووری نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا گەیشتۆتە(12)دوانزە ملیار دۆلار، سیاسەتی نەوتی

هەرێم لەگەڵ تورکیا زۆرباش بەرەوپێشچووە، شەڕەکانی رابردوو بتەوێت و نەتەوێت کاریگەری خراپی لەسەر ئێمە هەبووە، سەرخستنی پرۆسەکە زیاتر دەستمان واڵادەکات بۆ کاری پێکەوەی زیاتر و دەچینە قۆناغێکی تر و کاریگەری راستەوخۆی لەسەر کوردستانی عێراق دەبێت و پشتیوانیەکی گرنگە، لە کۆتایی ئەم دیدارەشدا هیوادارم مێژوو وەکو خۆی بنوسرێتەوە، زوڵمان لێنەکرێت، زۆر ماندوبووین بۆ ئەم پرۆسەیە و سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەش سەرکەوتنە بۆ هەموو کورد .

**ماڵپەڕی مەڵبەند 2013/06/04**

**محەمەد حیکمەت**

# به ئازادکردنی ئۆجەلان چەک دادەنرێت

بەهرۆز گەلاڵی نوێنەر و لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە تورکیا، لە میانەی دیدارێکیدا لەگەڵ SNN لەبارەی پرسی ئاشتی لەتورکیا، هەنگاوەکان بۆ چارەسەری ئاشتی کێشەی کورد لەباکور و پێشهاتە سیاسییە گەرمەکان لەو وڵاتە دەڵێت: کێشەی کورد لەباکور پێیناوەتە قۆناغێکی زۆرتازە و ناگەڕێتەوە دواوە، چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەش بۆ ئاك پارتی مێژووییە و گرنگە.

لێپرسراوی نوێنەرایەتی یەکێتی لەئەنکەرە، وتیشی: داخوازییەکانی کورد لەباکور کە چەندین دەیەیە خەباتی بۆ دەکەن زۆرنین، بەشێك لەو داخوازیانە لەوڵاتانی ئەوروپا بەخۆپیشاندانێك پێیان دەدرێت، سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیەش سەرکەوتنە بۆ هەموو کورد.

گەلاڵی، لەمیانەی دیدارەکەیدا لەگەڵ SNN لەبارەی قۆناغەکەوە پێیوایە: هەڵسوکەتکردن لەگەڵ ئەم قۆناغە دەبێت زۆر بەهەستیارانە بێت، چونکە یەکەمجارە ئاگربەست دەکرێت و سوپا هەوڵی تێکدانی نەدابێت، بۆماوەی چوار مانگەیشە تەرمی عەسکەر و سەرباز نەهاتۆتەوە و نەکوژراوە، ئەمەش دەستپێکێکی باشە بۆ سەرخستنی پرۆسەکە و گەیشتنی بەبەرهەم.

بەهرۆز گەلاڵی لێپرسراوی نوێنەرایەتی یەکێتی لە ئەنکەرە، کە کەسێکی بەئاگایە لەڕووداو و گۆڕانکارییەکان، قۆناغەکانی چارەسەری ئاشتی کێشەی کورد لەتورکیا ئاشکرادەکات، ئاماژە

بەوەدەدات ئۆجەلانیش ئازاددەکرێت، لەمڕووەوە، دەڵێت: **قۆناغی یەکەم**: کە لە ناردنی نامەی ئۆجەلان لە نەورۆزەوە دەستیپێکرد، داوایکرد گەریلاکانی پەکەکە بکشێنەوە لەناو قوڵایی خاکی تورکیا، پەکەکەش ئاگربەستی راگەیاند و پاشەکشەی هێزەکانیشی راگەیاند بۆ چونەدەرەوە و بەشێکی زۆریان پێش وادەی 5/8 چونەتە دەرێ.

**قۆناغی دووەم**: بەپێی رێککەوتننامەی نێوان ئۆجەلان و کاربەدەستانی تورکیا کراوە، دەبێت هەوڵبدرێت داخوازییەکانی کورد لە دەستوری نوێی تورکیا بچەسپێت و کورد دڵنیابکرێتەوە و گرەنتی دەستوری و یاسای پێبدرێت، روونتر قۆناغی دووەم بریتییە لەگۆڕینی کۆمەڵێك یاسا و قۆناغی ئازای بیرورا و گۆڕینی قانونی سزاکان و ئازادکردنی زیندانە کوردەکان و پەرلەمانتارە زیندانیکراوەکان.

قۆناغی سێیەم: پێی دەوترێت قۆناغی ئاسایبوەنەوە، کە زۆرگرنگە، ئەم قۆناغە دەبێت لێبوردنی گشتی بۆ هەموو پەکەکە دەربکرێت، تاوەکو بێنەوە تورکیا و واز لەخەباتی چەکداری بهێنن، وەك موراد قەرەڵان دەڵێت: چەك دانان واتا ئازادبوونی ئۆجەلان لە زیندان و ئازادکردنی زیندانەکانی تر، گەڕانەوەی پەکەکە بۆ ژێر چەتری خەباتی پەرلەمانی و سیاسی تاوەکو بەشێوەی دیموکراسی کار بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان بکەن.

لەبارەی قۆناغی سێیەمەوە، گەلالی زیاتر دواو وتی: ئەم

قۆناغە هەستیار و قورسە لەو قۆناغەدا هەمووان چاوەڕوانی ئـەوە دەکـەن پەکەکە چـەك دابنێت و تورکیا بەکردار هەنگاوەکان بنێت.

سەبارەت بەئازادکردنی ئۆجەلان رێبەری زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، نوێنەری یەکێتی لە ئەنکەرە وتی: ئازادکردنی ئۆجەلان رەنگە بکەوێتە کۆتایی و دوای جێبەجێکردنی سێ قۆناغەکەی پێشتر، رەنگە سەرەتا لەخانوویەکی ئاسایی دایبنێن و دواتر ئازادبکرێت، پەکەکەش جەخت لەوەدەکاتەوە، کە ئەوپرۆسەیە سەرناکەوێت بەبێ ئازادکردنی ئۆجەلان، واتە چەك دانان و ئازادکردنی ئۆجەلان پەیوەندی بەیەکەوە هەیە.

**ماڵپەڕی مەڵبەند 2013/05/18**

**محەمەد حیکمەت**

# سەرۆک تاڵەبانی ئاگاداری هەنگاوەکانی چارەسەری ئاشتی کێشەی کوردانی باکورە

بەهرۆز گەلالی، وەك كەسێكی ئاگادار و نزیك لە سەرۆك مام جەلال، باس لەوەدەكات سالانێكی دووروودرێـژە سەرۆك مام جەلال لە هەولدایە بۆچارەسەركردنی كێشەی كوردانی باكور و پەكەكە، ئەمەش وەك یەكێك لە پڕۆژە ستراتیژیەكانی كاری بۆكردووە، بەئەركێكی نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆیی و ئەخلاقی خۆشی زانیوە، هاوكات بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی و چەسپاندنی دیموكراسی بێوچان كاری بۆكردووە، لەمڕووەشەوە رۆل و جێدەستی لە هاتنە ئارای ئەم دۆخە نوێیەی رێككەوتنی ئاشتی توركیا و ئیمراڵی و پەكەكەدا بەرچاوە.

بەهرۆز گەلالی نوێنەر و لێپرسراوی مەكتەبی پەیوەندیەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان لە توركیا، لەبارەی رۆلی یەكێتی و سەرۆك مام جەلال لە پرسی ئاشتی لە توركیا، هەنگاوەكان بۆ چارەسەری ئاشتی كێشەی كورد لە باكور دەدوێت و زانیاری نوێ ئاشكرادەكات، دەڵێت: ئێستا سەرۆك مام جەلال لە نەخۆشخانە ئاگاداركراوەتەوە لەوەی وەفد چۆتە ئیمراڵی و گفتوگۆكراوە، پرۆسەی چارەسەری ئاشتی كێشەی كورد لە باكور هەنگاوی باش چۆتەپێشەوە، پێیوتراوە ئەو پرۆسەیە بەرهەمی هەبووە، هەولو كارەكانت بەرهەمی هەبووە.

لەمیانەی دیدارێكیدا لەگەل SNN لە ئەنكەرەی پایتەختی توركیا لە دەستپێكی قسەكانیدا، نوێنەری یەكێتی لە توركیا ئاماژەی بەوەدا گشت زانیاری و بەلگەكانی لاپارێزراوە، لە رۆژی خۆیدا بلاویاندەكاتەوە، ئەوەشی خستەڕوو، كە سەرۆك مام جەلال لە سەرەتای سالانی نەوەدەكانەوە لەسەردەمی ئۆزالەوە، سیاسەتی حەكیمانەی خۆی بۆچارەسەری سیاسییانەی كێشەی

کوردانی باکور بەئاشتی خستۆتەگەڕ، پرۆسەکەش چەندین قۆناغی تێپەڕاندوە، تائێستا 9 ئاگربەست ئەنجامدراوە لەلایەن پەکەکەوە، کە سەرۆك مام جەلال کاریگەری زۆری هەبووە، بۆ گەیشتن بەم قۆناغە نوێیەش رۆڵی بایەخداری بینیوە، هەموو بەڵگە و دیکۆمێنتەکانمان لاپارێزراوە و دیارە هەردوولاشیان داوای ئەو نێوەندگیریەیان لێکردووە.

بەهرۆز گەلاڵی نوێنەری (ی.ن.ك) لە تورکیا، سەبارەت بەڕۆڵی یەکێتی و سەرۆك مام جەلال، لە پرسی ئاشتی لە تورکیا و هەنگاوەکان بۆ چارەسەری ئاشتی کێشەی کورد لە باکور، زیاتر دواو وتی: یەکێتی و بەتایبەتی سەرۆك مام جەلال هەوڵی جددی داوە بۆئەوەی پرۆسەکە بەرەوپێشبڕوات، دواین هەوڵ ئەمەی ئێستایە و چاوەڕواندەکرێت بەرهەمی هەبێت، کە سەرۆك مام جەلال رۆڵی بایەخداری تێیدا بینیوە، وەکو نوێنەر ئاگام لێیە، کە جەنابی مام جەلال لەگەڵ بەرپرسانی باڵایی تورکیا بیروڕای گۆڕیوەتەوە و پەیام و نامە و نەخشەڕێگای بۆ ناردوون، لەگەڵ پەکەکەش گفتوگۆی کردووە، بۆیە کەس ناتوانێت نکۆڵی لەو راستیەبکات، کە جەنابی مام جـەلال ئەندازیاری ئەساسی گفتوگۆکانی نێوان تورکیا و ئیمراڵی و پەکەکە بووە، تەنانەت لە کۆبونەوەکانی ئۆسلۆشدا جەنابی مام جەلال رۆڵی مێژووی بینیوە.

نوێنەرکەی یەکێتی باسی لەوەکرد، جەنابی مام جەلال لە کۆبونەوە رەسمی و ناڕەسمییەکان لەگەڵ کاربەدەستانی باڵای دەوڵەت، حکومەتی تورکیا هەمیشە وتویەتی باشترین کەس و تاکەکەس بۆ گفتوگۆکردن و رێککەوتن بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلانە،

جەنابی مام جەلال بـەردەوام ئەو راستییەی خستۆتەبەرچاو، سەرەنجام دەوڵەتیش ئەو رێگا راستەی هەڵبژارد.

گەلاڵی ئاماژەی بەوەشدا پێشتریش بەشێك لە ناوەڕۆکی دواین نەخشەرێگای سەرۆك مام جەلال، لە رۆژنامەی میللەتی تورکیا بڵاوکرایەوە، کە رۆژنامەیەکی تورکییە و بەناوبانگە و نەخشە رێگاکە و لێکدانەوە و بیروبۆچوونەکانی مام لەسەرخستنی ئەم قۆناغەدا کاریگەری باشی هەیە.

لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە تورکیا، ئاشکراشیکرد: دەوری جەنابی مام جەلال کەس ناتوانێت نکۆڵی لێبکات، تەنانەت ئێستاش لە هەنگاوەکان ئاگادارە بەو دۆخەشەوە، کە لە نەخۆشخانەیە، پێیوتراوە ئەو پرۆسەیە بەرهەمی هەبووە، هەوڵ و کارەکانت بەرهەمی هەبووە، ئـاگـادارکـراوەتـەوە لـەوەی وەفـد چۆتە ئیمراڵی و گفتوگۆکراوە و پرۆسەی چارەسەری ئاشتی کێشەی کورد لە باکور هەنگاوی باش چۆتە پێشەوە.

**ماڵپەڕی مەڵبەند 2013/05/23**

**محەمەد حیکمەت**

# کێشەی کورد لە باکور چارەسەربێت، باشور دەچێتە قۆناغێکی نوێوە

ئۆجەلان: «نەخۆشکەوتنی مام جەلال زیانێکی گەورەیە، کە ئێستا دەیتوانی زیاتر یارمەتیمان بدات» مام جەلال لەلایەن دەوڵەت و پەکەکەشەوە داوای ئەو نێوانگیرییەی لێکراوە

رەخسانی دۆخێکی ئارام لە کوردستانی باکوور و کۆتاییهاتن بەشەڕ لەو وڵاتە، جگە لەوەی بەلای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەبێتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ ئارامیی و سەقامگیرییەکی زیاتری باشووری کوردستانیش، بەڵکو هاوکاریی و هاریکاریی خەڵك و هێزە کوردستانییەکانی دیکەی بەئەرکێکی نیشتمانی، نەتەوەیی، مرۆیی و ئەخلاقیی خۆی زانیووە، لەسەرەتای دامەزراندنییەوە هەم بڕوای پێی هەبووە، هەم کاریشی بۆ کردووە، ئێستاش کە بەرەو پێشچوونێك لە تورکیادا سەبارەت بەکرانەوەی زیاتر بەڕووی دیموکراسی و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لەباکوور هاتۆتە ئاراوە، یەکێتی نەك هەر پشتیوانیی لێدەکات، بەڵکو خاوەنداریێتیش لەو هەوڵانەدەکات کە لەساڵی 1993وە بەردەوامەو چ لایەنی دەوڵەت و چ لایەنی پەکەکەش بەپێزانینەوە لەو هەوڵ و رۆڵەیان روانیووە، کە ی.ن.ك و بەتایبەتیش هەڤاڵ مام جەلال خستویێتیە گەڕ بۆ چەسپاندنی دیموکراسی، ئاشتییەکی هەمیشەیی و پێکەوەژیانی هەردوو نەتەوەو کۆتاییهێنان بەخوێنڕێژی. لەوبارەیەوە بەهرۆز گەلاڵی، نوێنەری ی.ن.ك لە تورکیا وەك کەسێکی بەئاگا لەو هەوڵانە، کە بۆخۆشی رۆڵی دیاری هەبووە لەو کایەیەدا، لەوەڵامی پرسیارەکانی کوردستانی نوێ-دا رووناکیی دەخاتە سەر هەندێك لەو هەوڵانە و رەوتی گفتوگۆکان لە قۆناغە جیاجیاکاندا.

***لە بەشێك لە میدیاکانی تورکیاوە بەگشتی قسەوباس گەرمە، لەبارەی گفتوگۆی هەنوکەیی نێوان ئیمرالی و دەوڵەتی تورکیا، سەردانە مەکۆکییەکانی لێپرسراوانی BDP بۆ لای بەڕێز ئۆجەلان و لێپرسراوانی قەندیل، لەو رووەشەوە هەر کەناڵ و رۆژنامەیەك بەجۆرێك سیناریۆو شرۆڤەی ئەو گفتوگۆیانە و سەرەنجامەکانیان دەکەن، بەڕێزتان وەك کەسێکی ئاگادار لەرەوتی گفتوگۆکان چ سەرنجێکتان لەبارەی قسەوباسی میدیاکانەوە هەیە؟**

-بەرلەوەی بچمە ناو وردەکارییەوە، تەئکید دەکەمەوە کە بەشێکی زۆر لەمەحزەری ئەو کۆبوونەوانە و وردەکارییەکانی، ئاڵوگۆڕی نامەکانی قەندیل- دەوڵەت- ئیمرالی و بەدیکۆمێنت لەلای بەندە هەیە، کە هەر لە سەرەتایی 2002وە ئەم بیرۆکەیە دەستپێکرد، بەشێکی ئەوانەی لە میدیاکانەوە بڵاودەبنەوە شرۆڤە، تێڕوانین، قسە و تەعبیرن لە بۆچوونی ئەو نووسەر و رۆژنامەنووسانە، بۆیە من لە دوایین هەوڵەوە دەستپێدەکەم، لە نیسانی 2012دا پارتی کرێکارانی کوردستان، جارێکی دیکە داوایان لە جەنابی مام جەلال کردەوە، کە بێتەوە ناو مەسەلەکەوە تا دەوڵەتی تورکیا قایلبکات گفتوگۆکانی ئۆسلۆ زیندوو بکاتەوە، داواشیانکرد کە هەوڵبدات لێپرسراوانی تورکیا رازیبکات، کە ئەو دابڕینەی بەڕێز ئۆجەلان هەڵبگرن و بەڵێنیشیاندا، کە ئەوان ئامادەن هەنگاوی جدیی بنێن، بەڵام با دەوڵەتیش هەندێك هەنگاوی جیدی بنێت و ئەو توندوتیژییە کۆتایی پێبهێنرێت، کە لەنێوان هەردوولادا دروستبووە.

## ئامادەین نێوانگیریی بکەین

بۆئەو مەبەستەش جەنابی مام جـەلال کە ئەوکات لە سلێمانی بـوو، داوایلێکردم بێمەوە بۆ سلێمانی و لەبۆچوونی منی پرسی سەبارەت بەو داوایـەی پەکەکە، بەندەش بەڕاشکاوانە پێموت: ئەگەر پەکەکە بەڕاستیانە لـەو مەسەلەیەدا بۆنا؟ چونکە پێشتر چەندین جاریتر هەوڵوماندوبوونی زۆرمان دابوو، بەڵام بەداخەوە، کە نزیك دەبوو لەئەنجام! لەپڕ روداوێکی شەڕ لەلایەن هەردولاوە رویــدەدا، سەرلەنوێ ریسەکە دەبویەوە خـوری، کۆسپ و تەگەرە دروستدەبونەوە لە پێش پرۆسەکە، ئیتر بەر لە سەفەری یەکەمی مام بۆ بەرلین بۆ نەشتەرگەرییەکەی ئەژنۆی، برادەرانی پەکەکە پەیوەندییان پێوە کردبۆوە و پێیانوتبوو ئێمە جدین لەو مەسەلەیەدا. ئەوەبوو کە لەئەڵمانیا بوو دوای نەشتەرگەرییەکە جارێکی تر ناردی بەشوێنمدا، پەیامێکی دامێ تا بە لێپرسراوانی تورکیای رابگەیەنم، کە پەکەکە سەبارەت بەدووبارە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان داوایـان لەمام جەلال کردووە رۆڵێك ببینێت، بکەوێتە نێوانەوە و ئەوانیش (واتا پەکەکە) ئامادەن هەندێك شتبکەن، هەروەها مام وتـی: «پێیان رابگەیەنە ئەگەر تورکیاش دەیەوێت بەئاشتی مەسەلەکە چارەسەر بکات، وەك چۆن لە 2002 دەستمانپێکرد تاگەیاندنی بەکۆبوونەوەکانی ئۆسلۆ و تاساڵی 2011.ئێستاش ئامادەم»، هەروەها سەرۆك تاڵەبانی رایسپاردم کە ئەوەیان بەبیربهێنمەوە، کە کاتی خۆی لەسەردەمی سەرۆکی کۆچکردوو تۆرکوت ئۆزال-

یش یارمەتیی داون و وتی: «پێیان بڵێ ئەگەر ئێستاش برا تورکەکان رازین، ئەوا هەوڵی خۆمان دەخەینەگەڕ بۆ زیندووکردنەوەی دانیشتنەکانی  پێشوو.

***سەرۆك مام جەلال لەو دۆخەدا هیچ نەخشە رێگایەکی هەبوو بۆ چۆنێتی دەستپێکردنی هەنگاوەکان لە حاڵەتی رازیبوونی لێپرسراوانی تورکیادا؟**

-دیارە سەرۆك مام جەلال بەوپێیەی سەرۆك کۆماری عیراقیشە ئەو ئەرکە هەم بۆ ئەو ئاسان بوو، وە هەم قورسیش بوو، ئاسانە، چونکە دەتوانێت یەکسەر ئاڵوگۆڕی نامە لەگەڵ لێپرسراوانی باڵاو خاوەن بڕیاردا بکات، قورسیشە، چونکە لەڕووی پرۆتۆکۆڵەوە ئەوە مەسەلەیەکی ناوخۆیی تورکیایە، بەڵام پێشتر سەرۆك مام جەلال داوای ئەوەی کرد، کە داخۆ برا تورکەکان رازین من جارێکیتر بکەومە نێوانیانەوە؟ بۆیە ئەو ئەگەرەشی خستەپێشچاوو وتی: «ئەگەر رازیـی بن من بەنیازم نامەیەك بنووسم، بۆچوونەکانی خۆمی تێدا باسبکەم» بەڵام وتیشی: بەو سیفەتەی بەندە سەرۆك کۆمارم «لێیان بپرسە نامەکە بۆ کێ ئاڕاستە بکەم؟ بۆیە بۆ نوسینی نامەکەش چاوەڕوانی وەڵامی تورکەکان بوو.

***کەی پەیامەکەی سـەرۆك مام جەلال-تان گەیاندە لێپرسراوانی ئەنکەرە، وەڵامی ئەوان تاچەند دڵخۆشکەربوو لەوبارەیەوە؟**

-هەر یەك رۆژ لەدوای گەڕانەوەم لە بەرلین بۆ ئەنکەرە واتە رۆژی 2012/6/14 پەیوەندیم بەلێپرسراوانکرد، ئەوانیش دوو لێپرسراویان بۆ دەستنیشان کردم، کە لەگەڵیان دابنیشم

و پەیامەکەی سەرۆك مام جەلال-یان پێ رابگەیەنم، دیاربوو ئەوانیش پەرۆشییەکیان هەبوو، چونکە هەر ئەو رۆژە بۆ ئێوارەکەی ئەو دوو لێپرسراوەی دەوڵەتم بینی، پەیامەکەم پێ راگەیاندن‌و ئاگاداریان کردمەوە، کە وەڵامەکەم پاش چەند رۆژێك دەدەنەوە.

ئەوەبوو پاش تاوتوێکردنی لەلای خۆیان و بڕیاردان لەسەر مەسەلەیەکی وا هەستیار کەمێك بابەتەکە دواکەوت، بەڵام پاش نزیکەی مانگ و نیوێك دروست لەرۆژی 2012/7/31 رۆژێك بەتەلەفۆن ئاگاداریان کردمەوە سەبارەت بەوەی بەرپرسێکی باڵاتر دەیەوێت ببینێت بۆ تاوتوێکردنی پەیامەکەی مام، بۆئەوەش رۆژی 2012/8/8 دیاریکرا، منیش دەستبەجێ بەتەلەفۆن جەنابی سەرۆك مام جەلال-م لە وادەی دانیشتنەکەم لەگەڵ ئەو لێپرسراوە ئاگادارکردەوە و فەرمووی بچۆ.

*** تاچەند دیدارەکەتان لەگەڵ لێپرسراوەکەی تورکیا گەشبینیکردن بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی هەوڵەکان لەلایەن سەرۆك مام جەلال-ەوە؟**

-لێپرسراوەکەی تورکیا زۆری پێباشبووو، ئەگەرچی هەندێك تێبینیان لەسەر ئەوە هەبوو، کە گوایە پەکەکە جدی نین لەو مەسەلەیەدا، بەڵام پێی وتم: «بە ساین تاڵەبانی بڵێ بڕوامان بەهەوڵ و تەقەللاکانی ئەو هەیە، پێشی رابگەیەنە کە نامەکە بۆ فلانەکەس(......) بنوسێت. کە ئێستا پێم باش نییە ناوی ئەم لێپرسراوانە بدرکێنم، چونکە ئەم پڕۆسەیە نەیاری زۆرە. دەستبەجێ پاش کۆبوونەوەکە،

بەتەلەفۆن پەیوەندیم بەسەرۆك مام جـەلال-ەوە کردو پێموت: «دیدارەکەم لەگەڵ لێپرسراوەکەی دەوڵەت باش بووە».

بـۆ رۆژی دواتــر چــوومــەوە بـۆ بەرلین، کۆنووسی دیدارەکەشم برد بۆ سەرۆك مام جەلال، پێش رۆیشتنیشم بەڕێز ئەحمەد تورکم بینی، پوختەیەکم لەبارەی دیدارەکەم لەگەڵ لێپرسراوانی دەوڵەت بۆ باسکرد، ئەوانیش زۆریان پێخۆشبوو بەلاشیانەوە هەنگاوێکی گرنگ بوو. مام زۆر بەو ئەنجامە دڵخۆش بوو، بۆیە پاش مانەوەم بۆ چەند رۆژێك لەوێ، هەرچەندە تەندروستیشی زۆرباش نەبوو، چونکە زۆرنەبوو نەشتەرگەرییەکەی بۆئەنجامدرابوو، بەڵام لەگەڵ ئـەوەش رۆژی 2012/8/15 نامەکەی بۆ نوسیم، هەمان رۆژ گەڕامەوە بۆ ئەنکەرە و رۆژی 2012/8/16 نامەکەم گەیاندە لێپرسراوانی تورکیا. کە لەنامەکەدا» کە کۆپییەکی لای منە» سەرۆك تاڵەبانی نوسیویەتی: « هەقە کێشەی کورد چارەسەر بکەیت، من ئامادەم بۆ چارەسەر هاوکاریت بکەم» لەبەشێکی دیکەیدا هاتووە «باشترین کەس بۆ گفتوگۆ بەڕێز ئۆجەلانە»، هەروەها لەبارەی چارەسەرەوە نوسیوێتی: «مەسەلەی بوونی کورد لە دەستوور، دانانی ئۆجەلان لەخانوویەك، مەسەلەی لێبووردنی گشتی، پاشان مەسەلەی چەکدانانو هەندێك شتی دیکە».

***ئایا قەندیل و سەرکردەکانی پەکەکە تاچەند ئاگایان لەم هەوڵانە بوو، یان تاچەند وردەکارییەکەیان دەزانی؟**

-رۆژی 8/16 دوای رادەستکردنی نامەکە بۆ لێپرسراوانی

دەوڵـەت، من بەمەبەستی نزیکبوونەوەی وادەی جەژن گەڕامەوە کوردستان بۆ هەولێر و سلێمانی، کە گەیشتمە سلێمانی بەڕێز مامۆستا حەمە ئەمین پێنجوێنی-م بینی، هەوڵەکانی ئەو ماوەیەم وەك پەیامێك پێڕاگەیاند، تا بیگەیەنێتە برادەرانی قەندیل.

لە رۆژانی جەژن لە هەولێر بووم، لێپرسراوانی تورکیا پەیوەندییەکی تەلەفۆنیان پێوەکردم، تا وادەیەکی بینینی سەرۆك مام جەلال-یان بۆ رێکبخەم، بۆئەوەی لە نزیکەوە گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن و منیش هەمان رۆژ بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵ جەنابی مام جەلال کرد، رەزامەندیم بۆ وەرگرتن و وەفدەکە رۆژی 2012/8/31 چوونە لای سەرۆك لە بەرلین، لەوێ پاش گفتوگۆیەکی سەرکەوتوو و تاوتوێکردنی دۆخەکە سەرۆك تاڵەبانی نەخشەڕێگەیەکی سەبارەت بەئاشتی و چارەسەری کێشەکان پێڕاگەیاندبوون.

***ئەو نەخشە رێگەیە تائێستا لەلایەن لێپرسراوانی تورکیا و پەکەکەوە تاچەند کاری لەسەرکراوە، تاچەند پەکەکەش هاوکارن لەو پرۆسەیەدا؟**

-لە دوای ئەو دیدارەی سەرۆك تاڵەبانی-یەوە، وردە وردە کۆبوونەوە لە نێوان لێپرسراوانی تورکیا و بەڕێز ئۆجەلان بەنهێنی دەستپێکرد، رۆژی 2012/9/17، کە مام لە بەرلین گەڕایەوە بۆ سلێمانی، بۆ رۆژی دواتر داوایلێکردم، کە بەندە، ئەحمەد تورك و ئایسەڵ تۆغلۆك بگەینە سلێمانی، لەوێ باسی وردەکاریی دیدارەکەی خۆی و لێپرسراوەکەی ئەنکەرەی کرد، کە لە بەرلین بینیووێتی، لەو دیدارەدا تورك و تۆغلۆك زۆر

سوپاسیان کردوو داوایانلێکرد، کە بەردەوام لەگەڵ قەندیل و ئەنکەرە ل پەیوەندیدا بێت، تا چیتر ئەو گفتوگۆیانە کۆسپیان نەیەتەڕێ، مام لەو دیدارەدا ئەوەشی ئاشکراکرد، کە بەر لەدوو رۆژ نوێنەرێکی سەرکردایەتی پەکەکە هاتۆتەلای، رەزامەندیی خۆیان لەسەر هەوڵەکان دەربڕیووە، هەربۆیە مام پێی وتم: «کە گەڕایتەوە بە لێپرسراوانی تورکیا رابگەیەنە کە رای ئۆجەلان، رای قەندیلە و ئەوان بەقسەی ئۆجەلان دەکەن، هەوڵی هەمووشمان بۆ چارەسەری کێشەی کوردە و ئاشتییەکی راستەقینەیە، بۆیە باشترین کەس بۆ گفتوگۆ بەڕێز ئۆجەلانە».

***لەو ماوەیەی کە بەڕێزان تورك و تۆغلوك لەسلێمانی مانەوە، هیچ دیدارێکیان لەگەڵ لێپرسراوانی پەکەکەدا نەکرد؟**

-بەڵێ، دوای دوو رۆژ مانەوەیان لە سلێمانی، دوو برادەریان هات بۆلامان و ئەوان بەجیا، منیش بەجیا لەگەڵیاندا دانیشتین، هەموو قسەکانی خۆمان پێڕاگەیاندن و لە گەڕانەوەشمدا بۆ ئەنکەرە ووردەکاریی سەردانەکە و ئەنجامەکانیم پێڕاگەیاندن، لەوەبەدواوە گفتوگۆی ئیمڕالی دەستیپێکردەوە و تائەمڕۆش بەردەوامە، تەنانەت مام لە چاوپێکەوتنێکی، کە لەگەڵ رۆژنامەنوس حەسەن جەمال لە2012/11/16 لە رۆژنامەی میللیەتی تورکی لە سلێمانی ئەنجامیدا، باسی هەندێك لە هەوڵ و سەرنجەکانی خۆی دەربارەی پرۆسەکە بۆ حەسەن جەمال کردبوو. رۆژنامەی میللیەتیش نەخشەڕێگاکەی جەنابی مامی رۆژی دوایی وەك

خۆی بڵاوکردبۆوە. کە چەند پەیامێکیشی بۆ کاربەدەستانی تورکی و پەکەکە تێدابوو، بەڵام بەداخەوە جەنابی مام جەلال لـە2012/12/17 کتوپڕ رەوشی تەندروستی خراپ بوو! ئەگەرنا هێشتا بەرنامەی تر هەبوو کە لە سلێمانی ئەنجامبدرێت و دەیتوانی زیاتر هاوکاری پرۆسەکە بکات.

***تاچەند سـەردانـەکـەی ئەحمەد تـورك بۆ ئیمرالی پەیوەستبوو بەدیدارەکەی لەگەڵ سەرۆك مام جەلال و ئەم دووبرادەرە؟**

-خـودی بەڕێز ئۆجەلان لە گفتوگۆکانی لە ئیمرالی لەگەڵ لێپرسراوانی تورکیادا، بەناو داوای بینینی ئەحمەد تورکی کردبوو، هەروەك وتبووی با ژنێکیش لەسەرکردەکانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی لەگەڵیدا بێت، ئەوەبوو رۆژی 2013/1/3 ئەحمەد تورك لەگەڵ ئایلا ئاکات-دا چوون بۆ ئیمرالی دیدارەکەیان سەرەتا بەئامادەبوونی لێپرسراوانی تورکیا بووە، بەڵام دواتر بۆ ماوەی دوو سەعات بەتەنیا لەگەڵ ئۆجەلان کۆبوونەوە، ئەم سەردانەش بۆ ئەوەبوو، کە وردەکاریی گفتوگۆکانی بەڕێز ئۆجەلان بگەیەننە قەندیل و نوێنەری پەکەکە لە ئەوروپاش.

***لێرەو لەوێ بۆ چەواشەکردنی رای گشتی کوردستان، نادیدەگرتنی رۆڵی سەرۆك مام جەلال لە هەندێك میدیاوە قسەوباسی زۆر دەکرێت، چی بەوجۆرە میدیایانە دەڵێیت وەك کەسێکی ئاگا لە وردەکارییەکانی ئەو پرۆسەیە؟**

-کێشەکە کێشەیەکی دێرین و مێژووی و کێشەیەکی ئاڵۆزە، بەڵام مام جەلال هەر لەسەرەتاوە پشتگیر، پشتیوانی

ئاشتی، گرتنەبەری خەباتی دیموکراسی و دیالۆگ بوو، دیارە خەڵکێکی زۆر لە ڕووناکبیر و کەسایەتی سیاسیی دیموکراتخوازی کورد و تورکیش لەم بۆچوونەدا هاوڕابوون، ئەگەرچی بەهۆی ئاڵۆزیی و تەمەنی کێشەکەوە قسەکردن لەسەر ئاشتی و چارەسەری دیموکراتیانە بوێرییەکی سیاسیی دەوێت، بەڵام ئەم هەوڵانەی سەرۆك مام جەلال لەساڵی 1993وە لەسەر داوای خوالێخۆشبوو سەرۆك ئۆزال دەستپێکردووە، شانی داوەتە بەر ئەو ئەرکەو هەرگیزیش چاوەڕوانی سوپاسی هیچ کەسێك نەبووە، بەئەرکی نیشتمانی، نەتەوەیی و مرۆیی خۆیی زانیووە تا چیتر مرۆڤ نەکوژرێت، هەر بەو هەوڵە سەرەتاییە لەو دۆخەی ئەوسادا توانیی بەڕێز ئۆجەلان رازیبکات کە لە 1993/3/16دا بۆیەکەمجار ئاگربڕ رابگەیەنێت، بەڵام بەهۆی ڕووداوێکی سەربازیی لە ئایاری هەمان ساڵدا پڕۆسەکە وەستا.

### ناکرێت خەباتی پەکەکەش فەرامۆش بکرێت

لەهاتنە سەرکاری پارتی دادوگەشەپێدانیشەوە لەساڵی 2002 جارێکی دیکە ئەو پڕۆسەیە پێی نایە قۆناغێکی نوێوە، ئەردۆگان و پارتەکەی لە گرنگی پێویستیی چارەسەری کێشەی سیاسیی کورد لە تورکیا تێگەیشتن، زیاتر هەنگاویان نا بۆ کرانەوەی دیموکراسی، هەنگاونان بۆ دیالۆگ، وتارە مێژووییەکەی ئەردۆگانیش لە دیاربەکر لـە2005/8/12 کە وتی: «لەتورکیا کێشەی کورد هەیە، کێشەی کوردیش کێشەی منە».

هەروەك ناشكرێت رۆڵ و خەباتی خۆڕاگریی پەکەکە و عەبدوڵلا ئۆجەلان-یش لە زیندان لە بەرەوپێشبردنی خەباتەکەیان و داخوازییەکانی کورد فەرامۆشبکرێت، بەڵام لێرەدا قسە لەسەر رۆڵی جەنابی مام جەلال-ەو ئەو بەدرێژایی ئەو ماوەیە هەر بەردەوام بووە لەهەنگاونان بۆ زەمینە خۆشکردن، لێکنزیککردنەوەی بۆچوونەکانی هەردوولا، بەندە بەدیکۆمێنتەوە شاهیدی زیندووم، کە لەهەردوولاوە تەکلیفکرا کە رۆڵی خۆی ببینێت.

بەڵام بەداخەوە لەم چەند رۆژەی دواییدا هەندێك دەیانەوێت هەموو ئەو هەوڵانە لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بشێوێنن، ئەمڕۆ کە پڕۆسەکە لە سەرەتای رێگادایە ناکرێت باسی هەمووی بکەین و بچینە ناو وردەکارییەوە، چونکە چۆنێتی دەستپێکردن، هاتن و چوون، کۆبوونەوە و گفتوگۆکان، دیکۆمێنت و نامەکان، کۆنووسی کۆبوونەوەکان هەمووی لەئەرشیفەکەی بەندەدا پارێزراون، رۆژی خۆی دێت ئەم بەڵگەنامانە هەمووی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان روونبکرێنەوە، جەنابی مام جەلال و بەندە ئاگاداری زۆربەی هەرەزۆری وردەکاریی و نهێنییەکان و هەنگاوەکانی پشتی پەردەین.

***دوای دیدارەکەی ئۆجەلان و تورك هیچ وردەکارییەکتان دەستکەوتووە، لەبارەی تێڕوانینی بەڕێز ئۆجەلانەوە سەبارەت بەچارەسەری پرسی کورد، جدییەتی دەوڵەتی تورکیا لەوبارەیەوە؟**

- واهەستدەکەم پێی وایە، دەوڵەت و حکومەت ئێستا

ناتوانن لەزەرفی ئەمڕۆ بەو مەرجانەی کە هەیە چارەسەری کێشەی کورد بەتەواوی بکرێت، یان لە دەستووردا بنووسێت، کە کورد لە تورکیادا هەیە و شەریکن لەم وڵاتەدا، بەڵکو دەنووسرێت هەموو کەسێك، کە لەتورکیا دەژی، هاووڵاتی کۆماری تورکیایە، پێیان وایە ئەمڕۆ ئەمە بۆ کورد باشە، چونکە چیتر کورد بەتورك ناناسرێت، چونکە ناشتوانێت ناوی هەموو نەتەوەو رەگەزەکان لە دەستووردا بنووسرێت، هەروەك پێیوایە کە سێ ساڵی رابـردوو لەدەستچووە و گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی، کە دەبێت شەڕ بووەستێت، چونکە کێشەکە بەخەباتی بەئاشتی، دیموکراسی و خەباتی پەرلەمانی بەرەوپێشەوە دەچێت، بەڕێز ئۆجەلان لە دیدارەکەیدا بە ئەحمەد تورکی وتـووە» داواکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەمڕۆ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کارێکی زەحمەتە، کورد تووشی ماڵوێرانی دەکات، هەلومەرجی ئەمڕۆی سیاسەتی نێودەوڵەتیش لەبارنییە بۆ درووستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کـورد»، لەبارەی دۆخی خۆشییەوە ئەحمەد تورك وتی : «هیچی بۆخۆی داوا نەکردووە، وتوویەتی من تەنیا کیشەی کوردم بەلاوە گرنگە، خۆم هیچم ناوێت».

ئەحمەد تورك دوای دیدارەکەی ئەوەشی وت «ئەو داوایـانـەی ئۆجەلان قـورس نین بۆ دەوڵــەت، بۆئەوەی ئەمانەش بگاتە ئەنجام پێویستە پەکەکە پاشەکشە لەناو خاکی تورکیا بکات، لە نەورۆزدا ئاگربڕ رابگەیەنن و لەشەڕ دووربکەونەوە».

هەروەك ئەحمەد تورك ئاماژەشی بەوەکرد، کە بەڕێز

ئۆجەلان زۆر خەمباربووە بۆ دۆخی تەندروستیی جەنابی مام جەلال و هیوای زوو چاکبوونەوەی بۆ خواستووە و وتوویەتی: «ئەو نەخۆشکەوتنەی زیانێکی گەورەیە، کە ئێستا دەیتوانی زیاتر یارمەتیمان بدات، چونکە ئەو هەمیشە پشتگیر و پشتیوانی کوردی تورکیا بووە».

سوپاستان دەکـەم بۆ ئەم چاوپێکەوتنە و بێگومان وەڵامەکانم بەشێکن لەچوارچێوەی ئەم هەنگاوانەی کە بەندە لێیان ئاگادارم وبەس...

لەکۆتایدا دەڵـێـم، ئەگەر کێشەی کـورد لە تورکیا چارەسەربکرێت، بە دڵنیاییەوە ئاسۆی دوارۆژی هەرێمی کوردستان پێدەنێتە قۆناغێکی زۆر تازەوە.

**کوردستانی نوێ 2013/4/3**

جەمال ئارێز

# بەهاری کوردی لە تورکیا دەستیپێکردووە

بەهرۆز گەلالی لێپرسراوی نوێنەرایەتی ئەنکەرەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان رایدەگەیەنێت، دوو ساڵە ئەردۆگان لە هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد پاشگەزبووەتەوە و هیچ هەنگاوێکی دڵخۆشکەری نەناوە.

ئاماژە بەوەیش دەکات هەر هەوڵێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بێ بەشداری و گفتوگۆ لەگەڵ پەکەکە ئەنجامی نابێت.

گەلالی پێیشیوایە بەهاری کوردی بەجۆرێك لە جۆرەکان دەستیپێکردووە، ئـەوەش دەخـاتـەڕوو پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا لەسەر بنەمای بەرژوەندی هاوبەشە.

*** رەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی 2005 وتی کێشەی کورد کێشەی منیشە، بەجددی هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی دەدەم، بەپێی واقیع و چاودێرانی سیاسی ئەم بەڵێنە پشتگوێخراوە و هەوڵی چارەسەرکردنی نادرێت، پێتوایە هۆکاری ئەمە چییە؟**

- بەڵێ راستە ئـەردۆگـان لە 2005/5/11 لە ئامەد وتی: کێشەی کورد کێشەی منە و پێویستی بە چارەسەرە، وتیشی دەوڵەتی گەورە دەبێت ئەم جۆرە کێشانە بەزوویی چارەسەربکات. لە ساڵی 2002ەوە، کە پارتی دادوگەشەپێدان حوکمی گرتەدەست کۆمەڵێك هەنگاوی باش و گرنگ بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردنران، سەرەڕای ئەو

هەموو کێشانەی رووبەرووی ئەم پرۆسەیە بووەوە، دەتوانین بڵێین بەرەوپێشچوونێکی باش هاتەکایەوە. بەڵام دوو ساڵی رابردوو کۆسپ و تەگەرەکان زیاتربوون و بوونە هۆی ئەوەی پرۆسە و هەوڵەکانی چارەسەری کێشەی کورد بووەستێت، هەروەها بووە هۆی راوەستانی گفتوگۆکانی نێوان دەزگای هەواڵگری تورکیا (میت) و سەرکردایەتی دەرەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان.

بێگومان هۆکاری راوەستانی ئەو گفتوگۆ و هەوڵانەیش لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەیـە، هۆکاری دەرەکی وەکو ئەوەی وڵات و لایەنی دەرەکی هەن نایەنەوێت کێشەی کورد لە تورکیا بەرەو چارەسەر بچێت و پێ بنێتە قۆناغێکی تازەوە، هەرچی هۆکاری ناوخۆییشە بەشێکیان لەلایەنی کوردییەوەیە و بەشەکەی تریشیان لەلایەنی دەوڵەتی تورکیاوەیە. بەداخەوە ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی پرۆسەی ئاشتەوایی نێوان کورد و تورك پێشنەکەوێت و شتێك نەماوە ناوی دیالۆگ بێت و دۆخەکە ئاڵۆزبووە.

*** پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی خرایەڕوو و پەرلەمانی تورکیایش پەسەندیکرد، بەڵام ئێستا تەجمیدکراوە، ئایا دەوڵەت زیانی لەمەکرد؟ بۆچی تەجمید کراوە؟**

- پـڕۆژەی کرانەوەی دیموکراتی گرنگ بوو، بێگومان بەردەوامی شەڕ یەکێکە لە هۆکارەکانی تەجمیدکردنی پـڕۆژەی کرانەوەی دیموکراتی. کە شەڕ دەبێت و تەرمی

عەسکەری تورك دەگەڕێتەوە نەتەوەییەکانی تورك زۆر توڕەدەبن و دۆخە ئاڵۆزدەکەن، هەروەها کاتێك لە 2009، 32 گەریلای پەکەکە لەڕێگای خاڵی سنووریی برایم خەلیلەوە گەڕانەوە بۆ تورکیا و کوردانی باکووری کردیانە نمایشێکی سیاسی گەورە و بەڕای من ئەمەیش ئیشێکی باش نەبوو، بەڵگەی دایەدەست نەتەوەییە تورکەکان و ئەردۆگانیان سەرکۆنەکرد.

بۆیە من هەستم بەوەکردووە ماوەی دوو ساڵە ئەردۆگان هیچ هەوڵێکی مەلموسی نەداوە کەوا کورد دڵی پێی خۆشبێت لە تورکیا.

*** لەماوەی سێ خولی پێشووی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا ئەردۆگان پەیام و سیاسەتەکانی رووی لە شەقامی کوردی بوو، بەوەش ریژەی زۆری دەنگدەری کورد دەنگیان پێدا، ئێستا وەکو باسدەکرێت ئاڕاستەی سیاسەت و پەیامەکانی ئەردۆگان رووی لە شەقامی تورکە نەتەوەیی و رەگەزپەرستەکانە، ئەم ئاڕاستە و سیاسەت وەرگێڕانەی ئەردۆگان بۆ؟**

- بەڵێ راستە ئەمە هەستی پێدەکرێت، لەماوەی یەك دوو ساڵی رابردوودا هەست بەوەدەکرێت، کەوا ئەردۆگان دەیەوێت دەنگی قەومییەکان و بەتایبەت دەنگی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی تورکیا بۆ خۆی ببات.

پێموایە ئەگەر لە 2014 هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا

بکرێتەوە ئەردۆگان ناتوانێت بەهەمان شێوەکانی پێشوو دەنگی کوردەکان بۆ خۆی بەرێتەوە، چونکە ئەمجارە کوردەکان باشتر ئیش دەکەن و یەکگرتووترن، هەروەها پارتی ئاشتی و دیموکراسی و پارتی کرێکارانی کوردستانیش هەوڵیانداوە کۆمەڵێك گروپ و توێژ هەیە بیانهێننە ریزەکانی خۆیانەوە، کە پێشتر ئەمەیان نەکردبوو.

هەڵەی گەورەی بەدەپە و پەکەکە ئەوەیە، کە ئەوان باڵی چەپی هێزی کوردین و بەشی زۆری لیبراڵ و راسترەو، چینی بۆرژوازی و ئیسلامییان فەرامۆشکردبوو، بەڵام ئەم هەڵبژاردنەی پێشوو هەندێك هەنگاوی باشیان هاویشت بۆ هێنانی ئەو هێز کەسانە بۆ نێو ریزەکانی خۆیان.

پێچەوانەی ئەمانە ئەردۆگان لە لێدوان و هەڵوێست و کارەکانیدا پشتی لە کورد کردووە، ئامادەی گفتوگۆکردن نییە و هەوڵی بەدەستهێنانی شەقامی قەومی تورك دەدات بەپێچەوانەی عەبدوڵڵا گویلی سەرۆك کۆمار، کە بەردەوام دەڵێت پێویستە کێشەی کورد چارەسەر بکرێت، ئەگەر چارەسەری بۆ نەدۆزینەوە ئەوا نەوەکانی داهاتوو سەرکردایەتی ئێستا بە بەرپرسیار دەزانن. بۆیە من بۆ خۆم گەشبین نیم بەوەی تا ساڵی 2014 زۆر شتی گەورە بێتە ئاراوە بەنیسبەت کوردەوە، بەڵام پێشبینی ئەوە دەکەم لە پێنج شەش ساڵی داهاتوودا شتی باش بۆ کورد بێتە ئاراوە.

* **باست لەوەکرد عەبدوڵڵا گویل زیاتر لە ئەردۆگان**

**بەتەنگ خواستەکانی کوردەوەیە، ئەمە پەیوەندی بەجیاوازی روئیای ئەوانەوە هەیە بۆ کێشەی کورد، یاخود پەیوەندی بەو ململانییە سیاسییەوە هەیە لەنێوانیاندا لەسەر ئایندەی سەرۆك کۆماری لە تورکیا؟**

- ئەم جۆرە گفتوگۆیانە تاوەکو ئێستا جاروبار لەنێوان هەردوولادا سەرهەڵدەدات و هەردوولاشیان هەوڵدەدەن زوو دایبمرکێننەوە، لەبەرئەوەی کاتی هەڵبژاردن 2014یە. بێگومان پێموایە ئەگەر ئێستا عەبدوڵڵا گویل بڕیاری خۆهەڵبژاردنەوە بدات ئەوە دەتوانێت لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی 2014 سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، چونکە دەتوانێت دەنگی جەهەپە و هەموو ئەوانەی تریش رقیان لە ئەردۆگانە بۆ خۆی ببات، سەرەڕای نفوزی سیاسی خۆیشی.

ئێستا لە تورکیا کەشێکی سیاسی وا هەیە، کەوا خەڵکی دەستیان کردووە بە گلەیی و گازەندە لە ئەردۆگان، بەهۆی ئەوەی ئەردۆگان ئازادییە سیاسی و رۆژنامەوانییەکان پێشێلدەکات، ژمارەیەکی زۆر سیاسی و رۆژنامەنووس و نووسەرە لەنێو زیندانەکاندان.

هەرچی پەیوەندی بەململانێی سایسی ئەوانەوەیە هەیە ئەوان دوو هاوڕێن، چاکەیان بۆ یەکتر هەبووە، کاتێك عەبدوڵڵا گویل بوو بەسەرۆك وەزیران ئەردۆگان لە سیاسەت قەدەغەکرابوو، گویل رێگای بۆ خۆشکرد و خستییە شوێنەکەی خۆی، پاشان بۆ سەرۆکایەتی کۆمار ئەردۆگان چاکەکەی

دایەوە و ئەوی پێشنیارکرد، لەگەڵ ئەوەی تاوەکو ئێستا عەبدوڵڵا گویل بڕیاری خۆهەڵبژاردنەوە و خانەنشینبوونی خۆی نەداوە، بەڵام ململانێیەکی شاراوە هەیە لەنێوانیاندا.

*** ئەردۆگان بەردەوام ئەوە دەڵێتەوە پەکەکە ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە و شەقامی نەتەوەیی کوردی توڕەتردەکات، پێتوایە پەکەکە زەمینەی ئـەوەی ڕەخساندبێت وەکو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی سەیربکرێت؟ ئایا بێ پەکەکە ئیمکانی چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەیە؟**

- حەقیقەتێك هەیە پێویستە هەموولایەك و بەتایبەتیش برا تورکەکانمان بیزانن، ئێمە ئەمەمان لەهەموو کۆڕ و کۆبوونەوە رەسمی و نارەسمییەکان وتووە، ئێستا لە ناوخۆی تورکیا پارتی ئاشتی و دیموکراسی نوێنەری کوردە، لە دەرەوەی تورکیایش کوردی باکور پەکەکە بەپارێزەری مافەکیانیان دەزانن. بۆیە بەڕای من کاتێك، کە باس لە گفتوگۆ چارەسەر دەکرێت پێویستە گفتوگۆ لەگەڵ ئۆجەلان و پەکەکە بکرێت، بێ پەکەکە و ئۆجەلان موستەحیلە کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکرێت. ڕەنگە ئەمە لەئێستا ئاسان نەبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە لە چەند ساڵی داهاتوودا تورکیا بەرەسمی گفتوگۆ لەگەڵ ئۆجەلان و پەکەکەدا دەکات.

*** سەبارەت بەو قسەیەك هیچ ئاماژە و ئاسۆیەك بەدی دەکرێت؟**

- بەڵێ بەدڵنیاییەوە. ئێستا شەقامی تورکی هەندێك

گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، زۆر زۆر جیاوازە لە 10 ساڵ پێش ئێستا. ئێستا دەتوانیت بەکەیفی خۆت خۆپیشاندان و باسی کورد و کوردستان و فیدراڵی بکەیت.

*** جەنابت ئاماژەت بەوەکرد لەسەر ئاستی ناوخۆیی تورکیا پارتی ئاشتی و دیموکراسی موخاتەبی گەلی کوردە، بەڵام ئەردۆگان ئەمە رەتئەکاتەوە، بۆچی؟**

- چونکە تاوەکو ئێستا ژمارەی ئەو کوردانەی دەنگ بە پارتەکەی ئەردۆگان دەدەن زیاترن لەو کوردانەی دەنگ بە پارتی ئاشتی و دیموکراسی دەدەن..

*** بۆچی زۆرینەی کوردان دەنگ بە حزبەکەی ئەردۆگان دەدەن؟**

- چونکە پەکەکە و پارتی ئاشتی و دیموکراسی بیری چەپیان هەیە، دووربوون لە راستڕەو، موحافیزکار، لیبراڵی و ئیسلامییەکان و ئەوانیان لەخۆنەگرتبوو، هەروەها هەندێك خەڵکی کوردیش هەیە راستییەکەی بەرژەوەندی لەگەڵ ئەردۆگانە و بازرگانی لەگەڵ دەکات. پارتی ئاشتی و دیموکراسی تاوەکو ئێستا رێژەی دەنگەکانی نەگەیاندووەتە 20% ، کە ئەمەیش بۆ میللەتێکی بیست ملیۆنی زۆر زۆر کەمە.

*** لەماوەکانی رابــردوودا میت و حکومەتی تورکیا گفتوگۆیان لەگەڵ پەکەکە و ئۆجەلان دەکرد بۆ چارەسەری کێشەی کورد، وا ماوەی ساڵێکە ئۆجەلان گۆشەگیرکراوە**

**و گفتوگۆکانیش وەستاون، ئەو گۆڕانکارییە سلبییە لە سیاسەتی ئەردۆگان و حکومەتەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- ئێمە ئەوەمان بەحکومەت وتـووە چەندینجار، کە داواکاری مانگرتووەکان ئەوەیە گۆشەگیری سەر ئۆجەلان لاببرێت، حکومەت هەمیشە وتوویەتی ئۆجەلان خۆی داوای کردووە کەس نەبینێت، وتوویەتی ئامادەم گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت بکەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بینینی خزم و پارێزەرەکانم هیچ سوودێکیان نابێت. پێموایە خەریکە وردە وردە بینینەکان دەستپێدەکەنەوە و براکەی لەماوەی رابردوودا چەندجارێك چووەتەوە لای.

* **بۆچوونی رەسمی ئێوە چییە سەبارەت بە داواکاری مانگرتووەکان، پێتانوایە داواکارییەکانیان رەوایە؟**

- ئێمە پێمانوایە لە وڵاتێکی دیموکراسی وەکو تورکیادا حەق نییە زیندانی سیاسی هەبێت، هەروەها پێشمانوایە مانگرتن رێگایەکی مەدەنییە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد و لە شەڕ باشترە، راستە میدیای تورکیا گرنگی زۆری پێنادات، بەڵام رۆڵ و کاریگەری خۆی هەر دەبێت، هەروەها لە چەند رۆژی رابردوودا وەزیری دادی تورکیا لەگەڵ وەفدێکی پارتی ئاشتی و دیموکراسی کۆبووەوە، دواتریش ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەیاسایەکی ئامادەکردووە، کە بەو پێیە یەکێك لە داواکاری مانگرتووەکان، کە بەرگریکردنیانە بەزمانی کورد لە دادگاکان لە خۆیان بەدی دێت.

*** پێشبینی ئەوە دەکرێت ئەگەر حکومەتەکەی ئەردۆگان سیاسەتێکی دروستتر بەرامبەریان نەگرێتەبەر، ئەوا ئەگەری سەرهەڵدانی بەهاری کوردی لە تورکیا هەیە، پێتوایە ئیمکانی شتێکی لەو جۆرە هەبێت؟**

- پێموایە ئێستا بەجۆرێك لە جۆرەکان ئەو بەهارە هەیە و دەستیپێکردووە، دەبینین رۆژانە کوردەکان خۆپیشاندان دەکەن، خەباتی مەدەنی لە ناوەوە و دەرەوەی پەرلەمان درێژەپێدەدەن، کوردەکان لە تورکیا ئاشتییان دەوێت، دەیانەوێت وەکو برا لەگەڵ تورك بژین، تەنانەت کوردەکان ئاڵای تورکیایان قبوڵە وەکو ئاڵای رەسمی دەوڵەت.

ئەوەی کوردەکان دەیڵێن ئەوەیە، کە ئەوان تورك نین و کوردن، زمان، ناسنامە، ئایین، مێژووی و جوگرافیای تایبەت بەخۆمان هەیە، بۆیە پێویستە پەروەردە بەزمانی کوردی بێت و هەندێك مافی تریشیان پێبدرێت. ئەمە شتێکی ئاساییە، ئێستا لە ئەوروپا بەخۆپیشاندانێك زمانی ناوچەیەك، یان گەڕەکێك دەگۆڕن.

*** لەنێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان جۆرێك لە پەیوەندی هەیە، هەندێك پێیانوایە ئەو پەیوەندییە لەسەر بنەمای سەردەست و بندەستە، هەندێکی تریش پێیانوایە لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش هەیە..**

- مەبەستت لە سەردەست و بندەست چییە؟

*** مەبەست لەوەیە هەرێمی کوردستان بەهەر**

**مەرجێکی تورکیا رازی بووە، کەمترین بەرژەوەندی هەیە لەم پەیوەندییەدا.**

- ئەو کەسانەی ئەو قسەیە دەکەن دووربینی سیاسییان نییە، راستە ئێمە لەگەڵ تورکیا و ئێران سنورێکی زۆری هاوبەشمان هەیە و پێویستمان بەپەیوەندی بازرگانی و ئابووری و کولتووری و سیاسی هەیە، بەڵام ئەم پەیوەندیانە لەسەر حسابی مافەکانی خەڵکی کوردستان و کوردانی باکوور نین. تورکیا بەرژەوەندی هەیە لە هەرێمی کوردستان و ئێمەیش بەرژەوەندییمان هەیە لەگەڵ تورکیا. ئێستا هەرێمی کوردستان بووەتە بازاڕێکی باش و تورکیاش سوودی لێوەردەگرێت، قەبارەی بازرگانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە 12 ملیار دۆلار، کە ئەمەیش لە بازرگانی تورکیا و یۆنان زیاترە.

*** بۆچی یەکێتی و پارتی هەڵوێستیان جیاوازە بەرامبەر ئەو دۆخە سیاسیەی لە تورکیا هاتووەتە ئاراوە و بەرامبەر سیاسەتەکانی ئەردۆگان؟**

- ئێمە وەکو یەکێتی دەمانەوێت پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ تورکیا هەبێت، هەروەها مافەکانی بیست ملیۆن کوردیش لەبیرناکەین و بۆ ئێمە زۆر گرنگە. کوردانی تورکیایش شتی زۆریان داوا نەکردووە، ئەوەی ئەوان داوای دەکەن بەحەقی خۆیانی دەزانن و پشتگیری دەکەین لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەرێگای ئاشتیانە.

*** ئەگەر دۆخەکە ئاڵۆزتربێت و شەڕی گشتگیر لەنێوان دەوڵەتی تورك و پەکەکە رووبـدات، پێشبینی دەکەیت هەرێمی کوردستان بچێتە نێو شەڕێکەوە لە دژی پەکەکە؟**

- نەخێر بەهیچ شێوەیەك، چونکە ئێمە بەرژەوەندییمان لەشەڕدا نییە، نە لەگەڵ تورکیا، نە لەگەڵ پەکەکە و نە لەگەڵ ئێران، بەپێچەوانەوە بوونی ئاشتی لەو وڵاتانە بۆ ئێمە گرنگە.

**خەندان 2012/11/10**

**خەڵەف غەفور**

# تائێستا هەرێمێکی فیدراڵین لەچوارچێوەی
# عێراقی یەکگرتودا

بەهرۆز گەڵاڵی، کادیری باڵای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، باس لەناوەڕۆکی ئەو پڕۆژەیەی دەکات، کە مانگی رابردوو ئاراستەی سەرکردەکانی حزبەکەیی و بزووتنەوەی گۆڕانی کرد بەمەبەستی یەکگرتنەوەیان، دەڵێت لە داهاتودا زۆر گۆڕانکاری دەبێت و نزیکبونەوەی هـەردوو حزبەکەش دەبینن، بەڵام نابێتە هۆی سەرێشە بۆ پارتی.

گـەڵاڵـی، کـە هـاوکـات نوێنەری یەکێتییە لەتورکیا، لە چاوپێکەوتنێکی هاوڵاتیدا، ئاماژە بەرێککەوتنی نەوتی نێوان هەرێم و تورکیا دەکات، جەختیشدەکاتەوە، کە حزبەکەی پێشتر رۆڵی بنەڕەتی بینیوە لەهێنانی کۆمپانیاکانی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان.

*** مانگی رابـردو پڕۆژەیەکتان نارد بۆ نەوشیروان مستەفا رێکخەری گشتی گـۆڕان، هەریەك لەهێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، کۆسرەت رەسوڵ و مەلابەختیار، داواتکردووە یەکێتی و گۆڕان هەماهەنگی بکەن لەهەمو ئاستەکان، پاشان یەکبگرنەوە، ئامانجی ئەو پڕۆژەیە بۆ چیە؟**

- بڕوام وایە ئێمە و گۆڕان هەردولامان رۆڵەی یەك ژینگەین و زۆر نزیکین لەیەکتری، ئەو نزیکیە دەکرێت سودی لێوەربگیرێت، ئەمڕۆ کە لەکوردستانی عێراق بەهێزکردنی یەکێتی رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان زۆر زەرورە، لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری لەئارادایە ئەم گۆڕانکاریانە ئەوە دەخوازن، کە یەکێتی و گۆڕان لەیەك نزیکترببنەوە، پڕۆژەکەم و نامەکەم بۆ ئەو بەڕێزانە کە ناردوە بڕوام پێیەتی، پێشموایە هەنگاوی باش هەیە بۆ ئەو مەسەلەیە،

ئیستجابەی باشیش لەهەردولاوە هەیە بۆ نزیکبونەوەی گۆڕان و یەکێتی لەیەکتری، بۆ دروستکردنی بەشداربوون لە بڕیاری سیاسی لەهەرێمی کوردستان، بەراستی کاتی ئەوە هاتوە موەحەدبین، ئەم تەجروبەیەی لەکوردستانی عێراق هەیە پێویست بەوەدەکات بەهێزی بکەین لەروی سیستەمی ئیداری و سیاسییەوە.

*** خۆت پڕۆژەکەت گەیاندۆتە نەوشیروان مستەفا، ئەوت بینیوە و گفتوگۆتان لەسەر ئەو پرسە کردووە؟**

- نامەکەم بەئیمەیڵ نارد، پێش نامەکەش سەردانی بەرێزیانم کرد، چەندجارێك بینیومە و بیروڕامان ئاڵوگۆڕ کردووە، بەڕەئی من کاك نەوشیروان، بیروبۆچون و رەئەکانی باشەو دەتوانین لەتوانای گۆڕان و یەکێتی پێکەوە ئیسفادەبکەین.

*** بونی باڵباڵێن لەناو یەکێتی کاریگەی سلبی نابێت لەسەر پڕۆژەکە؟**

- بونی ئەو باڵباڵێنە زیاتر لە راگەیاندن باسدەکرێت، تائێستا پێشمەرگەی کوردستان لەخانەقینەوە تا زاخۆ لەخەباتدان و قوربانیاندایە، سەرکردەکانی یەکێتی بەردەوام ئەو میحوەرانە بەسەر دەکەنەوە و خۆیان لەسەنگەری بەرگریدان، بەڵام ئێمە مەشاکیلمان لەناو یەکێتی هەیەو ئەو کێشانەش لەناو هەمو حزبێکدا هەیە، بەڵام ئیرادەی یەکێتی لەوە بەقوەتترە، کە زاڵ بن بەسەر ئەو کێشانەدا، مەکتەبی سیاسی یەکێتیش ئیستجابەیان هەبوو بۆ ئەو پڕۆژە و نامەیە، بەشێوەیەکی گشتی مەراقێکی باش هەیە بۆ ئەوەی گۆڕان و یەکێتی لەمەواقیفی سیاسی خۆمان پێکەوە بتوانین لەداهاتو

زۆر هەنگاوی باش بنێن، برادەرانی مەکتەبی سیاسیم بینیوە و ئیستجابەی باش هەبووە، تەنانەت لەقەواعیدی گۆڕان و یەکێتیش ئیستجابەی باش هەبووە.

*** رێککەوتنی گـۆڕان و یەکێتی لەپارێزگای سلێمانی بۆ دابەشکردنی پۆستەکان ئەزمونێکە بۆ ئـەوەی، کە لەهەموو ئاستەکان هەماهەنگی بکەن؟**

- ئەو رێککەوتنەیان هەنگاوێکی باش بوو، لەداهاتودا زۆر گۆڕانکاری دەبێت، نزیکبونەوەی گۆڕان و یەکێتی دەبینین.

*** ئەم هەماهەنگیە یەکێتی و گۆڕان لەیەکگرتن نزیکدەکاتەوە؟**

- کاتی خۆی لەحەرەکەی کوردی زۆر دابڕان و جیابونەوەو لێکترازان هەبووە، بزوتنەوەی سۆسیالست لەیەکێتی جیابویەوە دواتر بوە حزبی سۆسیالست، پاشان شەڕی ناوخۆ رویداو کۆمەڵێك مەشاکیل رویـدا پاشانیش یەکمانگرتەوە، شتێکی زۆر تەبیعیە لێکنزیکبونەوەو هەماهەنگی کـردن، کە ئێستا بکرێت، بەڵام یەکگرتنی گۆڕان و یەکێتی کاتی دەوێت خۆ کەس لەو مەوزعە پەلەی نییە، گرنگ ئەوەیە هەوڵێك لەئارادایە بۆ ئەوەی نێوماڵی کورد یەکبخەین.

*** بەڵام پێتوانیە نزیکبونەوەی گـۆڕان و یەکێتی مەترسی سیاسیە بۆ سەر لایەنەکانی تر، ئەوەش کێشە بۆ نێوماڵی کورد دروستدەکات؟**

- کاتی خۆی هێشتا برایانی گۆڕان لەناو یەکێتی بوون و داوای ریفۆرمیان دەکرد، تەنانەت ئەگەر برادەرانی پارتی گلەییەکیان

لەیەکێتی هەبێت ئەوەیە، کە دەیانەوێت یەکێتی موەحەد بێت و لەناوخۆی یەکگرتووبێت، ئەمە نابێتە هۆی سەرێشە بۆ پارتی، یان بۆ هەر لایەنێکی سیاسی تر، بەپێچەوانەوە دەبێتە مایەی بەهێزبونی ئەو یەکێتی و برایەتییەی لەگەڵ پارتی هەمانە، ئەگەر یەکێتی و گۆڕان مەوقیفی خۆیان بەهێزو پتەو بکەن ئەمە هێزێکە بۆ سەرجەم حەرەکەی کوردی، رەنگە پێشیانخۆش بێت.

*** ئەو رێککەوتنە نەوتیەی ساڵی رابردو لەنێوان هەرێم و تورکیا ئیمزاکرا چاوەڕوانی بەردەوامی لێدەکرێت بەتایبەت، کە هەرێم لەگەڵ ناوەند لەسەر پرسی هەناردەی نەوت رێککەوتووە؟**

- ئەمڕۆ ئێمە هەرێمێکی فیدراڵین لەچوارچێوەی عێراقدا، هەموشتێك لەچوارچێوەی عێراق سودی دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان، ئەگەر وەکو ژێرخانی ئابوری تەماشابکەین دەتوانین پەیوەندی ئابوری لەگەڵ وڵاتان دروستبکەین، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیرنەچێت، کە تائێستا هەرێمێکی فیدراڵین لەچوارچێوەی عێراقی یەکگرتودا بەپێی ئەو دەستورەی کورد دەنگی بۆداوە، دەبێت ئاگامان لەو دەستورە بێت و لێی لانەدەین، ئێستا کۆمەڵێك کێشە هەیە لەنێوان ئێمەو بەغدا، مەسەلەی ئەو پەیوەندییانە و رێککەوتنەکە، بەغداش نایشارێتەوە، بەڵام حکومەتی هەرێمیش هەوڵدەدات بازارێکی ئابوری بۆخۆی دروستبکات، تا ژێرخانی ئابوری بونیادبنێت، پرسی پەیوەندی ئابوری هەموو وڵاتێك سیاسەتی خۆی هەیە، کە رەنگە ئەو رێککەوتنە لەبەرژەوەندی هەردولادا بێت.

*** یەکێتی لەگەڵ تەواوی ئەو رێکەوتنە بوو؟**

- ئێمە وەك یەكێتی ڕۆڵی ئەساسیمان بینیوە لەهێنانی كۆمپانیای گەورەی توركی وەك گەنەڵ ئینێرجی و پێتئۆیل لە2002دا، ئێمە بوین هێنامانن‌ه كوردستان پێش ڕوخانی سەدام، بەشبەحاڵی خۆم لەو كۆبونەوانە بەشدارنیم، كە دەكرێت بۆ مەسەلەی نەوت وەك نوێنەری یەكێتی لەو وڵاتە، بەڵام هەر كارێكی ئابوری بەقازانج بۆ كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان بگەڕێتەوە و قازانجەكەی بۆ ئەوەبێت مانای ئەوەیە، كە كارێكی باشە.

*** پشتبەستی هەرێم بەتەواوی بەتوركیا مانای دوركەوتنەوە نییە لەئێران؟ ئەو هەنگاوە سیاسەتێكی گونجاوە؟**

- ئەوەندەی ئاگام لێبێت حكومەتی هەرێم خەریكن دەستەیەك بنێرن بۆ ئێران لەسەر مەسەلەی نەوتو گازی هەرێم، بۆ ئەوەی بەهەمان سیاسەت، كە لەگەڵ توركیا دروستیانكردوە لەگەڵ ئێرانیش دروستی بكەن، دیارە حكومەتی هەرێم هەوڵی ئەوەدەدات هاوسەنگی بكات لەسیاسەتدا بەرامبەر بەوڵاتانی دراوسێ و ناوچەكە، بمانەوێت و نەمانەوێت سنوری دورودرێژمان لەگەڵ ئێران و توركیادا هەیە، پەیوەندی ئابوری و سیاسی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی موشتەرەك حەرام نییە.

*** دەوترێت ڕێدانی توركیا بەتێپەڕینی پێشمەرگە بەخاكەكەیدا بۆ كۆبانێ لەئایندەدا داوای قورسی بەدوادادێت، كە یەكێك لەئەگەرەكان ئەوەیە هەرێم ناچاربكات ڕێ بەسوپای توركیا بدات بەخاكەكەیدا تێپەڕێت بۆ كەركوك، بەپاساوی پاراستنی توركمان، ئەو ئەگەرە چاوەڕوانكراوە؟**

- بڕوا بەو لێکدانەوەیە ناکەم، دەقیق نیە و بەهیچ شێوەیەك شتی وا لەئارادانیە، بەپێچەوانەوە ئەمەریکییەکان زەختێکی زۆر گەورەیان کرد بۆ ئەوەی پێشمەرگە بەناوخاکی تورکیادا تێپەڕێت، ئەوە گۆڕانێکی گەورەبوو.

*** تورکیا رای لەسەر بەدەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان گۆڕاوە؟**

- بڕواموایە تائێستا تورکیا رەنگە بۆ مەسەلەی دەوڵەتی کوردی لەگەڵیدا نەبن.

*** لەسەر کەیسی پرۆسەی ئاشتی لە باکور پێتوانیە چەکدانانی پەکەکە موجازەفە بێت لەبەرامبەر تورکیا؟**

- لەتەرەفی کوردیەوە کەس نەیوتووە پەکەکە چەك دابنێت، نە نامەکەی ئۆجەلان و تەنانەت سەرکردایەتی پەکەکە خۆشیان ئەوەیان نەوتووە، بەڵام ئەو 10 خاڵەی کە خوێندرایەوە مەشروتە و بەڕێز ئۆجەلان باسی ئەوەی کردووە، کە ئەو سەردەمە سەردەمی ئاشتی و برایەتییە، کە بەیەکەوە کاربکەین و خەباتی سیاسی بگەیەنێتە شوێنی خۆی، بۆ ئەو قۆناغە زۆری ماوە پەکەکە چەك دابنێت.

*** پێتوایە پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) بتوانێت لەسەدا 10ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت وەك حزب بچێتە پەرلەمانی تورکیا بەتایبەت، کە بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکانی تورکیا هەر حزبێك ئەو رێژەیە بەدەستنەهێنێت ناتونێت بچێتە پەرلەمان؟**

- ئەمە مەوزوعێکی زۆر حەساسەو زۆر مەترسیدارە، ئەم پرسیارەت زۆر گرنگە بۆ هەمو کورد، ئێستا پرۆسەی هەڵبژاردن زۆر گەرمدەبێت لەنێوان پارتی دادوگەشەپێدان (ئەکەپە) و هەدەپە،

چونکە ئەم دولایەنە بەرامبەر یەکترین لەوەدەترسم، ئەگەر لەسەدا (10) نەهێنن ئەوکات کوردەکانی باکور هیچ نوێنەرایەتیەکیان نابێت لەپەرلەمانی تورکیا، هەمو دەنگەکانیشیان دەڕوات بۆ ئەکەپە، بەڵام ئەگەر کوردەکان لەسەدا (10) تێپەڕ بکەن ئەوکاتە (60) کورسی پەرلەمان زیاتر دەهێنن لەکۆی (550) کورسی پەرلەمان، ئەمەش قوەتێکی زۆر دەدات بەدیموکراسیو پرۆسەی ئاشتی لەتورکیا.

*** بەدەستهێنانی ئەو رێژەیەی پەرلەمان لەلایەن کوردەوە عەبدوڵا ئۆجەلان، رێبەری پەکەکە لەئازادکردن نزیکدەکاتەوە؟**

- پێموایە مەسەلەی ئازادکردنی بەڕێز ئۆجەلان ماوێتی، ئەگەر ئەو سەدا 10یە بهێنێت کاریگەری زۆری بۆ ئازادکردنی دەبێت، ئەگەر بیانەوێت کێشەی کورد لەتورکیا چارەسەربکەن بەبێ ئازادکردنی ئۆجەلان نابێت.

بۆ کۆت :

نزیکبونەوەی گۆڕان و یەکێتی نابێتە سەرێشە بۆ پارتی

ئەمەریکییەکان زەختێکی زۆر گەورەیان کرد بۆ ئەوەی پێشمەرگە بەناوخاکی تورکیادا تێپەڕێت

یەکێتی رۆڵی ئەساسیمان بینیوە لەهێنانی کۆمپانیای گەورەی تورکی

مەسەلەی ئازادکردنی بەڕێز ئۆجەلان ماوێتی

کاك نەوشیروان بیرو بۆچوون و رەئەکانی باشەو دەتوانین ئیسفادە بکەین لەتوانای گۆڕان و یەکێتی پێکەوە.

یەکگرتنی گۆڕان و یەکێتی کاتی دەوێت کەس لەو مەوزعە پەلەی نییە.

**رۆژنامەی هاوڵاتی**

## ئەگەر کورد بەهەڵە یاری نەکات بۆ کورد دڵخۆشکەر و زۆر لەبارن

بەهرۆز گەلالی نوێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەتورکیا، جەخت لەوەدەکاتەوە، کە کێشەی کورد لەتورکیا چارەسەرنابێت، تا ئۆجەلان لەزیندان بمێنێت و راستەوخۆش لەگەڵ پەکەکە ریگای دیالۆگ نەگیرێتەبەر، هەروەها ئاشکرای دەکات، کە بۆ هەولێکی لەوجۆرەش، کارکردنی چڕوپڕو کات و سەبری زۆری دەوێت.

لەم چاوپێکەوتنەدا، ناوبراو باس لەکێشەکانی کوردی تورکیا و ریگا چارەسەرەکانی دەکات، تیشکدەخاتە سەر رۆڵی هەرێمی کوردستانی عێراق لەو رووەوە.

*** باس لەهەولێك دەکرێت بۆ ئازادکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان، تاچەند ئەگەری سەرکەوتنی ئەو هەولە دەبینرێت؟**

- سەرەتا زۆر سوپاسی رۆژنامەی هاولاتی دەکەم بۆ ئەم چاوپێکەوتنەتان، بۆ وەلامی پرسیارەکەشتان دەڵێم هەولی لەم بابەتە، هەبێت یان نەبێت، هەیە یان نییە! بڕوامواپە کێشەی کورد لەتورکیا چارەسەر نابێت، تا ئۆجەلان لەزیندان بمێنێت، راستەوخۆش لەگەڵ پەکەکە ریگای دیالۆگ نەگیرێتەبەر، بەلام بۆ ئەمە، هێشتا هەوڵ و کارکردنی چڕوپڕو، کات و سەبری زۆری دەوێت، چونکە زۆر ئاستەنگی گەورە لەپێش ئەمەدا هەیەو یەکەمجار دەبێت ئەم ئاستەنگ و کۆسپانە هەڵبگیرێت، ئینجا بەبیری ورد و کارکردنی هێواش و ئەرزییەو جەوێکی بێ شەڕو شۆڕ، کەشوهەوایەکی سیاسییانە و ژیرانەی بەڕێگای دیپلۆماسیەت بۆ ئامادەبکرێت، هەزار هەنگاویش هەر بەهەنگاوێك دەستپێدەکات.

*** دەوترێت ئازادکردنی ئۆجەلان لەبەرامبەر چەکدانانی پەکەکەیە؟**

- کورد تاکو ئێستا دوو سێ داواکاری خۆی لەبەرامبەری ئەمەدا هەمیشە دوبارە کردووەتەوە و راگەیاندووە، ئازادکردنی سەرۆکەکەیان لەزیندان، دانانن بەبوونی کورد لەدەستوری نوێدا، دەرکردنی لێبوردنێکی گشتی و گەڕانەوە بۆ ناو خەباتی پەرلەمانتاری و سیاسی دور لەشەڕو شۆڕ.

*** بەهاری عەرەبی دەستیپێکردووە، گۆڕانکاری گەورەی لەناوچەکەدا هێناوەتە ئاراوە، بەبڕوای ئێوە تاچەندە ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەری لەسەر تورکیا دەبێت؟**

- بڕواموایە ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەری گەورەیان لەسەر تورکیا دەبێت. رەنگە تین و تەوژمێکی تازە بدەنە پرۆسەکە، هاندەرێکی گەرمتریش بن بۆ پەلەکردن لەدۆزینەوەی چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی کورد لەتورکیا، ئەویش بەڕێگای ئاشتی و گرتنەبەری رێگای دیالۆگ و دوور لە شەڕو پێکدادان.

*** باس لەوەدەکرێت، کە سیناریۆیەك هەیە لە دژی ئێران، تورکیا و کوردیش لەو سیناریۆیەدان، پێتوایە تورکیا چۆن دەڕوانێتە ئایندەی ئێران؟**

- بەپلەی یەکەم پێموایە تورکیا تەماشای بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتەکەی خۆی لەرووی ستراتیژی و ئابوورییەوە لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، لە پێناوی ئەمەشدا لە ئەنجامدا لە چوارچێوەی سیاسەتی دنیای دەرەوە و سیاسەتی ناتۆ، لەمبارەیەوە هەرچییەك بێت، دەرناچێت. بەدڵنیاییەوە لەچوارچێوەی بڕیارەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا دەمێنێتەوە. لەلایەکیتریشەوە رەنگە چاوی لەمەش بێت و هەوڵبدات وەك سەردەمی دەوڵەتی عوسمانلی، رۆڵ و دەوری

تازە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەم لەرووی سیاسی هەمیش لەرووی ئابوورییەوە بەدەستبێنێتەوە.

*** پەیوەندی کوردو تورکیا لەهەڵبەز و دابەزدایە، هەندێك لەچاودێران پێیانوایە پارتی پەیوەندی باشترە لەیەکێتی لەگەڵ تورکیا، بەڕای ئێوە ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- جارێ بۆ پەیوەندی نێوان تورکیا و کورد، بەواتایەکی تر پەیوەندی نێوان کوردستانی عێراق و تورکیا بەپێی پێشهاتە سیاسییەکانی سەردەمەکە، کە هاتوونەتە پێشەوە ئەم پەیوەندییانە خۆیان فۆرمولە کردووەو دروست بوونەو بۆ پێشەوە گەشەیان کردووە، جاروباریش ماوەیەك وەستاوە و پاشان دووبارە بۆ پێشەوە براوەتە پێشەوە، بێگومان بەپێی بەرژەوەندییەکانی هەر لایەنێکیش لە کورد و لەتورك، بەتەئکیدی ئەم پەیوەندییانە هەڵبەزو دابەزی تێکەوتووە، هەندێکجار زۆرباش بووە، ماوە ماوەش کەمێك لەشوێنی خۆی وەستاوە، کێشەو گرفتی رۆژانەی گەرماوگەرمی بۆ هاتووەتە پێشەوە، بەڵام دوایی هەردوولامان واتە کورد و تورك جارێکی تر هەوڵمان بۆیداوە، کۆسپ و تەگەرەکانمان چارەسەرکردووە، بۆ پێشەوە دیسان هەنگاوی ناوەتەوە. ئێستا وایدەبینم، کە هەرگیزا و هەرگیز، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و تورکیا لەهەموو روویەکەوە بەقەد ئێستا لەگەڵ تورکیا باش نەبووە. ئەو چاودێرانەی باسیشت کردوون وابزانم بەوردی ئاگایان لەشێوەی ئەم پەیوەندییانە نییە، یەکێتی و پارتی لەحکومەت و لەپەرلەمان بەیەکەوە هاوبەشن، دەتوانم بڵێم لە پەیوەندییەکانمان بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتانی دەرو دراوسێ هەر

زۆر ڕێکین، چونکە زۆر دەردەشە بەیەکتری دەکەین، پێکەوە جوڵە دەکەین و بەوردی هەنگاو دەنێین و ئاگامان لەکاروباری یەکتری هەیە، پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی-ش لەگەڵ تورکیا زۆر باشە، یەکێتی ڕۆڵێکی زۆر گەورەی بینیووە، هەم لەچاکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا تەنانەت نێوان عێراق و تورکیاش، بەتایبەتیش جەنابی مام جەلال، هەمیش لەهەوڵدان بۆ دروستکردنی ئاشتییەکی بـەردەوام و دوورکەوتنەوە لەشەڕ لەنێوان کوردی تورکیا و تورکیا.

*** تورکیا گوماندەکات سوریا پەکەکە لەدژی وڵاتەکەی بەکاربهێنێت، قسە لەوەدەکرێت ئێرانیش بۆ هەمان ئامانج پەیوەندی بەپەکەکەوە هەیە، بەڕای ئێوە تورکیا چۆن دەتوانیت بەرنامەی چاکسازییەکەی خۆی لەکوردستان پەیڕەو بکات؟**

- ئەم دەنگۆیە جاروبار لێرەش بەرگوێ دەکەوێت تاچەند راستە نـازانـم، ئەگەر مەبەستیشت بەرنامەی چاکسازی تورکیایە بۆ کـوردی تورکیا، ئـەوا بڕوامایە بوونی شەڕو پێکدادان لەهەرلایەکەوە بێت، ئەم کێشەیە چارەسەر ناکات و بگرە ئاڵۆزتری دەکات. هەروەك بەبێ بوونی ئۆجەلان و پەکەکەش کێشەی کورد لەتورکیا چارەسەر نابێت، کێشەکەش بەم شێوەیەی ئێستا بەئاڵۆزی دەمێنێتەوە، بۆیە بوونی حیوارو دیالۆگ و دوورکەوتنەوە لەشەڕ، زۆرگرنگە و پرۆسەی ئاشتییەکەش زیندوودەکاتەوە، کۆسپەکانی بەردەمی کرانەوەی دیموکراتیش بەتەواوی لادەبات.

*** هەندێك لەمیدیاکان، باس لەوەدەکەن تورکیا سەبارەت**

**بەسەربەخۆیی کوردستانی عێراق رای گۆڕیوە، تاچەندە ئەو بۆچوونە راستە؟**

- ئـەم میدیایانەی ئاماژەتان بۆ کــردوون، پێموانییە هەواڵەکانیان لە سەرچاوەیەکی دروستەوە وەرگرتبێت، خۆزگە وابوایە، بەندە شتی وای بەرگوێ نەکەوتووە، بەڵام ئەمڕۆ وەزعی سیاسی و پێشهاتەکانی ناوچەکە لەرووی دەولییەوە، ئەگەر کـورد بەهەڵە یـاری نەکات بۆ کـورد دڵخۆشکەر و زۆر لەبارن، بڕواشم بەمە هەیە، کە رۆژێك دێت هەرێمی کوردستانی عێراقیش ببێتە خاوەنی کیان و سیادەی سیاسی و جوگرافی نیشتمانی خۆی. بێگومان بۆ ئەم مەبەستەش هەم تورکیا ئەگەر لەسەر ئەم پڕۆژەیە رازیبکرێت بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە دێرینەی کورد زۆر گرنگە، رۆژێ لەرۆژان دژمان نەبێت، هەمیش ناسینی ناسنامەی کوردی تورکیا لەلایەن تورکیاوە بۆ ئەم ئاواتەی کورد زۆر گرنگە، چونکە کوردی تورکیا لەهەموو روویەکەوە بۆ کورد (میسری عەرەب)ە، هەر وەکو چۆن میسر بۆ نەتەوەی عەرەب گرنگە، کوردی تورکیاش بۆ کوردستانی عێراق ئاوەها گرنگن، بۆیە دەبێت پەیوەندییەکانمان لەگەڵیان هەمیشە باش بێت، ئاگامان لەئێش و ئازارەکانیان بێت، یارمەتیدەر و بەشداری خۆشی و ناخۆشییەکانیشیان بین.

**رۆژنامەی هاوڵاتی**

# تورکیا هەڵوێستی بەرامبەر بە کورد گۆڕیوە

نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە تورکیا باس لەوەدەکات، کە هەڵسوکەوتی تورکیا بەرامبەر کورد و کوردستان گۆڕاوە و بەرەو باشتریش دەڕوات، رونیشی دەکاتەوە، ئەگەر پەکەکە سیاسەتی هێمنانە بەرامبەر بە تورکیا بەکاربهێنێت، لە شەڕ و ناکۆکی دووربکەوێتەوە تا پێنج ساڵی تر عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرکردەی پەکەکە لە زیندان دێتە دەرەوە، ئەگەریش هەیە لە دوای هەڵبژاردنی داهاتووی تورکیا گۆڕانکاری لە دەستووری تورکیادا بکرێت، کە لەم گۆڕانکاریەدا مەبەستی پەکەکە گۆڕینی مادەی (66)ە.

بەهرۆز گەلاڵی نوێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە تورکیا، لە میانەی گفتوگۆیەکی رۆژنامەوانی لە کاتی گەشتی رۆژنامەنوسانی کوردستان بۆ وڵاتی تورکیا، کە رێکخراوی گەنجانی کوردی - نێودەوڵەتی لەگەڵ ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی رێکخستبوو، باسی لە رەوشی عێراق و تورکیاکرد سەبارەت بەو خاڵانەی پەیوەستن بە کورد، گەلاڵی وتـی»دوای لەناوچوونی رژێمی بەعسی عێراق پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتان و تورکیا باشتربوو، کە بووە هۆی چەند دەستکەوتێکی جیا بۆ کورد و دەرکەوت، کە هەرێمێکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی خاکی عێراق هەیە، تورکیاش بۆی دەرکەوت، کە ئەو هەرێمەی سەیری دەکرد بە مەترسی ئەو نییە، سەرۆکی هەرێم و سەرۆك کۆمار کوردن، بیرکردنەوەی خەڵکی تورکیا و گەلەکەشی بەرامبەر کورد گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، بەتایبەت دوای هاتنی

عەدالەت و پەرەپێدان لە تورکیادا بەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانی بارودۆخی کورد و بەرەو باشتربوون و بیرکردنەوە لە ئامانجە سیاسییەکان و دواڕۆژیاندا»، وتیشی»پەرلەمانی تورکیاش چەند لایەنێکی جیای تێدایە، هەروەها ئێستاکوردەکان کۆنگرەیەکیان دروستکردووە بە ناوی کۆنگرەی جفاکی دیموکراسی، لەوە گەیشتوون، کە دەبێت پەیوەندیان لەگەڵ لایەنەکانی تری تورکیا بەهێزبکەن، بەبەراورد لەگەڵ رابردوو، ئێستا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لە رووی ئابووری و لایەنەکانی ترەوە لەگەڵ تورکیادا زۆر پێشکەوتووە».

## گەشەپەیوەندییەکان

گەڵاڵی وتی»ئێستا تورکیاش پێشکەوتنی زۆری بینیووە لەڕووی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتاندا، حکومەتی ئێستا، کە لە تورکیا دروستبووە زۆر جیاوازی لەگەڵ حکومەتەکانی رابردوودا هەیە بەرامبەر بە کوردی تورکیا، تائێستاش پارتی ئاشتی دیموکراسی لە هەموو تورکیادا لە (5%)ی دەنگی هێناوە، بەڵام لە ناوچە کوردییەکان لە (16%)ی هێناوە».

## کوردی تورکیا و ئازادی

بەهرۆز گەڵاڵی لەبارەی راگەیاندنی پڕۆژەی پارتی دادوگەشەپێدان بەرامبەر کورد وتی: «کاریگەریی لەسەر هەبووە و (80%)ی کوردی تورکیاش ئێستا ئارەزووی ئازادی دەکات،

بەڵام ئێمە کوردین و تورکیاش سەیری پەکەکە دەکات، وەك ڕێکخراوێکی تیرۆرست دەوڵەتیش نایەوێت لەگەڵ ڕێکخراوێکی تیرۆرست دابنیشێت، تورکیاش ئێستا پێویستی بە گۆڕینی دەستووره، بەڵام هیچ لایەنێك ئێستا ناتوانێت دەستوور بگۆڕێت تاکاتی هەڵبژاردن، هەروەها لەبەر نەتەوەکانی ناو تورکیا، چونکە ئەو کاتە ئەوان بەهێزدەبن و دەنگ لە ئاکپارتی کەمدەبێتەوە»، بەڵام وتیشی «لەدوای هەڵبژاردنەوە بە دڵنیایی گۆڕینی دەستوور دێتە ناو مەسەلەکانەوە، کە دەبێت بگۆڕدرێت، کوردەکانیش تەنیا مادەی (66) یان دەوێت، کە ئەو مادەیە دەڵێت هەرکەسێك لە تورکیا دەژی تورکە، بەو مەبەستەش دەیگۆڕن، کە بڵێت هەر کەسێك لە تورکیا دەژی هاوڵاتی کۆماری تورکیایە ئەمەش کێشەکە چارەسەردەکات»، گەلاڵی دەڵێت»ئاکپارتیش بەڵێنی ئەوەی داوە لەداهاتوودا گۆڕانکاریی بکات، بەڵام ئەو بە تەنیا نییە و ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لەلایەنەکانی تر هەیە، هەروەها خەڵکێکی تر هەیە نایەوێت دیموکراسی بەرامبەر بە کوردبکرێت، بەڵام هەڵەی کوردەکان لێرەدا ئەوەیە، کێشەی کورد زۆر زۆر زەرەری لە تورکدا بێت کاتی خۆی کەمالیزم بووە، ئەو حزبەی ئێستاش هاتۆتە سەر حوکم لە دینەوە هاتووە و ڕێکخراوی ئیسلامییە، بەڵام بڕوای بە دیموکراسی و پێشکەوتن هەیە، ئەم ڕێکخراوەش بەهێزبێت بۆ کورد باشە و بەرامبەرەکەی لاواز دەبێت و مەسەلەی کورد دێتەپێشەوە، بەڵام هەڵەی کوردی تورکیا لێرەدا ئەوەیە لە ڕوانگەی ستراتیجی و مارکسی لیلینەوە

سەیری بارودۆخەکە دەکەن، چونکە ئەمانە ئیسلامین دەبێت دژایەتیان بکرێت، ئەمەش هەڵەیە دەبێت لە چوارچێوەی قەومیەتەوە سەیری مەسەلەکە بکرێت، چونکە تائێستا کام حزب لە تورکیا هاتۆتە سەر حوکم و بۆ کێشەی کورد هەنگاوی ناوە؟ بارودۆخی ئەمڕۆش لەگەڵ رابردوو جیایە مافی مرۆڤ لە پێشەوەیە، زانست گەشەی کردووە و باوی ئەوە نەماوە بە زۆر شت بە سەر خەڵکدا بسەپێنیت».

## گۆڕانێکی ستراتیجی

گەلالی تەئکید دەکاتەوە، کە ئێستا گۆڕانێکی ستراتیجی هەیە، بەڵام ئەم پرۆسانە بە هێمنی دەڕوات و گەڕانەوەی نییە ئێستاش گفتوگۆی بەردەوام لە تورکیا هەیە لە نێوان کورد و تورکدا.

## ئۆجەلان ئازاد دەبێت

دەربارەی مادەی (66)ی دەستووری تورکیا، کە دەڵێت»ئەوەی لە تورکیا بژی تورکە» بەهرۆز گەلالی وتی»ئەو حزبەی ئێستا لەسەر حوکمە گرنگی پێداوە، بەڵام جیاوازی زۆرە لە نێوان شارەکانی تورکیا لە نێوان کورد و تورکدا، هەروەها جیاوازی زۆر لە نێوان خزمەتگوزارییدا هەیە، بەڵام ماوەی هەشت ساڵە پێشکەوتن زۆر لە شارە کوردییەکانیش گەشەی کردووە، بەڵام لە تورکیادا کێشەی قەومی هەیە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تردا «

ئەو پێیوایە «ئەگەر کوردی تورکیا مامەڵەیەکی باش و زیرەکانە لەگەڵ ئەم سەردەم و بارودۆخەی ئێستا لە تورکیادا هەیە بکات، پێنج ساڵی تر نابات سەرۆکەکەیان لە زیندان دێتە دەرەوە، بەڵام ئەمە پێویستی بە ئاشتی و بێشەڕکردن هەیە، لێرەش ئەگەر شتێك بە یاسا بکرێت رەتکردنەوەی نییە، ئەگەریش وڵاتێك سیستمی دیموکراسی تێدابێت ترسی نییە، لێرەدا گەڕانەوە نییە تەنیا بەرەو پێشەوەیە».

لەبارەی بارودۆخی کورد بە ئازادکردنی ئۆجەلانەوە، نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە تورکیا روونیکردەوە»خەڵك زۆر گلەیی لەسەر ئەم کارە هەیە، دەڵێن دۆزەکە ببێتە نەتەوەیی نەك مەسەلەی کەسی، بەڵام بوونی ئۆجەلان لە زیندان وەك رەمزێکی کوردییە لەزینداندا، بەڵام ئۆجەلان خۆی لای پارێزەرەکانی دەڵێت کێشە لەسەر من دروستمەکەن، کێشەکە بکەنە قەومی».

## راگەیاندنی تورکیا

سەبارەت بە کاریگەری راگەیاندنی تورکی لەسەر بارودۆخی کورد گەلاڵی وتی»راگەیاندنی تورکی جیاوازی، لەگەڵ رابردوو هەیە بەتایبەتی ئێستا پەیوەندی سیاسی و ئابووری بەهێز بووە، چەندین کرێکار و کۆمپانیا لە کوردستانی عیراق کاردەکەن، ئەمەش پەیوەندی دروستکردووە لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش» ئەو دەڵێت: «راگەیاندنیش لە پێناو پاراستنی دەسکەوتەکانی وڵاتەکانیەتی، هەر لێدوانێکیش

بەرامبەر کورد درابێت، ئێمە وەڵامـمان داونەتەوە لەوەش دەردەکەوێت، کە چیان بە هەرێمی کوردستان وتووە، بەڵام ئەگەر ئێستا سەیری بکەین سەدلەسەد ئەم بارودۆخە گۆڕاوە، کردنەوەی کونسوڵی تورکیا هەنگاوێکی گرنگە لە هەولێر، کە بە نیازیشن لە سلێمانیش بیکەنەوە دیارە سوودیان لەو پەیوەندییە وەرگرتووە».

**مەترسی خۆپیشاندان**

لەبارەی سەیرکردنی ڕێپێوانەکانی هەرێمی کوردستان و بینینی لەلایەن ڕاگەیاندنی تورکەوە بەهرۆز گەڵاڵی وتی»ئەم خۆپێشاندانانەی لە هەرێمی کوردستان لەلایەن هاوڵاتیانەوە دەکـرێـت، ڕەنـگـە مافیان بێت و هەندێك ڕاگەیاندنی تورکیاش ئەمەیان لەلاخۆشە، بەڵام ئەو کەسانەی ڕێپێوانەکە ئەنجامدەدەن هەست بە لایەنە خراپەکەی ناکەن، ئێمە دەوڵەتێکی سەربەخۆمان نییە وەك میسر و لیبیا بۆ ئەوەی مەترسی ڕێپێوانەکانمان نەبووایە لەوەی لایەنێك بڕووخێت و لایەنێکی تر بێتە سەرحوکم، کێشەکە لەوەدایە کیانێکی سیاسی نییە، کە بەراوردی دەکەن بە لۆس ئەنجلۆس و بەریتانیا ئەم سیستمەی ئێمە کەموکوڕی زۆری تێدایە لەچوارچێوەی عیراقیشدا شێوەی فیدراڵیمان هەیە، دەوڵەتی سەربەخۆنین، ئێستاش خەڵکانێك هەن، پلانی بۆ دادەنێت بۆ ئەو بارودۆخەی هەرێمی کوردستان».

**ئۆپۆزسیۆن پەلەیەتی**

لەبارەی گەندەڵی و بارودۆخی هەرێمی کوردستان بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە گەلاڵی وتی»کەس ناڵێت گەندەڵی نییە لە کوردستان و هەنگاویش هەیە بۆ چارەسەرکردنی، بەڵام لایەنی ئۆپۆزسیۆن زۆر پەلەیەتی ئەگەر ئێمە گەندەڵبین بۆ لایەنەکانی تر سوودی هەیە، چونکە لە کاتی هەڵبژاردندا دەتوانێ بیکاتە کارت و کورسیەکم لێبسەنێت و خۆی لەسەری دانیشێت، بە رێپێوان ناکرێت، کە دەبێتە هۆی زیانی خەڵك و کوشتن و راوەستانی بازاڕ، رێپێوان مافی خەڵکە، بەڵام هەڕەشە و هەڵکوتانە سەر مافی خەڵك نییە و دیموکراسی و مافی مرۆڤ نییە رۆشنبیری ئێمەش نەگەیشتۆتە ئەو رادەیەی، کە کەسێك بەرد لە من بگرێت و من چەکم بە دەستەوە بێت و بووەستم، بەڵام ناکرێت ئێستا گەنج بخرێتە سەر شەقام و بە چەك تەقەی لێبکرێت».

**گۆڤاری والا پرێس**

**عەلی سدیق**

# بڕوا ناکەم تورکیا
# هێرشی زەمینی بکاتە سەر هەرێم

نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەتورکیا بەهرۆز گەلاڵی رایگەیاند، مەسەلەی هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان لەدەزگاکانی راگەیاندندا گەورە کراوە و ترس و دڵەڕاوکێی دروستکردووە، دەڵێت «پێموایە هێرشکردنە سەر هەرێم روونـادات، ئەگەر شتی وەها مەترسیدار رووبدات، زەرەری هەموو لایەکە».

لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئاوێنە، نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە تورکیا، بەهرۆز گەلاڵی ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، کە ئەو شەڕەی ئێستا لەئارادایە لەنێوان هێزەکانی پەکەکە و سەربازەکانی تورکیا، بووەتە مایەی تێکچوونی بارودۆخەکە و دروستبوونی تەنگەژەی تازە و دەڵێت «تێکڕای ئەو بارودۆخە تازەیە زەرەری لەهەموو ئەو جموجوڵانەدا، کە بەڕێوەبوون بۆ پرۆسەی ئاشتی، دەتوانم بڵێم تاڕادەیەکی زۆر ئەو شتانەی گەڕاندەوە دواوە».

ناوبراو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هێرشکردنە سەر خەڵکی سڤیلی کوردستان و دەستدرێژییەکانی سەر خەڵکی مەدەنی مەحکوم دەکەن و دەڵێت «ئێمە لەڕۆژی 8/21 کە ئەو خەڵکە بە ناحەق شەهید بوون بە هۆی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیاوە، بەیاننامەیەکی ئیدانەکردنمان دەرکرد، چونکە ئەو شوێنەی ئەو کەسانەی لێ شەهید کراوە، شوێنێکی گشتی بووە نەك شوێنی چەکدارانی پەکەکە بووبێت».

بەهرۆز گەلاڵی وەك نوێنەری یەکێتی لەو وڵاتە باس

لەوەدەکات، کە ئەوان گلەییان لەحکومەتی تورکیا کردووەو داوایـان کـردووە، کە ئەو هێرش و پەلاماردانانە رابگرێت و هاوکات داوا لەپارتی کرێکارانی کوردستان دەکـات، کە هێرشەکانیان رابگرن، بۆ ئەوەی کەشێکی ئارام دروستبێت بۆ ئاشتی.

گـەلاڵـی بـاس لـەو کـۆبـوونـەوەیـە دەکـــات، کـە حزبە کوردییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەتورکیا ئەنجامیانداوە و دەڵێت «لەم بارودۆخەدا چەند رۆژێکە هەموو حزبە سیاسیەکانی تورکیا کۆبوونەتەوە، لەگەڵ رێکخراوە مەدەنیەکان و کۆنگرەی رۆژنامەنوسییان بەستبوو بۆ ئەوەی ئەو شەڕە رابگیرێت».

سەبارەت بەو لێدوانانەی وەزیری دەرەوەی تورکیا، کە گوایە کوشتنی حەوت هاووڵاتی سڤیل دروستکراوە، بەهرۆز گەلاڵی دەڵێت «ئێمە ئیدانەی ئەو کارە دەکەین، چونکە کارێکی ناڕەوایە بەرامبەر خەڵکی مەدەنی فەقیرو هەژار کراوە، بە وەزارەتی دەرەوەی تورکیامان راگەیاند، کە زۆر نیگەرانین لەو مەسەلەیە و ئەوانیش پێیان راگەیاندین، کە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکەن». ناوبراو باس لەوەدەکات تورکەکان داوایان لێکردووین، کە شوێنی رووداوەکەیان بۆ دیاری بکەین، بۆئەوەی بۆیان دەربکەوێت، کە ئەو شوێنەی فڕۆکە بۆردومانی کردووە، شوێنێکی مەدەنییە یان سەربازی پەکەکەیە.

سەبارەت بە کۆمەکی حکومەتی ئێران بۆ سوپای تورکیا لە

لێدانی بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا، نوێنەری یەکێتی لەتورکیا باسی لەوەکرد، کە ئەو زانیاری لەو بارەیەوە نییە. بەهرۆز گەلاڵی پێیوایە، کە لە رێگای ئاشتی و دیموکراتی و بەرەوپێشبردنی رەوشی دیموکراسییەوە کێشەی کورد چارەسەر دەکرێت، دەڵێت «بڕوامان بەوە هەیە کە بە ئاشتی کێشەکە چارەسەر دەکرێت نەك بە شەڕ».

رۆژنامەی ئاوێنە

# یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان بەسێ قۆناغدا دەڕوات

**(ئاسایی بـوونـەوەی پەیوەندییەکان، یەکخستنی فراکسیۆنەکان لە کوردستان و بەغدا، کارکردن لەژێر ناوی دوو مینبەردا)**

لە دیمانەیەکی تایبەتدا (بەهرۆز گەڵاڵی) نوێنەری (ی.ن.ك) لە وڵاتی تورکیا، باسی دوایین بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو دیپلۆماسیەت و لۆبی کـوردی دەکـات، هەروەها سەرنجمان رادەکێشێت بۆ پرۆژەیی یەکگرتنەوە و لێکنزیککردنەوەی نێوان یەکێتی نیشتمانی و بزوتنەوەی گۆڕان، کە چەند پێشنیارێکی کردووەو قۆناغ بەندی بۆ ئەم پرۆسەیەکردووە؟

ئێستا ئەو هەنگاوانە تا چەند بوونەتە پێویستی و تاچەند هەنگاویی کرداری بۆنراوە؟ هەروەها تیشك دەخاتەسەر ئەو خاڵە گرنگانەی، کە لە نامەکەی عەبدوڵا ئۆجەلان بۆ هەریەك لە جەنابی مام جەلال، کاك مەسعود هاتوون، کە چۆن وێرایی سوپاسکردنیان داوایان لێدەکات، کە پاڵپشتی پرۆسەی ئاشتی بکەن، هەروەها باسی هەوڵەکانی جەنابی مام جەلال دەکات، کە لەسەردەمی ئۆزاڵەوە تائێستاش ئەو پەیوەندییەی، کە کورد و تورك هەیەتی لەو چوارچێوەی ماندووبوون و بنەغەکانی ئەو پەوەندیانە سەرچاوەیان گرتووە.

*** لە چەند رۆژی رابردوودا لە میدیاکانی کوردستانەوە نامە گرنگەی تۆ بڵاوبووەوە، بەشێکی زۆر لە میدیاکان بەدوای تۆوە بوون، کە ئاخۆ ئەو نامەیە داوای نزیکبوونەوە و یەکگرتنەوەو هاوهەڵوێستی لەنێوان بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانیدا دەکەن، ئەگەر بکرێت باسی ناوەڕۆکی ئەو نامەیە، ئەو هەوڵانەی**

**که داوتن تاچەند ئیمکانی هەیە، کە یەکێتی و گۆڕان لەیەکتر نزیکبکاتەوە لە ژێر چەتری بەرەیەکدا، یان هاوپەیمانێتییەکدا، یان لە ئەگەری داهاتوودا بۆ یەکگرتنەوە؟**

- سەرەتا زۆر سوپاستان دەکەم، بێگومان نامەکە و پڕۆژەکە دوایی بیرکردنەوەیەکی زۆر، کە بەپێویستم زانی پێشنیارێکی وابکەم بۆ ئەو هەڤاڵانەیی، کە نامەکەو پڕۆژەکەم ئاڕاستەکردن، خۆتان دەزانن ئەمڕۆ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لە عێراق و لە کوردستانی عێراقیش کۆمەڵێك پێشهاتی تازەو کێشەی سیاسی تازە هاتوونەتە پێشەوە، هەروەها کۆسپ و تەگەرەی زۆر گەورە لەبەردەم رەوتی پێشکەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هاوسێکانماندا، ئەوە جیالەوەی، کە لەگەڵ بەغداد کێشەمان هەیە، تەنانەت لەناوخۆشماندا کێشەمان هەیە، بۆ ئەمانە هەمووی بە بیروڕای من باشترین شت ئەوەیە، یەکەم هەنگاو کورد بینات ئەمڕۆ ئەوەیە زیاتر نێوماڵی خۆی بەهێزترو پتەوتر بکات، ئەمەش بەوە دەکرێت سەرەتا ئەم رێکخراوانەی، کە بەڕاستی لەڕووی فکرو بۆچوونەوە لەیەکتر نزیکن، تا ئەو شوێنەی دەکرێت هەوڵبدرێت بۆچوونە سیاسییەکانمان لەسەر تەواویی کێشەکان نزیك و یەکبخەین، بەتایبەتیش یەکێتی و گۆڕان، کە هەردوولامان رۆڵەی یەك ژینگەین و ماوەیەکی دوورو درێژ پێکەوە کارمانکردووە، بەداخەوە لێکترازانێك روویدا لە ئەنجامی کۆمەڵێك کێشە، کە لەلای هەمووومان روون و ئاشکرایە، لە ئێستاشدا قۆناغی ئەوە هاتۆتەپێش، کە کورد پێویستی بەوە هەیە زیاتر لە جاران یەکگرتووتر بێت، یەکگرتووبوونی کورد زیاتر گوتاری سیاسی کورد یەکدەخات، بەمەش دەتوانرێت هەوڵەکان و تواناکان هەمووی

یەکبخرێنەوەو بە هێزێکی زیاترەوە رووبەرووی ئەم تەحەدییاتە گەورانە ببنەوە کەهاتونەتە پێش میللەتەکەمان.

پڕۆژەکەی بەندە بریتییە لە سێ قۆناغ، قۆناغی یەکەم، دڵخۆشانە وا وورده وورده پەیوەندییەکانی گۆڕان و یەکێتی ئاسایی دەبێتەوە، واتە راگرتنی قسەی دژ و راگەیاندنی توند بەرامبەر یەکتر، بگرە لەبری ئەمە لە راگەیاندنەکانەوە سەردان بۆ لای یەکتری بە شتێکی ئاسایی بزانرێت و نیشانبدرێت، واتە پەیوەندییەکان ئاسایی بێتەوە، کە خۆشبەختانە لە ئێستادا چەند هەنگاوێك لە پەیوەندیەکانمان چۆتە پێش، ئەوەتا لەزۆنی سەوز ئیدارەی هاوبەش دروستکراوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی ئیجابی و زۆر دڵخۆشکەرەیە.

قۆناغی دووەمیان، لە پەرلەمان، لە حکومەت، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، لە ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکرێت سەرەتا لەو شوێنانەوە دەستپێبکرێت، کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان تێیدا باڵا دەستە، کێشەکانی نێوان گۆران و یەکێتی تێیدا چارەسەربکرێن، بە بڕوای من دەکرێت لە قۆناغی دووەمدا هەوڵ بدەین فراکسیۆنەکانمان لەسەر مەسەلەی بودجە، لەسەر مەسەلەی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا، لەسەر پەیوەندییەکان لەگەڵ هاوسێکانمان، لەسەر مەسەلەی پەیوەندییە ناوخۆییەکانمان، لەسەر سیاسەتی نەوت و گاز، لەسەر ئەو حکومەت و پەرلەمانەی، کە ئێستا دروستبووە، واتە کۆمەڵێك شتی تازەو گرنگ هەیە، کە بتوانین یەکی بخەین، دیارە قۆناغی مەسەلەی یەکگرتنەوە، قۆناغی سێیەم و ماوەیەکی زۆرتری پێویستدەبێت، بێگومان پێش ئەوە دەکرێت وەکو دوو مینبەر

پێکەوە کاربکەین، یەکێتی و گۆڕان، بۆنموونە کۆمیتەیەکی هاوبەش بۆ سەرکردایەتیکردنی هەردوو مینبەر دروستبکەین، پاشان لە داهاتوودا ئەم هەنگاوانە کە جێبەجێکرا، دەکرێت کۆنگرەیەکی هاوبەش ببەسترێت، تا ئەوکات کۆمسیۆنێکی هاوبەش هەبێت، واتە قسەکە ئەوەیە کۆمەڵێك سیغە هەیە بۆ کارکردن پێکەوە، لەکاتی خۆشیدا ئەگەر لەبیرتان بێت دوایـی راپەرینی 1991 جەنابی مام جەلال بانگەوازێکی بڵاوکردەوە بۆ چەپ و دیموکرات و سۆسیالیستەکان، کە ئەوکاتیش جۆرە یەکگرتنەوەك روویدا، کە باڵێکی گەورەی سۆسیالیست لەگەڵ یەکێتی یەکیگرتەوە، پاشان برادەرانی ئاڵای شۆڕش، کە لەگەڵ زەحمەتکێشان بوون لەگەڵ یەکێتی یەکیانگرتەوە، پێشموایە نییە ئەم بۆچونە جیاوازییانەی، کە لەنێوان گۆڕان و یەکێتیدا هەیە بنەمایەی ئەوەی، کە ئیدی هەرگیز ئەم دوو رێکخراوە سیاسییە ناتوانن یەکبگرنەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لێك نزیکبوونەوە حەرام نییە، پێشموایە ئەمە گرِوتینێك دەدات بە رێکەوتنامەی ستراتیجیش، کە لەنێوان یەکێتی و پارتیدا هەیە، واتە دەکرێت ئەو رێکەوتنە ستراتیجییەی کە هەیە فراوان بکرێت، یەکێتی و گۆڕان بەبڕوای من هەمیشە پێویستە هەڵوێستی خۆیان یەکبخەن، بۆئەوەی بەفعلی لە بڕیاری سیاسی لە کوردستانی عێراقدا بەشدارین. ئێستا لێرەولەوێ هەندێك شت دەکرێت ئەوان ئاگاداری تەواویان نییە.

*** تۆ باسی زۆرشتت کرد، مینبەری جیاواز، لەیەکنزیکبوونەوەی فراکسیۆنەکانی لە هەرێم، بەغدا، لە نزیکبوونەوەیاندا لە حکومەتە خۆجێیەکاندا، ئەوانە بە بۆچوونی تۆ ئەمانە تەنها پێشنیارن وەك ئەوەی کە تۆ لەنزیکەوە ئاگات لێیە، یان ئەمانە بە فیعلی**

**هەنگاوی بۆ نراون، یان دەکرێت بڵێین هەنگاونراوەو دانوساندن دەستیپێکردووە و بۆچوونەکان لەیەکتری نزیکبوونەتەوە ؟**

- بەبڕوای من ئێستا قۆناغی ئەوە هاتووە، خۆشتان دەبینن قسەکردن لە هەموو بوارەکان دەستی پێکردووە، لەناو یەکێتیش خۆتان دەزانـن مەوزوعی باسە و لەناو گۆرانیشدا مەوزوعی باسە، پێموایە بەشێکی زۆری قەواعیدی یەکێتی و گۆڕانیش پێیان خۆشە، ئەو جۆرە لەیەکتر نزیکبوونەوە و یەکخستنی گوتاری سیاسی، یەکگرتووی بەرامبەر بـەدەرەوە و ناوخۆ و بەغداش هەنگاوێکی پێویست و پیرۆزە. بۆیە بەبڕوای من قۆناغی قسەکردن و گۆڕینەوەی بیروڕا دەستیپێکردووە، هەنگاویەکەمیش زۆر بەئاشکرا باسدەکرێت و دەبیندرێت و دەبیسترێت. هەر لەسەردانکردنەکانمان بۆ لای یەکتری و بیروڕا گۆڕینەوە نیشانەی باشی هەیە.

*** گەیشتونەتە چی؟ ئەودانیشتنە لەنێوان کێ و کێدا بوون؟**

- من ناتوانم ئێستا قسە لەوبارەیەوە بکەم، چونکە هێشتا زووە بۆ ئەوەی بڵێم فلان و فلان و فیسار دانیشتوین، بەڵام ئەوەندەی من ئاگادارم هەردوولا زۆر ئامادەییان تێدایە، کەوا لەداهاتوو بەراستی ئەم قۆناغەی، کە بەسەرماندا تێپەڕ بوو، بەفعلی تێپەڕی بکەین و نەگەڕێینەوە بۆ شەڕی ساردی نێوان هەردوولامان.

لەئێستاشدا قۆناغێکی گەرموگوڕمان هەیە، واتە گفتوگۆ دەستیپێکردووە و بیروڕا گۆڕینەوە دەستیپێکردووە، بەڵام ئەمە وورده وورده و بەهێمنی. بەبڕوای من پاش ماوەیەکی کەم هەندێك شتی تازەو نوێ دێتە ئاراوە، بەتایبەت دوای چوارمانگی تر مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم دێتە ئاراوە، بێگومان

ئەوە، کە دێتە پێشەوە ئەوا حزبەکان پێویستیان بەیەکەوە دانیشتن هەیە، ئەمەش جۆرە گفتوگۆیەك دروستدەکات، لەم نێوەندەشدا پێشەکی ئەم گفتوگۆیەش لەنێوان یەکێتی و گۆڕاندا دێتە پێشەوە. بۆیە بڕواموایە ئەو بابەتە وروژاوە ئیدی وورده وورده بەرەو ئەو ئامانجە هەنگاودەنێت، کە هەموولایەکمان دەمانەوێت و هەوڵی سەرکەوتنی دەدەین.

*** ئەم هەوڵانانەی بەهرۆز گەلاڵی درێژە رێکەوتنی دەباشانە کە پێشتر هەبووە؟**

- تەنها هەوڵی من نییە، بەڵکو خێرخواز زۆرن و هەوڵی زۆربـەی خێرخوازانە بەبەردەوامی، واتە زۆر لەسەرکردایەتی یەکێتی و گۆڕان، بڕوا و قەناعەتیان بەو مەسەلەیە هەیە، نەك بابەتەکە زۆر گرێدراوبێت بە منەوە، بەڵام من پڕۆژەکەم نوسی و بڵاومکردۆتەوە، ئەو مەسەلەیەی شڵەقاندو زۆر خەڵکیش هەیە پێی خۆشە هەم لەسەرکردایەتی یەکێتی و بەرپرسی گەورە، هەم لەسەرکردایەتی گۆڕان، بەشێکی زۆری کادیرەکان، بەشێکی زۆری مەکتەبی سیاسیەکان، جۆرە لێکتێگەیشتنیان بۆ ئەم بابەتە هەیە، واتە کاتی ئەوە هاتووە بەراستی گوتاری سیاسی کوردی یکبخرێت، بەتایبەتیش ئەو حزب و لایەنانەی کە لەیەکتری نزیکن.

*** لەساڵی 1992 حکومەتی هەرێمی کوردستان، خاوەنی حکومەت و پەرلەمانە، بەڵام هێشتا رەخنە زۆری لێدەگیرێت، کە رووبـەرووی قەیران دەبێتەوە، هێشتا سیستمی سیاسی و سەرۆکایەتی لەگەڵ ئەو بانگەشەیەیی، کە بۆ دیموکراسی دەکرا یەکی نەگرتەوە، چۆن هەرێمی کوردستان بتوانێت ببێتە خاوەنی سیستمێکی حکومڕانی مۆدێرن، شەفاف، کە گوێ لە بۆچوونی**

**خەڵك بگیرێت، دەستاودەستکردنی دەسـەڵات بەشێوەیەکی جددی؟**

- هـەر هەنگاوێك، کە دەهاوێژرێت دوای ئـەوەی، کە مرۆڤ ئەزموون دەکات، تەماشایی دەکات بزانێت ئەو هەنگاوە سەرکەوتوو بووە، یان سەرکەوتوو نەبووە.

لەماوەی ئەو بیست و سێ ساڵەی فەرمانڕەوایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە، بەڵام رووبەرووی کۆمەڵێك کێشەی ئیداری بۆتەوە، کە کێشەکانیش لەلای هەموان روون و ئاشکرایە، هەموو لایەنەکانیش بەرپرسیارن، بەڕاستی هیچ لایەنێك ناتوانێت خۆی لێبدزێتەوە، کە خەتاکەی بەسەر یەك لایەن و دوو لایەندا بدرێت، چونکە لە هەموو دنیا وایە، کە هەڵبژاردن دەکرێت سەرۆکی هەموو حزبەکان دەڕۆن بۆ هەڵبژاردن و پرۆگرامی خۆیان رادەگەیەنن، ئەو کاتە میللەت بەپێی ئەوە دەنگیان پێدەدات، بەپێی ئەو دەنگانە ئەو حزبانە دەبێت بە هێزی خۆیان بچنە دانوساندنەکانەوە هەوڵبدەن لەسەر پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمان دانیشتن بکەن، ئەوەش ئاشکرایە لەدوایی ئەنجامکانی هەڵبژاردن ئەوە روون دەبێتەوە، کە کامە هێز زۆرترین دەنگی هێناو رێـژەی یاسایی هەیە، ئـەوا بۆ پێکهێنانی حکومەت رادەسپێردرێت.

ئەم سیستمەی، کە ئێستا هەمانە مەکتەبی سیاسی حزبەکانن و سەرۆکی حزبەکانن، کە لەپشتەوە حکوم دەکەن، ئەمە بەڕاستی سیستمێکی تەندروست نییە، ئەمەش ساغبۆتەوە، کە ئەم سیستمە سەرکەوتوو نابێت، لەبەرئەوەی هەموو حزبەکان مەکتەبی سیسییەکان بڕیاردەدەن لە جیاتی ئەنجومەنی وەزیران، لە جیاتی

فراكسیۆنی پەرلەمان، واتە یان دەبێت ئەندامی مەكتەبی سیاسی حزبەكان كاندید بكەن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و بێنە ناو پەرلەمان تا ئەو گفتوگۆ و قسانەی، كە لەدەرەوەی پەرلەمان لەگەڵ یەكتری دەكەن، پێویستە لەناو پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیراندا بێت و پەرلەمان و حكومەت ببنە دوو دەزگای بەهێزو خاوەن دەسەڵاتی تەواو.

*** ئەوەی بەرچاوە تائێستا لە بەڕێوەبردنی سیستمی حكومڕانی لە هەرێمی كوردستان، تا ئێستا بەو شێوەیە بووەو خەڵكێكی زۆریش گلەیی هەیە، بەڵام چۆن مۆدێلێكی تازەو نوێ پراكتیزە بكرێت؟**

- بۆنمونە هەڵبژاردنی داهاتوو شەخسی یەكەمی حزبەكان، كە دەڕۆن بۆ هەڵبژاردن پێویستە، كە ئەنجامەكەشی راگەیەندرا، خۆیان بێن لەگەڵ حزبەكانی دانوستاند بكەن، لەسەر ئەوەی بۆ نمونە لە حكومەتی هەرێمی كوردستان چەند پلەیەكی زۆر گرنگمان هەیە ئەوانیش، سەرۆكی هەرێم، سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری سەرچاوە سروشتییەكان، وەزیری دارایی. بەبڕوای من بۆئەوەی، كە حكومەت حكومەتی هەموو میللەت و ئەو رێكخراوانەبێت، كە دەنگیان هێناوە، ئەم سەرچاوەی دەسەڵاتانە تەنها لەلایی حزبێك نەبێت. بۆنمونە بوترێت سەرۆكی هەرێم، سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری دارایی ئەمانە لەلایی یەك رێكخراوی سیاسی بێت، واتە سەرۆكی هەرێم، سەرۆكی حكومەت، وەزیری سامانە سروشتییەكان لەلایی حزبێك نەبێت. مەبەستمە بڵێم پێویستە ئەم دەسەڵاتانە دابەش بكرێت بەسەر هەموو لایەنەكاندا، ئەگەر سەرۆكی حكومەت پارتی بوو، با سەرۆكی

هەرێم یەکێتی بێت، با وەزیری دارایی گۆڕان بێت، یان سەرۆکی پەرلەمان حزبێکی تربێت، لە هەموو دنیا وایە حزبی براوەی یەکەم سەرۆکی پەرلەمان دادەنێت، پاشان سەرۆکی کۆمار تحویلی حزبی براوەی یەکەم دەکات بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت، بەڵام لە ئێستادا کە تەماشادەکەیت هەموو باسوخواستەکان، کە لە پەرلەمان قسەی لەبارەوە دەکرێت دواجار دەبێت بگەڕێنەوە بۆ حزبەکانیان، بۆنمونە لە ئێستا مەسەلەی سەرۆکی هەرێم لەئارادایە، دەبینین مەکتەب سیاسییەکانی حزبەکان خەریکن و دەوترێت رێکەوتنی هەموو هێزە سیاسییەکانی دەوێت. ئەمەیە پرسیارەکە ئەی رۆڵی پەرلەمان و حکومەت چییە؟ چونکە ئێمە دەمانەوێت حکومەت و پەرلەمانێکی راستەقینەمان هەبێت.

***ئەمانەی کە تۆ باستکردن، رەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیش هەیە، هەموو ئەو سەردانانەی، کە بۆ وڵاتانی ناوچەکەو نێودەوڵەتی هەن، خەڵك و میدیاکان، حزبە سیاسییەکانیش گلەیی ئەوەیان هەیە، کە ئەو سەردان و پەیوەندییە دیپلۆماسییانە زۆرتر لەچوارچێوەی چەند کەسێکدا کۆبوونەتەوە، هەروەها زۆریش حزبییە، لەکاتێکدا پێویستە حکومی، پەرلەمانیش بێت؟**

- تەماشایی دیپلۆماسییەتی کوردی بکە، بەراوردی بکە بەساڵانی رابردوو لەسەردەمی ئەوەی، کە کورد نەحکومەتی هەبوو، نە پەرلەمان کەچی ئەوکات بەم شێوەی ئێستا نەبوو، راستە دیلۆماسیەتمان زۆرتر و فراوانتربوو، لەدوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستبوو، ئێمە دەڵێین ئەوە راستە، کە دیپلۆماسییەتی کوردی گەشەی زیاتری کردووە، بەڵام

هێشتا نەگەشتۆتە ئاستی داخوازییەکانی کورد، بۆنموونە ئێستا ئێمە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەمان هەیە، باشە ئەو فەرمانگەیە بۆنموونە، بۆ ناکرێت بە وەزارەتی پەیوەندییەکان و هاوکاری، کاتی خۆشی لە سەرەتای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەو وەزارەتەمان هەبوو، بەڵام کاتێك هەمان بوو، کە سەدام لە بەغدا بوو، کە هێشتا هیچ کونسوڵگەرییەکیش لە هەولێریش دروستنەکرابوو، ئێستا ئێمە زیاتر لە سی کونسوڵگەریمان لە هەولێر هەیە، چەندین مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکراوە، کە بەداخەوە لەوێشدا زۆر کەسایەتی و شەخشیەتی بەهێزی دیپلۆماسی ناوداری کوردیمان دانەناوە، بۆنموونە بەرپرسی پەوەندییەکانی دەرەوە کەسێك دادەنێم، کە ساڵەهایی ساڵە لەدەرەوە لەشاخ و لە ئێستا نوێنەرایەتی کوردی کردووە، ئێمەی کورد خەڵکی باشمان هەیە بۆ ئەو پۆستانە، بۆنموونە ئێمە خەڵکمان هەبووە، کە ساڵانێك لە حکومەتی عێراقدا وەزیری دەرەوە بووە، یان خەڵکمان هەیە جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق بووە، یاخود خەڵکمان هەیە، کە پەیوەندیەکی زۆر بەهێزی هەیە لەگەڵ سەرۆکی وڵاتان و حکومەتەکانی دونیا باشە، کە ئێمە مانەوێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەینە حکومەت، بۆ ئەم هاوڕێ و برادەرانە نایەنین بیانکەین بە وەزیری پەیوەندییەکان، هاوکاری و حکومەتەکەمان بەهێزتربکەین، چونکە ئەمانە پەیوەندی بەهێزیان هەیە لەگەڵ وڵاتان و دەتوانن سیاسەتی نێودەوڵەتی باشتر بخوێنەوە، زیاتریش خزمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، لەبەرئەوە من پێشنیاردەکەم ئەو فەرمانگەیە بکرێتە

وەزارەتێك بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوەو هاوکاری، هەروەها ئەو مەکتەبانەی دەرەوەش کە هەیە، کە بەداخەوە لە ئێستا زۆربەیان کاریان بۆتە کاری نەخۆش، واتە کەمترین کۆڕو کۆبوونەوەو لۆبی زۆر بەکەمی هەیە، ئەو مەکتەبانە پێویستیان بەهەموو بوارەکانە هەر لە بازرگانی، ئابووری، سیاسی، سەربازی، کولتووری. واتە وەکو سەفارەت مامەڵەبکەن، نەك وەك نوێنەری حزبی، بۆنموونە وڵاتی تورکیا دوو مەکتەبی لێیە، مەکتەبی یەکێتی، مەکتەبی پارتی لێیە، راستە بەحوکمی ئەوەی کە تائێستا دەوڵەتی تورکیا بەرەسمی دانی بە هەرێمی کوردستاندا نەناوە، بەڵام لەرووی کردار دانی پێداناوە، چونکە ئێستا ئەوان مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، بۆنموونە زۆرجاریش کە سەرۆکی هەرێم، یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دێنە ئەو وڵاتە. وا لێك دەدرێتەوە، کە ئەوە بەهۆی پەیوەندیەکانی پارتییەوەیە لەگەڵ تورکیا. بۆیە ئاوایە، نەخێر یەکێتیش پەیوەندی بەهێزی هەیە لەگەڵ تورکیا، بەڵام بەحکومی ئەوەی کە سەرۆکی هەرێم پارتییە، سەرۆکی حکومەت پارتییە بۆیە سەرۆکی وەفدەکان هەر ئەوانن، لەکاتی خۆشیدا کە سەرۆکی حکومەت یەکێتی بوو دەیان جار پێشنیارم کردووە کە سەردانی تورکیا بکات، بەڵام بەداخەوە نەدەهات.

*** دەوڵەتی تورکیا هەوڵیدا، کە وەفدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەردانی تورکیا بکات، تەنانەت خودی خۆشت هەوڵت لەو بارەیەوەداوە، دەمەوێت ئەو بڵێم ئەو سەردانانەی، کە لە رابردوو و ئێستاشدا هەیە زیاتر پەیوەندیدارە بەو هەلومەرجە ئیقلیمیانەی کە هەیە، واتە پەیوەندییەکانی ئێران و (ی.ن.ك) لەلایەك، پەیوەندی تورکیاو پارتی لەلایەکی ترەوە ؟**

- بەبڕوای من، مەرج نییە ئەو بۆچوونە ڕاست بێت، لەبەرئەوەی یەکەم پاش ئەوەی، کە جەنابی مام جەلال نەخۆش کەوت، تورکەکان میوانداری وەفدێکی (ی.ن.ك) یان کرد، کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان (کاك کۆسرەت، مەلا بەختیار، د. نەحمەدین کەریم، د. خەسرەو) سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەیان لەماوەیەکی زۆر کەمدا بینی و پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لێکردن، وتیشیان ئێمە بە هەموو شێوەیەك پشتیوانتانین، ئێمە هیچ لایەنێك تەفزیل ناکەین بەسەر لایەنێکی تردا، بگرە ئێمە دەمانەوێت ئەو هاوسەنگییە بپارێزین، کە لەنێوان ئێوەو پارتیدا هەیە، هەروەها چەندین جار وەفدی ئێمەیان بانگێشت و دەعوەت کردووە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئێستایی ناوخۆیی یەکێتییەوە نەهاتوون، کە ئەوان وتویانە لەسەر مستەوایی بەرز پێشوازییان لێدەکەین.

دەربارەی ئەوەی یەکێتی لەگەڵ ئێران پەیوەندی باشە و پارتی لەگەڵ تورکیا، وەك ئاماژەم پێدا من بەم جۆرەی نابینم کە باسدەکرێت، خۆ لە بنەڕەتدا پەیوەندی تورکیاو کورد جەنابی مام جەلال ئەو پەیوەندییەیی دروستکردووە، بۆ ئەوەش هیچ کەس نییە ئینکاری لەبارەوە بکات، هەر لەسەردەمی ئۆزاڵەوە تا ئێستا، بەتایبەتی لەساڵانی 2005_2006 و 2007 برادەرانی پارتی لەگەڵ تورکیا پەیوەندیەکانیان باش نەبوو، جەنابی مام جەلال هەوڵی زۆری لەگەڵ عەبدوڵڵاگویل و ئەردۆگان دا، پاشان دیداری بۆ کاك نێچیر و ئەردۆگان لەبەغداد لەماڵی خۆی ڕێکخست، واتە مەسەلەکە ئەوە نییە، کە فڵان وڵات لەگەڵ فڵانە حزب پەیوەندییەکانی پتەوە، فڵانە حزبیش پەیوەندییەی نییە لەگەڵ فڵانە وڵاتدا، ئێمە پەیوەندیمان

لەگەڵ ئێران هەیە پارتیش هەیەتی، بۆ تورکیاش بەهەمان شێوەیە.

لەئێستاشدا حکومەتی هەرێم لەبارەی نەوت و غاز لەگەڵ تورکیا خەریکی گرێبەست واژۆکردنە، یان ئەو گرێبەستانە واژۆکراوە، حکومەتی هەرێم بەهەمان شێوە دەیەوێت لەگەڵ ئێرانیش رێکەوتن و گرێبەستی هەبێت، بەڵام بەحوکمی ئەوەی، کە سنوری یەکێتی لەگەڵ ئێراندایە زیاترە، پارتیش سنوری زیاتری لەگەڵ تورکیادا هەیە. بۆیە ئەم پەیوەندییانە دواجار پەیوەندیی کوردە لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا، چونکە یەکێتیش و پارتیش نوێنەرایەتی کورد دەکەن، لەبەرئەوە پەیوەندییەکان کەم و زۆر لەگەڵ هەردوو وڵاتدا زۆر پێویستن، کە پەیوەندییەکانمان لەگەڵیاندا لەسەر بنەمایی بەرژەوەندی هاوبەش بێت، تورکیا و ئێران جیاوازییان نییە بۆ ئێمە، چونکە هەردوو وڵات بۆ گەلی کورد زۆر گرنگن، کە پەیوەندیمان دۆستانەو بەهێز بێت و لەسەر بنەمایی لێدانی بەرژەوەندی کوردی پارچەکەکانی وڵاتانی دەوروبەر نەبێت، کە خۆشبەختانە تائێستا باش هاتووە، تەنانەت ئێمە لە پرۆسەی ئاشتی لە تورکیادا دەوری باشمان هەبووە، بەتایبەتی جەنابی مام جەلال، کە ئەو کاتەی تەندروستی باش بوو هەوڵی تەواوی خۆیداوە لەو بوارەدا، لە دوایی ئەویش هەوڵەکان هەر بەردەوامە و مام جەلال و یەکێتی بەردەوام پشتیوانی پرۆسەی ئاشتی بووین و دەبین، چونکە پێمانوایە پرۆسەی ئاشتی و جێبەجێکردنی پرۆسەکە لە تورکیادا زیاتر ئەمن و ئاسایش لە کوردستانی عێراقیشدا بەرقەرار دەکات، کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراقیش، ئەمە بۆ ئێرانیش هەر راستە، لەبەرئەوە پێمانخۆشە کێشەی کورد بەشێوەیەکی دیموکراسیانە تا ئەو شوێنەی دەکرێت چارەسەربکرێت، لەئێستاشدا هەوڵێکی زۆر

لە ئارادایە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، کە کۆمەڵێك قۆناغی بڕیوە، لە ئێستاشدا هەیئەتێك هاتووە بۆ گەیاندنی ئەو نامەکەیەی، کە ئۆجەلان ناردوویەتی بۆ مام جەلال و کاك مەسعود، کە ئەم هەیئەتە، هەیئەتی دانوستانکاری پرۆسەی ئاشتین لەگەڵ لە تورکیا، ئەو نامەیەش کۆمەڵە خاڵێکی گرنگی تێدا بوو.

*** ئەو خاڵە گرنگانە کامانەن، کە لە نامەکەدا هەبوون؟**

- عەبدوڵڵا ئۆجەلان زۆر جەختی کردۆتەوە لەسەرئەوەی داعش ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە، داعش ڕێکخراوێکە، کە دوور لە هەموو بەهاکانی ئینسانییە و بێ جیاوازی منداڵ، ژن، تاکی کورد دەکوژێت و هەموو شتێك وێران دەکات، هەروەها بۆتە خەتەرێکی گەورە لەسەر سنوری پارێزگای هەولێر، کەرکوك، سلێمانی و هەموو شوێنەکانی تر، ڕەنگە ئەم دوژمنە ئەمڕۆ بەناوی داعش خۆی فۆرم کردووە، سبەی بەناوێکی تر بۆمان بێتەوە، ئێمە هەموو لایەکمان دەبێت بەرامبەری بووەستینەوە، لەهەمانکاتدا باسی ئەوە دەکات، کە لە زۆربەی وڵاتاندا کورد دەچەوسێتەوە بەتایبەتی لە وڵاتانەی کە کوردی تێدایە، کە تا ئێستا مافەکانی خۆیان وەرنەگرتووە و جۆرەها سزا دەدرێن، باسی ڕۆڵ و دەوری جەنابی مام جەلالی کردووە، کە لەسەردەمی ئۆزاڵەوەیە، کە ئێوە بەردی بناغەی ئەم پەیوەندییەتان داناوە، بۆ ئەوە پێویستمان بە هیمەتی ئێوە و جەنابتان هەیە، کە پشتیوانی لەو پرۆسەیە بکەن، هەروەها ئۆجەلان لە نامەکەدا باسی ئەوە دەکات، کە وڵاتی تورکیا کۆمارێکی دیموکراسییە دەبێت ئێمە هەوڵبدەین لەچوارچێوەی ئەم کۆمارە کارەکانی خۆمان ئەنجامبدەین، دەبێت هەوڵبدەین کورد بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ تورکەکان پێکەوە بژین و مافەکانی

خۆی وەربگرێت، لە نامەکەدا جەخت دەکاتەوە لەسەرئەوەی، کە پێویستە کۆنگرەی نەتەوەیی ببەسترێت، ئەو کۆنگرەیەش بۆ یەکخستنی گوتاری کوردی، دوووەم بۆ ئەوەی هەموو لایەك بتوانن، کە لەگەڵ میللەتانی دەوروبەرمان بەشێوەیەکی ئاشتیانە گفتوگۆو دیالۆگێك دروستبکەین، کە ئەو دیالۆگ و گفتوگۆیانە ببێتە مایەی لێکتێگەیشتنی کێشەی کورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا و لەگەڵ نەتەوەکانی ناوچەکەشدا، هەروەها سوپاس و پێزانینی تەواوی خۆشی بۆ جەنابی مام جەلال دەربڕیوە، کەپشتیوان و هاوکاربووە لەم پرۆسەیەداو داوایی تەندروستی باشی بۆ دەکات، کە دەڵێت بۆ من چاکبوونەوەی تۆ هیواو ئومێدێك دەبەخشێت بۆ ژیان، بۆ پرۆسەی ئاشتی لە باکور.

*** تۆ خۆت هەم وەك نوێنەری (ی.ن.ك) لە تورکیا، هەم وەکو شارەزا لە کاروباری تورکیا، هەروەها وەکو ئەوەی کە باسدەکرێت، کە بەڕێزتان وەك خوێندکارێکی جەنابی مام جەلال بەردەوامی لەسەر ئەو ڕێکخستن و پرۆسەیی ئاشتی لە تورکیا و لە نوکەوە ئاگاداری، پرسیارەکە ئەوەیە پێتانوایە ئاشتی بەچی دەگات، بەتایبەتی دوایی نامەکەی ئۆجەلان لە نەورۆز، یان چاوەڕواندەکرێت دوایی هەڵبژاردنەکانی مانگی حوزەیران باشتر ئاشتی بەرقەرار ببێت، تەنانەت ئەم نامەیەلی ئۆجەلانیش دەلالەت لەسەر ئەوەی، کە دەوێت ئەو پرۆسەیە بەرەو پێش بچێت، هەروەها پرۆسەی چەکدانانی پەکەکە هێواش هێواش بێتە پێشەوە، واتە ئەو پرۆسەیە بە قازانجی کورد تەواو دەبێت، یان تورکیا هەنگاوی پێویست دەنێت لەو بارەیەوە؟**

- ئەو پرۆسەیە دەستپێکردووە و گەڕانەوەی نییە بۆ دواوە،

تازە هـەردوولا ناتوانن واز لەو پرۆسەیە بهێنن دەبێت گەشە بکات. تورکیاو پەکەکە و ئۆجەلان پێکەوە دەتوانن پرۆسەکە بەرەو سەرکەوتن ببەن، چونکە ئاشتی لە تورکیا بەبێ ئازادکردنی ئۆجەلان سەرناگرێت.

دیارە ماوەیەکی تر هەڵبژاردن دەستپێدەکات، لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا ئەو گەرم بوونە وا دەکات، کە ئەو قسە توندانەی، کە دەوترێت چارەسەری کێشەی کورد تەواو بووە و مەسەلەیی کوردی نەماوە، پێموابێت ئەمانە هەموو دەخرێتە چوارچێوەی پـروپـاگـەنـدەوە، کە هـەر حزبەو بۆ خـۆی لە تورکیادا پێی هەڵدەستێت، بـەڵام لە حەقیقەدا وانییە، چونکە هەیئەتێك دروستکراوە، کە هەیئەتی دانوستانکاری هەیە، لەگەڵ ئیمرالی دادەنیشێت و زوو زوو کۆبوونەوە دەکەن، ئەو هەیئەتە تا ئێستا کۆمەڵێك هەنگاو چۆتە پێشەوە. لەم هەڵبژاردنە پارتی دیموکراتی گەلان، وەك حزب بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکات، کە ئەمە یەکەمجارە بەو شێوەیە و زۆر مەترسی هەیە، کە ئاواتەخوازم ئەو قۆناغە بەسەرکەوتووی لە 10% تێبپەڕێنین، چونکە لە 10% واتە 60-65 نوێنەریان لە پەرلەماندا دەبێت، ئەمەش دەبێتە هێزێکی تازە بۆ پرۆسەی ئاشتی، بەڵام کە بەدەستینەهێنن دەبێتە مایەیی بەهێزبوونی حزبی دیکە، یان دەنگەکان بۆ حزبی براوەی یەکەم دەڕوات، ئەو کاتە رەنگە کێشەو بارودۆخی تازەی سیاسی بێتە پێشەوە، یان ئەو دە خاڵەی کە عەبدوڵلا ئۆجەلان داوایکردووە، لەدوایی پرۆسەی هەڵبژاردن جێبەجێ نەکرێت ئەوە جێگەی پرسیارە، چونکە پرۆسەی ئاشتی پەیوەندی هەیە بە ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنەوە، لەبەرئەوە بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەکە

ناکشێتەوە دواوە و بەردەوام دەبێت، بێگومان کۆسپیش دێتە پێش، بەڵام ئەو داخوازیانەی کە کورد داوایکردووە جێبەجێدەکرێت، یان جێبەجێناکرێت، ئەمە لەدوایی هەڵبژاردنەکان دەردەکەوێت، کە بەبڕوایی من ئەم قۆناغەی ئێستا پێویستی بەهێمنی نێوانیان هەیە، پێویسە ئەم هێمنییە بپارێزن، چونکە هێمن و ئاشتی وا دەکات خەڵکی زیاتر بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان، ئەوەشمان لەبیر نەچێت لە ئێستاوە ئەو هەڵمەتی هەڵبژاردنانە دەستیپێکردووە، دەشمەوێت ئەوە بڵێم ئەم هەڵبژاردنە بۆ کورد زۆر چارەنوسسازە و خۆشبەختانە بەپێی ئەو راپرسییانەی، کە لەناو خەڵکدا تا ئێستا کراوە پارتی دیموکراتی گەلان لەدەوروبەری رێژەی لە 11% یە، بەڵام خۆ ئەگەر ئەم رێژەیە پێویسە 10% نەهێنن! ئەوکاتە پرۆسەی ئاشتی و دیموکراسی زەرەرێکی زۆر دەکات، ئەو کاتە کورد لەناو پەرلەمان نوێنەری نامێنێت. بۆیە هەڵبژاردنی حزەیران بەنیسبەت کوردەوە چارەنوسسازە، بۆیە درێژە پێدانی خەباتیشیان ئەوکاتە مەجبورن لەشەقام سیاسەتی خۆیان بکەن.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مەکتەبێکی سیاسی لە ئەنکەرە ناکاتەوە؟**

- ئێستا کاتی هاتووە. بەتایبەتی پاش گرێبەستی نەوت و گاز. من پێشنیاردەکەم لانیکەم مەکتەبێکی بازرگانی بکاتەوە دواتر بکرێتە دیفاکتۆ و ئەمری واقیع و بکرێتە مەکتەبێکی سیاسی، ئێستا حکومەتی تورکیا مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات.

**گۆڤاری لڤین**

**بێژەن**

# دۆسییەی تورکیا بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەورووپا، هێشتا لەسەرەتای ڕێگادایە

*** دەبینین چەند پەرلەمانتارێکی بەرەی رەنج و دیموکراسی حەسانەی پەرلەمانتارێتیان لێ وەرگیراوەتەوە پێشچوونیان بۆ پەرلەمان، ئایا ئەمە هۆکاری سیاسی یان یاسایی لەپشتەوەیە؟**

- هەردووکیەتی .هەم سیاسییە، هەمیش یاساییە.

*** بەدوای ئەوەدا پەرلەمانتارە کوردەکان ئەندامێتیان بایکۆت کردووە، ئایا ئەوە هیچ کاریگەرییەکی ئیجابی دەبێت؟ جگە لەوە رێگاچارەی تر هەبوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەی دەزگای باڵای هەڵبژاردنی تورکیا؟**

- دوای هەڵبژاردنی تورکیا لـە12-6 ، پارتی ئاشتی و دیموکراسی بەتایبەتی، هەڵەیەکی سیاسی و ستراتیژی زۆر گەورەی کردو بڕیارێکیان وەرگـرت، کە نەڕۆن بۆ پەڕلەمان بۆ سوێندخواردن! بێگومان ئەم هەڵەیە، پارتی ئاشتی و دیموکراسی بەتایبەتی لێی بەرپرسیارە. سەیریش ئەوەیە ئێستا خۆشیان لەم بڕیارەیان پەشیمانبونەتەوە، بەبڕیارێکی هەڵەو بێ ناوەڕۆکی دەزانن. بەپێچەوانەوە کاریگەری سلبی کردە سەروەزعە سیاسییەکە، بەڵام هێشتا بواری ئەوە ماوە ئەم هەڵەیە راستبکرێتەوە و ئەم پرۆسەیەی هەیە، کە بەپرۆسەی ئاشتی ناسراوە لە پوکانەوە رزگاربکرێت و بکەوێتەوە سەر کەنارێکی ئارام و هەمووولایەك بەنەفەسێکی پڕ لەمەسئولیەت و لە روانگەی بینینی بەرژوەندی بەرزی هـەردوو شەعبی کوردی و تورکی چالاك بکرێتەوە و بەنەفەسێکی تازە، بەسود وەرگرتن لە رابردوو  بۆ ئاشتی هەنگاو بنرێت.

*** ئەمە دۆزی کورد بە چ ئاراستەیەکدا دەبات؟**

- بێگومان  دۆزی کوردی بەرەو خراپی برد .ئەوەتا شەڕ

دەستیپێکردەوە. ئەم توندو تیژییانەی ئەم دوایە بووە هۆی نانەوەی شەڕو کێشە لەنێوان پەکەکە و سەربازەکان، ئێستا وەزعێکی زۆرناخۆش لەتورکیا هاتۆتە کایەوە.

تورکیا و یەکێتی ئەوروپا

*** ساڵانێکە تورکیا دەخوازێت ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، ئێستا لەکوێی ئەو پرۆسەیەدایە؟ دواکەوتنی ئەندامێتییەکەی تاچەند پەیوەندی بەدۆزی کوردەوە هەیە؟**

- دۆسییەی تورکیا بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا، هێشتا لەسەرەتای رێگادایە. ماوەیەکی زۆری دەوێت، تا تورکیا هەموو مەرجەکانی کۆمپنهاگن جێبەجێدەکات! تا ئەو مەرجانەش هەموی جێبەجێ نەکرێت، تورکیا ناتوانێت ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا. بەلای کەم 10 تا پانزە 15 ساڵی تری دەوێت.

## کورد و خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی

*** ماوەیەکە لایەنی کوردی داوای خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی دەکەن، ئەم داوایە تاچەند واقیعییە و ئەگەری بەدیهاتنی هەیە؟**

- لەکاتێکی نەگونجاو و ناموناسیبدا ئەم داوایەیان راگەیاند. من باسی ئەوەناکەم، کە کورد چەند لەسەرئەم داوایەی هەقەو چەند ناهەق! بەڵکو باسی کاتەکەی دەکەم. بەبینی من کاتەکەی لەشوێنی خۆی نەبوو.

*** دەستووری تورکیا رێگا بەپێدانی مافی لەوجۆرە بە کوردەکان دەدات؟ پێتوایە کاریگەری و رۆڵی عەسکەر چۆن دەبێت لەو هاوکێشەیەدا؟**

- لەدەستوری توركیا هەرناوی كورد نەهاتووە جا چۆن ڕێگا بەئۆتۆنۆمی دەدات؟

*** كورد تاچەندە سود لە لاوازبوونی سوپای توركیا و ڕۆڵی عەسكەر وەردەگرێت؟**

- ئەگەركورد زیرەك بێت دەتوانێت سودی زۆر وەربگرێت، بەڵام پێ ناچێت تاكوئێستا سودی زۆری لێوەرگرتبێت!

*** ئایا ئەردۆگان تائێستاش سوورە لەسەر گۆڕینی دەستوور؟**

- بەڵێ، بەڵام چ جۆرە دەستورێك. تاكو ئێستا بەوردی دیار نیە، كە ئایا دەربارەی مافی كورد چ جۆرە ناوەڕۆكێك لەخۆدەگرێت.

*** تاچەند كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و یەكێتی ئەوروپا پشتگیری توركیا دەكەن بۆ ئەوەی دۆزی كورد چارەسەربكات؟**

- ئەم پرسیارە پەیوەندی بەوەوە هەیە ،كە ئایا كوردی توركا پەیڕەوی چ جۆرە سیاسەتێك دەكەن؟ پەیڕەوی لە سیاسەتی ئاشتی و دیموكراسی، یان سیاسەتی شەڕو توندو تیژی! هەروەك پەیوەندی بە زۆر شتی گرنگی تریشەوە هەیە.

**عومەر غوڵامی**

**تائێستا یەکێتی و پارتی داوایان نەکردووە**

**هێزی تورکیا بگەڕێتەوە**

**نوێنەری یەکێتی لە ئەنکەرە: سوتاندنی ئاڵای**

**تورکیا لە سلێمانی زیانی دەبێت**

«له 670 زیندانیی مانگرتوو له توركیا تەنیا 160یـان له مانگرتنی راستەقینەدان»

بەهرۆز گەلالی، مـاوەی 12 ساڵە وەك نوێنەری یەكێتی نیشتیمانی كوردستان لە ئەنكەرە كاردەكات، لە هەڤپەیڤینێكدا لەگەڵ (رووداو) باسی پەیوەندییەكانی حیزبەكەی لەگەڵ توركیا دەكات، دەڵێت مام جەلال، لەبەر دۆخی بەغدا ناتوانێت سەردانی توركیا بكات، هەروەها دەڵێت كوردانی توركیا هەڵەی زۆریان كردووە بەرامبەر پارتی AKPی دەسەڵاتدار لە توركیا. توركیاش بە وڵاتێكی «دیموكراسی و ئازاد» ناودەبات.

هەڤپەیڤین: هیڤیدار ئەحمەد

*** ماوەیەكە لە باكووری كوردستان خۆپیشاندانی هاووڵاتیان و مانگرتنی زیندانیان هەیە، هەڵوێستی یەكێتی توونده بەرامبەر توركیا، بۆچی؟**

- مەسەلەی كورد لە توركیا بۆ هەموو پارچەكانی كوردستان زۆر گرنگە. یەكێتی و پارتی گرنگی زۆر بە مەسەلەی باكووری كوردستان دەدەن، ئـەو دۆخـەی ئێستا لـەوێ لە ئـارادایـە، هەرلایەك بۆچوون و تێڕوانینی خۆی بۆ هەیە. یەكێتی هەمیشە بۆ پارچەكانی دیكەی كوردستان هێزی پشتیوان بووە، هەموو كاتێك ئەگەر پێویستی كردبێت بۆ ئاشتی رۆڵی بینیوە. ئەمڕۆ دەرفەتێكی مێژوویی لە توركیا هاتووەتە پێشەوە بۆ ئەوەی كێشەی كورد بەرەو پێش بچێت. هەر یەك لە جەنابی مام جەلال و كاك مەسعود بارزانی، رۆڵیان هەبووە لە مەسەلەی ئاشتی لە توركیا. پارتی داد و گەشەپێدان AKP هەر كە هاتە سەر حوكم، مەسەلەی ئاشتی گرتەبەر بۆ ئەوەی كێشەی كورد بەرەو

چارەسەر بڕوات. یەکێتی ئەوەی بۆی کراوە هەوڵی زۆری داوە بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست.

*** ئایا هەوڵەکانی تاڵەبانی بۆ ئاشتی لەگەڵ تورکیا چ ئەنجامێکی هەبووە، تائێستاش بەردەوامن؟**

- دوو ساڵ دوای کۆبوونەوەکانی ئۆسلۆ کە لەنێوان تورکیا و PKK ئەنجامدران، ئەو هەوڵ و تەقەلایانە تووشی کێشە و ئاستەنگ هاتوون. ئێستا هەوڵ هەیە کەشوهەوایەکی وا دروستبکرێت دیالۆگ دەستپێبکرێتەوە. چەند جارێك سەرۆك وەزیرانی تورکیا خۆی ئاماژەی بەوە کردووە، ئەگەر پێویستبکات بۆ ئاشتی و دیالۆگ، ئامادەن لە زیندانیش لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان دابنیشن. هەفتەی داهاتوو AKP پڕۆژەیەك دەخاتە بەردەم پەرلەمان، کە گیراوان بتوانن جگە لە زمانی تورکی بە زمانی کوردی بەرگری لە خۆیانبکەن. ئێستا نزیکەی 700 کورد لە نێو زینداندا مانیانگرتووە، بەڵام تەنیا 160 کەس لە مانگرتنی ڕاستەقینەدان. کێشەی کورد لە تورکیا بەبێ ئۆجەلان و بەبێ PKK چارەسەرناکرێت. ڕۆژنامەنوسان و ڕۆشنبیرانی تورکیاش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە، کە کێشەی کورد دەبێت بە ڕێگەی دیالۆگ و ئاشتیانە چارەسەربکرێت.

*** بەڕای تۆ کەی گفتوگۆکانی تورکیا لەگەڵ ئۆجەلان دەکرێن؟**

- تاوەکو 2014 شتێکی گەورە سەبارەت بە کێشەی کورد لە تورکیا ڕوونادات، چونکە ئەردۆگان ئێستا هەوڵی ئەوە دەدات ببێتە سەرۆك کۆمار، سیستەمی حوکمڕانی لە تورکیا بکرێتە کۆماری، بەڵام هێشتا بەتەواوی ڕوون نەبووەتەوە، کە ئایا خۆی کاندید دەکات یان نا.

*** بەڵام ئێستاش سەرۆك وەزیرە و هەموو دەسەڵاتی هەیە بۆچی ئێستا نایکات؟**

- ئێستا لەبەر قەومییەکانی تورکیا ناتوانێت، بەڵام ئەگەر سیستەمەکە بووە سەرۆکایەتی، ئەوکات ئەردۆگان دەسەڵاتی زۆرتری دەبێت و دەتوانێت ئەو هەنگاوە بهاوێژێت.

*** تاڵەبانی چەندجار داوای ئاگربەستی کردووە، ئەو ماوەیەش یەکێتی بە فەرمی رایگەیاند، کە تاڵەبانی هەوڵی ئاگربەست دەدات، بەڵام شەڕوپێکدادان لەنێوان PKKو تورکیا بەردەوامە، ئایا هەوڵەکان سەریاننەگرت؟**

- لە دیبلۆماسییەت هەموو شت بە نهێنی کاری خۆی دەکات. رەنگە ئێستا نەتوانم ئەوە بۆ راگەیاندن بڵێم، بەڵام جەنابی مام جەلال هەر لەسەردەمی خوالێخۆشبوو سەرۆك تورگۆت ئۆزاڵەوە تائێستا هەوڵی خۆیداوە بۆ ئەو مەسەلەیە، لەهەر کاتێك برا تورکەکان داوایانکردبێت لە مەسەلەی ئاشتی کارمانکردووە. دەبێت کورد و تورك پێکەوە دابنیشن. سەردانی ئەردۆگان بۆ هەولێر و کردنەوەی کۆنسوڵخانەی تورکیا لە هەولێر، کاتی خۆی خەونێك بوو دەمانبینی، بەڵام بەچاوی خۆمان بینیمان بووە راستی. هەندێك شت هەیە ئێستا ئێمە ناتوانین باسیبکەین، رەنگە دوای 10 ساڵی دیکە باسبکرێت. ئەمە پەیوەندی بە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئێمە بۆچی دەمانەوێت کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکرێت، چونکە بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد لەو وڵاتەدا، سەقامگیری لە کوردستانی عێراقدا زیاتر دەبێت، پێویستە پەیوەندییەکانمان لەڕووی ئابووری لەگەڵ تورکیا بەهێزبکەین و ئێستا ئاستی ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانی لەنێوان

تورکیا و هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە 10 ملیار دۆلار. بۆیە بۆ ئێمە گرنگە شەڕ لەنێوان کورد و سوپا لەو وڵاتەدا نەمێنێت.

*** هەستناکەی ئێستا ساردبوونەوەیك هەیە لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و یەکێتی؟**

- نەخێر. کۆمەڵێك خەڵك هەن واپێشاندەدەن، کە پارتی پەیوەندی لەگەڵ تورکیا بەهێزە و یەکێتی پەیوەندی لەگەڵ ئێران بەهێزە، ئەوە راست نییە. من ئەوە 12 ساڵە لە تورکیام و زۆرجار پەیوەندی نێوان یەکێتی و تورکیا بەرەو ساردبوونەوە چووە، زۆرجاریش باش بووە. ئێستا پەیوەندی ئێمە لەگەڵ تورکیا زۆر ئاساییە و کێشەیەکی ئەوتۆمان نییە. پەیوەندی ئێمە لەگەڵ تورکیا لەسەر حیسابی کورد نییە. ئەگەر کێشە لە ئامەد هەبێت ئەوا ئێمە ناتوانین بە ئاسانی لێرە (هەرێمی کوردستان) دابنیشین.

*** دوو ساڵە تاڵەبانی هیچ سەردانێکی تورکیای نەکردووە، ئەمە دەریناخات، کە کێشە لەنێوان تورکیا و یەکێتی هەیە؟**

- جەنابی مام جەلال چەند جار وەك سەرۆك کۆمار سەردانی تورکیای کردووە. ئێستا تورکیا پەیوەندی لەگەڵ عێراق زۆر خراپە، بەڵام لەگەڵ کوردستانی عێراق پەیوەندی زۆرباشی هەیە، کە ئەنکەرە پەیوەندی زۆر خراپە لەگەڵ بەغدا، ئەوە ناگەیەنێت، کە پەیوەندی لەگەڵ تاڵەبانی خراپ بێت، بەڵکو پەیوەندی لەگەڵ نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق خراپە. مام جەلال میعماری پەیوەندی نێوان تورکیا و عێراق بووە، هەروەها مام جەلال بوو کێشەکانی هەرێمی کوردستانی لەگەڵ تورکیا چارەسەرکرد. حەزدەکەم بزانن لە ساڵی 2002دا هەردوو کۆمپانیای گەنەل ئێنەرجی و پێتئۆیڵ ئێمە هێناومانن، ئەوکات لەگەڵ پارتی

کێشه و گرفتی زۆرمان هەبوو. دوای ئەوەی حکومەتی هاوبەش دروستبوو ئەو کێشانە چارەسەرکران.

* **ئێستا دەوترێت پێچەوانە بووەتەوە، پەیوەندی نێوان پارتی و تورکیا باشە، بەڵام پەیوەندی نێوان تورکیا و یەکێتی باش نییە، بۆچی؟**

- من نازانم باشترەکە لەچیدایە. AKP بۆ کۆنگرەکەی، جەنابی کاك مەسعود و جەنابی مام جەلالیشی داوەتکرد، بەڵام مام جەلال پێینەکرا و جێگری خۆی نارد.

* **بۆچی مام جەلال نەچوو؟**

- مام جەلال، سەرۆك کۆماری عێراقە، پەیوەندی نێوان بەغدا و ئەنکەرە ئاسایی نییە. مام جەلال وەك سکرتێری گشتی یەکێتی داوەتکرابوو بۆ کۆنگرەی AKP، کاك مەسعودیش، وەك سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان.

* **تائێستا تورکیا بە فەرمی چەند جارێك داوای لە تاڵەبانی کردووە سەردانی ئەنکەرە بکات، بۆچی نەچووە؟**

- دۆخی عێراق بەشێوەیەکە مام جەلال ناتوانێت خۆی لێ دەرباز بکات، دەبێت لە بەغدا بمێنێتەوە و ناتوانێت سەردانی تورکیا بکات. سەرۆك عەبدوڵڵا گیول چەندین جار داوای لە تاڵەبانی کردووە سەردانی ئەنکەرە بکات، تەنانەت کاتێك مام جەلال ویستی نەشتەرگەری بۆ ئەژنۆی بکات، بەڕێز گیول بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ جەنابی مام جەلال کرد، وتی خەستەخانەکانی تورکیا لە خزمەتی تۆدان. بەڵام مام جەلال سوپاسی کرد و گوتی وادەچم بۆ ئەڵمانیا.

* **دوای خۆپێشاندانەکانی باکوری کوردستان وەك پشتیوانی**

بۆ مانگرتووانی کورد لەنێو زیندانەکان، لە شاری سلێمانی خۆپێشاندان کرا و ئاڵای تورکیا سووتێندرا، ئەوە کاریگەری لەسەر پەیوەندی نێوان تورکیا و یەکێتی دروست ناکات، چونکە ئاڵاکە لە سنووری یەکێتی سووتێندرا؟

- من نوێنەری فەرمی یەکێتیم لە تورکیا، ئەگەر ناڕازیبوونێکیش هەبووایە ئەوا بانگی منیان دەکرد، بەش بە حاڵی خۆم هەستم بەهیچ نارازیبوونێك نەکردووە. سووتاندنی ئاڵا شتێکی باش نەبوو، چونکە ئاڵا ڕەمز و قودسیەتی وڵاتە، سووتاندنی ئاڵای تورکیا بڕواناکەم سوودێکی هەبێت، بەپێچەوانەوە زیانی دەبێت و کێشە دروستدەکات.

*** قسەکانی مەلابەختیار لە کۆنگرەی BDPکاردانەوەی جیاجیای لێکەوتەوە، حکومەتی تورکیا هیچ هەڵوێستێکی هەبوو؟**

- هیچ ناڕازی بوونێکم نەبیستووە لەلایەن تورکیاوە. تورکیا وڵاتێکی ئازاد و دیموکراسییە. ئەندامانی پەرلەمان بە ئازادانە قسەی خۆیان دەکەن، ئەوەی مەلابەختیار وتی لە کۆنگرەی BDP، ئێمە لە کۆبوونەوەی فەرمی لەگەڵ تورکیا باسمانکردووە.

*** چەندی دیکە پێویستە کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکرێت؟**

- بەبڕوای من چوار بۆ پێنج ساڵی دیکە گۆڕانکاری گەورە لە تورکیا سەبارەت بە کێشەی کورد ڕوودەدەن و دۆخەکە لە بەرژەوەندی کورد دەبێت. بۆ نموونە لەوانەیە عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئازاد بکرێت. حەزدەکەم بزانن کوردانی باکوری کوردستان هەڵەی زۆر بەرامبەر AKP دەکەن. کاتی خۆی لە 2009 کە ئەو 34

کەسەی گروپی ئاشتی لە قەندیل و مەخموور، لە ڕێگەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە هاتنەوە نێو تورکیا، گەڕانەوەی چارەسەری کێشەی کورد لەو ڕۆژەدا دەستیپێکرد، کاتێك بە خۆپێشاندانی گەورە پێشوازیان لەو گرووپانە کرد، ئەمە ئەردۆگانی ئیحراجکرد بەرامبەر بە نەتەوەپەرستەکان، ئەوە کارێکی خراپ بوو، چونکە نەتەوەپەرستەکان ئەوەیان قۆستەوەو دژی ئەردۆگان هاتنەقسە. ڕەنگە هەندێ کەس لەناو PKKدا هەبن، نەیانەوێت ئاشتی هەبێت و لە تورکیاش وایە. هێزی دەرەکیش هەیە نایەوێت کێشەی کورد لە تورکیا بگاتە سەر مێزی گفتوگۆ و بە ڕێگەی دیالۆگ کێشەی کورد چارەسەر بکرێت، خۆتان دەزانن ئەو هێز و دەوڵەتانە کێن .

*** تورکیا دۆستی کوردە؟**

- ئەگەر بتەوێ هەڵوێستی من ئیحراج بکەی ئەوا بەوشێوەیە وەڵامت دەدەمــەوە، لەناو تورکیا 20 ملیۆن کوردی هەیە و خەبات بۆ مافی خۆیان دەکەن لە وڵاتێکی دیموکراسی وەك تورکیا ناکرێت زیندانی سیاسی هەبێت. هەرێمی کوردستانیش لەڕووی ئابورییەوە سوودی لە تورکیا وەرگرتووە. ئەگەر ئەو پەیوەندییە ئابوریەی ئێستا هەیە لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لە ساڵانی پێشوو هەبووایە، ئەوا دۆخی ئێمە لەگەڵ تورکیا زۆر بەرەو پێشتر دەچوو.

*** دەگوترێت ئەوەی ئێستا یەکێتی دەیکات بەرامبەر تورکیا، وەك وتارەکەی مەلابەختیار، سووتاندنی ئاڵای تورکیا لە سلێمانی، شەڕی ئێرانە لەگەڵ تورکیا؟**

- لە ساڵی حەفتاکان کاتێك حزبی دیموکراتی کوردستانی

ئێران پێویستی بە هاوکاری بوو، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پشتیوانی بوو. مەسەلەی نەتەوەیی لای ئێمە زۆر گرنگە، بۆ یەکێتی کوردی تورکیا میسری عەرەبە، چۆن میسر بۆ عەرەب گرنگە، بەوشێوەیە کوردی تورکیاش بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە. نە موزایەدە لەسەر کەس دەکەین، نە لەکەسیش قبوڵدەکەین موزایەدەمان بەسەردا بکات.

*** مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەی AKP وتارێکی بە زمانی کوردی پێشکەشکرد و لە هەرێمی کوردستانیش ئەو بابەتە زۆر باسکرا، هیچ کاردانەوەیەکی هەبوو لە تورکیا؟**

- وتاری جەنابی کاك مەسعود، وتارێکی مێژوویی بوو، کە بە زمانی کوردی پێشکەشیکرد. کاك مەسعود، سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، لەهەر شوێنێك رێزی لێبگیرێت، ئەوا رێز لە هەموو کورد دەگیرێت، ئەو پێشوازییەی ئەردۆگان لە کاك مەسعودی کرد، بۆ هەموو کورد جێگەی ئیفتیخار و خۆشی بوو.

*** BDP دەسەڵاتی هەیە لە گفتوگۆ و بڕیاردان لەگەڵ حکومەتی تورکیا؟**

- پێویستە PKK دەسـەڵات بداتە BDP تاوەکو بتوانێت کاری خۆی بکات . BDPش پەلەیەتی و دەیەوێت کێشەی کورد لەماوەی شەش مانگدا چارەسەر بکرێت. ئەندامانی BDP زۆرجار لێدوانی زۆر توووند دەدەن، زۆرجار لێدوانەکانی موراد قەرەیلان زۆر نەرمترن لە لێدوانی ئەندامێکی BDP، ئەمە چۆن دەبێت، تۆ کە لە پەرلەمانی دەبێت بە نەرمی سیاسەت بکەیت.

*** مالیکی رایگەیاند کورد داوای دەرکردنی هێزی دیجلە**

**دەکات لەکاتێك سوپای تورکیا لە بامەڕنێ و کانی ماسێ هەیە. ئەو هێزە تورکییە کەی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەو هێزە تورکییە بەداخەوە لە زرووفێکی ناخۆشدا هاتووەتە ناوچەکە، رەنگە هەوڵ هەبێت بۆ ئەوەی ئەو هێزە بگەڕێتەوە، بەڵام بە بۆچوونی من هێزی تورك چووبێتە هەر وڵاتێك گەڕانەوەی نییە، تائێستا نە یەکێتی و نە پارتی ئەو داوایەی نەکردووە، کە هێزی تورکیا بگەڕێتەوە، بە بڕوای من سوپای تورکیا پۆستاڵەکەی بخاتە ناو هەر وڵاتێك ناگەڕێتەوە.

*** راستە یەکێتی نوێنەری خۆی لە ئەنکەرە (تۆ) دەگۆڕێت؟**

- نەخێر، بەڵام خۆم چەندین جار داوام کردووە و جەنابی مام جەلال قبوڵی نەکردووە.

*** بۆچی تائێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی لە تورکیا نییە، ئایا تورکیا قبوڵناکات؟**

- راستە نییە، من لەگەڵ ئەوەم حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك هەنگاوی یەکەم نوێنەرایەتی بازرگانی خۆی لە تورکیا بکاتەوە، رەنگە تورکیا ئەوە قبوڵبکات، چونکە زروفیش لەبارەو چەندین کێشەی بازرگانی هەیە لەنێوان بازرگان و کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا، هەروەها پێشنیازدەکەم پارتی و یەکێتی نوێنەرایەتی خۆیان لە تورکیا بکەنە یەك، بۆ ئەوەی لەداهاتوودا بتوانن نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەنەوە.

**رۆژنامەی روداو**

# کێشەی کورد لە تورکیا

*** ئاکپارتی دەتوانێ لەسەرو نیوەی دەنگەکانەوە بەدەستبهێنێت، بۆچی؟**

ئەوە سێیەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیایە، کە ئەردۆگان و پارتەکەی دەتوانن سەرکەوتنی تێدا بەدەستبهێنن، حکومەتیش بەتەنیا تەشکیل بکەنەوە لەلایەك، لەلایەکی تریش ئەو هەڵبژاردنە بۆ شەخسی ئەردۆگان تاقیکردنەوەیەکی زۆرگەورەیە، چونکە ئەردۆگان بەنیازە لەساڵی 2012 خۆی بۆسەرۆکی کۆماری تورکیا کاندیدبکات و ببێتەسەرۆکی کۆماری تورکیا. بۆیە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەی 12-6 بۆ ئەردۆگان زۆرگرنگە.. لەبەر ئەو هۆیە پارتی دادو گەشەپێدان و ئەردۆگان هەموو تواناو هێزی سیاسی و ئیمکانیاتی، کە هەیانە خستویەتیانەگەڕ لەپێناوی هێنانی دەنگێکی زۆر و لەهەمانکاتیشدا خۆشی تاقیدەکاتەوە لەناو خەڵکی تورکیادا، تا چ رادەیەك خۆشەویستە و گەلی تورکیا ئەردۆگانیان دەوێت و تەئیدی دەکەن.

ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە سەرکەوتن دەبێت بۆ ئاکپارتی و ئەردۆگان، بەئەگەری زۆرەوە ئەگەر پارتی بزووتنەوەی نەژادپەرستی تورکیا (مەهەپە) رێژەی لەسەدا10% کە تێپەربکات! لەو حاڵەتەدا، ئاکپارتی نزیکەی (310تا 315) کورسی دەهێنێت، کە دەکاتە نزیکەی دەوروبەری سەدا 45%ی دەنگەکان، ئەگەریش مەهەپە بکەوێتە ژێر رێژەی سەدا10% کە، ئەوا نیسبەتی دەنگەکان و ژمارەی کورسییەکانی ئاکپارتی

بەرز دەبێتەوە بۆ(360 تا 370) کورسی پەرلەمانی، بەڵام بەپێی لێکدانەوەو راپرسییەکان پارتی بزوتنەوەی نەژاد پەرستی تورکیا (مەهەپە) دەگاتە سەدا 12% و ئەمەش مانای هێنانی نزیکەی 50تا 52 کورسی پەرلەمانی دەگەیەنێت.

*** ئەگەر ئاکپارتی دەنگی زۆر بهێنێت، هەڵوێستی لەبارەی کیشەی کورد لە تورکیا نەرمتر دەبێت، یان توند دەبێت؟**

- هەڵبژاردنی تورکیا کاریگەریی دەبێت لەسەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سوریا، عیراق و ناوچەکە بەگشتی، کۆمەڵێك گۆران و گۆڕانکاری لەناو تورکیا لەگەڵ خۆی دەهێنێتە کایەوە، ئەگەر دەنگەکانی ئاکپارتی گەشتنە 367 کورسی لە پەرلەمان، ئەوا بەئاسانی دەتوانێت دەستور بگۆڕێت و دەستور گۆڕینیش بۆکورد باش دەبێت. پرۆسەی ئاشتیش بەردەوامدەبێت.

*** دەنگەکانی کورد تەقریبەن جەند دەبن، ئایا زۆر و کەمی کورسییەکانی کورد کاریگەری زۆرتر دەبێت، یان ستراتجی کاکردنیان؟**

- ئەمجارەیان کورد بەیەکگرتوی و باشتر لەجاران کاریان بۆ ئەو هەڵبژاردنە کردووە، پارتی ئاشتی و دیموکراسی، کۆنگرەی جڤاتی دیموکراتیك و پارتی بەشدار و پارتی ماف و ئازادیەکان، هەندێك دیموکراتی کـوردو سریانی و هەندێك تورکی دیموکراتخواز، لیستێکی هاوبەشی رێکوپێکیان پێکهێناوە، هەموو لێکدانەوەکان و ئاماژەکان بۆ ئەوەن، کە ئەمجارە کورد

له نێوانی( 26تا30 )کورسی بێنێت. کەخۆیان باس لە هێنانی 35 کورسی دەکەن. ئەم جارە کورد هەم دەنگەکانی زیاتر دەبێت. وە ئەگەری زۆرهەیە ژمارەی کورسیەکانیشی بەرزبێتەوە.

*** پێشبینی ئیوە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی بەکەکە چییە لەدوای پێکهێنانی حکومەتی نوێ؟؟**

- کێشەی کورد لە تورکیا بەبێ بوونی ئۆجەلان و پەکەکەلە پرۆسەکە، چارەسەرنابێت. واتە بۆ دابینکردنی ئاشتییەکی راستەقینەی تـەواو، چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا دەبێت تەواوی لایەن و رێکخراوەکانی کوردی تورکیا بەشێکبن لە پرۆسەی ئاشتی بۆ چـارەسـەری دیموکراسی، ئەگەرنا هەرهەوڵدانێك بکرێتیش سەرکەوتوو نابێت.

**رۆژنامەی روداو 11-6-2011**

**فازیل نەجیب**

# کرانەوەی دیموکراسی هێواش دەبێتەوە و بەساردی دەڕوات

*** ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، تورکیا لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی نزیك دەبێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی تێڕوانینت لەسەری چییە؟**

- سەرەتا سوپاستان دەکەم. هەروەك دەزانن بانگەشەی هەڵبژاردن خەریکە وردە وردە دەستپێدەکات. بۆیە هێشتا زووە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت بەووردی لێکدانەوە لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بکات، چۆنیەتی دابەشبوونی دەنگەکان بە ڕێکوپێکی، بەڵام ئەوەی کە بەمسۆگەری لەبەرچاوە ئەوەیە، کە ئاکپارتی ئەمجارەش زۆرینەی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی تورکیا بەدەستدەهێنێتەوە، دەتوانێت حکومەت بەتەنیا پێکبهێنێتەوە، بۆجاری سێەم دەتوانێت هەڵبژاردنەکە بباتەوە..

*** لە سێ لایەنەوە لەسەر هەڵبژاردنەکە قسەدەکەین: یەکەمیان بەنیسبەت پارتی داد و گەشەپێدانەوە سەرکەوتنی دەبێتە هۆی بەدەستەوەگرتنی سێیەمین خولی فەرمانڕەوایی لەسەریەك لە تورکیا، ئایا ئەکەپە دەتوانێت بەو ئامانجەی بگات، واتە هۆکاری ناوخۆیی و بابەتی لەبارە بۆ ئەگەری لەو شێوەیە؟**

- گومان لەوەدانیە ئاکپارتی ئەمجارەش زۆرینەی دەنگەکان بەدەستدەهێنێتەوە و هەڵبژاردنەکە دەباتەوە، بەڵام وەك وتم هێشتا زووە بۆ ڕاگەیاندن و لێکدانەوەیەکی وورد دەربارەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە ئێستا هەم ئەردۆگان وەهەمیش پارتی دادوگەشەپێدان

زۆر لەسەر ئەوە کاردەکەن، کە پارتی نەژاد پەرستی قەومی تورکیا (مەهەپە) نەتوانێت رێژەی لەسەدا 10% کە بێنێت و نەگاتەوە پەرلەمان. بێگومان ئەگەر مەهەپە نەیتوانی ئەو رێژەیە بەدەستبهێنێت؟ لەو حاڵەتەدا دەنگەکانی ئاکپارتی زۆر بەرز دەبێتەوە، رەنگە ژمارەی ئەندام پەرلەمانەکانی ئاکپارتی بگاتە سەرووی چوارسەد ئەندام. ئێستا بەپێی ئاماری دوا راپرسییەکان، مەهەپە لەدەوروبەری (لەسەدا دەونیو، تا سەدا یازدە)یە. بێگومان ئەگەر رێژەی دەنگەکانی مەهەپەش سەرکەوت بۆ سەرویی سەدا دەکە. ئەوا بەئەکیدی ئاکپارتی جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئێستا نابێت، کە ئێستا نزیکەی (سێ سەدو سی و حەوت) ئەندام پەرلەمانی لەکۆی (پێنج سەدو پەنجا) ئەندام پەرلەماندا هەیە. شتێك کەمتر شتیك زیاتر واتە گۆڕانێکی زۆرگەورە لە ئەنجامەکەدا روونادات.

*** دۆزی کورد، دەرفەتێکی سەرەکییە، ئەو هەنگاوانەی لەماوەی ساڵانی رابردوودا ئەکەپە ناویەتی لەو ئاستەدایە، بۆ ئەوەی متمانەی بەشێکی زۆری دەنگدەری کورد بۆ خۆی کێشبکات؟**

- هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی تورکیا جیاوازە لەهەڵبژاردنەکانی پێشوتر، چونکە هەم کورد ئەمجارە لیستێکی باش و هەمەیەلانەی هەیە. هەمیش ئاکپارتی لەناوچەکانی کوردنشین لیستێکی زۆرباشیان نییە. هەروەك کوردەکانیش ئەمجارە تاقیکردنەوەیان زیاترەو باشترکاردەکەن،

باشتریشكاریان كـردووه. بـڕوام وایـه ئەمجاره كوردەكان ڕێژەی دەنگەكانیان زیاتردەبێت، هەروەها ژمارەی ئەندام پەرلەمانەكانیشیان زۆرتر دەبێت. هەرچی ئاكپارتیشه بڕواناكەم لەوكرانەوە دیموكراسییەی، كه رایگەیاندووە! بـۆدواوە بگەڕێتەوە، بەڵكو بۆ پێشەوە گەشەدەكات، هێواش هێواش لـەدوای هەڵبژاردنەكانیش بـەردەوام دەبێت، بەڵام بەندە بەئەنجامی هەڵبژاردنەكە! ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنەكە بۆ ئاكپارتی زۆرباش دەرچوو؟ ئەوا كرانەوەی دیموكراسی زۆر بۆ پێشەوە گەشەدەكات .ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنەكەش گۆڕانێكی گەورەی لەبەرژەوەندی ئاكپارتی تێدا روونەدات، ئەوكاتە كرانەوەی دیموكراسی هێواش دەبێتەوەو بەساردی دەڕوات.

*** سوپا و لایەنی عەلمانی و نەتەوەییەكانیش، ئەكەپە هۆكارێك بۆ لاوازبوونی پـارەی عەلمانی توركیا دادەنێن، لەهەمانكاتدا وادەزانـن توركیا بـەرەو دابەشبوون، بەرەو زاڵبوونی شوناسی ئیسلامی دەبـات، ئەمە هێزی ئەكەپە لاسەنگدەكات؟**

- بڕواناكەم ئاكپارتی بتوانێت توركیا بەرەو ئیسلامیكردن ببات، وەك لـەوەی كه ئێستا هەیە، چونكه بیركردنەوەی ئەهلی تـوركـی وەك ئەهلی فـارس و عــەرەب نییە. له چێشتخانەكە دادەنیشن لەسەر ئەو مێزە بەڕۆژووە، چاوەڕێی فتارو مەلابانگدان دەكات، لەسەرمێزەكەی تری تەنیشتیشی

خەڵك دانیشتووە بۆخۆی راکی دەخواتەوە، کەسیش قسیەك ناکات، پێموایە عەلمانیەکان و نەتەوەپەرستەکانیش هەربۆ گوناهبارکردنی ئاك پارتی ئەو قسانەدەکەن. ئەگەرنا سیستمی سیاسی لە تورکیا سیستمێکی عەلمانییە، هیچ هیزێك لە تورکیا نەئێستا، نە لەدوارۆژیش ناتوانێت ئەو سیستمە بگۆڕێت، لەو سیستمە پەشیمانبێتەوە. بەڕاستی لێرە دین و دەوڵەت لێکجیاکراوەتەوە.

*** کورد، لایەنێکی بەشدارە، چۆن لە هێز و پێگەی کورد دەڕوانیت؟**

- کورد لایەنێکی بەهێزو بەشدارە لە عەمەلییەی سیاسی لەتورکیا، کەس ناتوانێت ئیتر نکوڵی لە کورد بکات، پێگەکەشی رۆژ بەڕۆژ لەناو کۆمەڵگای کوردی و کۆمەڵگای تورکیش بەهێزتردەبێت، ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەمجارەش کوردەکان دەنگی زیاتردەهێنن.

*** سەرەکیترین رێگری بەردەم بەدەپە چییە لەم هەڵبژاردنەدا؟ بابەتی دوورخستنەوەی کاندیدە کوردەکان «سەرەڕای هەڵوەشاندنەوەی بەشێك لە بڕیارەکە»، ئایا هێشتا کاریگەری سلبی هەیە؟**

- پارتی ئاشتی و دیموکراسی، کە پارتێکی کوردیە. پاڵێوراوی باشیان داناوە. هەندێك حزب لە لایەنەکانی تریش لەلیستەکەیاندا هەن. گەورەترین کۆسپ ئەوەیە، کە ئاك پارتی رکابەرێکی بەقوەتیانە لەناوچەکانی کوردنیشین، هەموو

ئیمکانیاتی حکومەتی لەبەردەستدایە. حزبەکانی تری تورکیا هێزێکی ئەوتۆیان نیە. لەناوچە کوردنیشینەکان دوو هێز دەتوانن دەنگی زۆر بهێنن، کوردو ئاك پارتی. واتە ئەگەر شەڕ لەنێوان پەکەکەو عەسکەر نەبێت لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا ئەوا بۆکورد سودێکی زۆری دەبێت. ئەگەر شەڕیش رووبدات ئەوا کورد زەرەردەکـات، شەڕ کاریگەری دەبێت لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی قەومییەکانی تورك و نەتەوەپەرستەکان. ئاشتی و نەبونی شەڕ دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەم کورد هەمیش ئاکپارتی.

*** ئەوەی بەدەپە بەڕووی دووەمی پەکەکە دەناسێنرێت کاریگەری سلبی لەسەر بەدەپە دەبێت؟**

- تاڕادەیەك کاریگەری سلبی هەیە، بەڵام هەقیقەتێکیش هەیە تا ئێستاش لەناو کوردی تورکیا بەهێزترین رێکخراو هێشتان هەر پەکەکەیە.

*** پێتوایە چ لایەنێك، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، وەکو کارت «چ ئیجابی یان سلبی» بەکاردەهێنێت؟**

- گەورەترین رۆڵ لەناو کـوردی تورکیا، تاکو ئێستاش رۆڵی بەڕێز ئۆجەلانە. بۆ دابینکردنی ئاشتیش بەهێزترین کارتە بۆ ئەو لایەنانەی، کە ئاشتییان دەوێت ئۆجەلانە. واتە هەرلایەنێك ئاشتی بوێت دەتوانێ سودێکی زۆر لەبونی ئۆجەلان وەربگرێت.

*** جەهەپە و مەهەپە، ئەوانیش سیاسەت و ئەجێندای خۆیان هەیە بەرامبەر بە کورد و ئەکەپە-یش، پێشبینی چی دەکەیت بۆ ئەو هێزانە؟**

- ئاك پارتی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەدات. خۆشیان نایشارنەوەو لێدوان و وردە گفتوگۆش هەیە. جەهەپەش دوای هاتنی کەمال قلچدار ئۆغلو ئەوانیش ئێستا بەرانبەر کێشەی کورد نەرم و نیانی پیشاندەدەن، بەڵام ئەمانە هەموی دوای هەڵبژاردنەکان زیاتر روونده‌بنەوە.

*** یەکێك لە بەڵێنەکانی ئەکەپە «ئەگەر سەکەوتووبێت» ئەوا نوسینەوەی دەستوورێکی نوێیە بۆ تورکیا، ئیمکانی ئەوە هەیە دەستووری ئایندە لەئاست خواست و داواکارییەکانی کورددا بێت؟**

- پێموایە دوای هەڵبژاردنەکان دەستورێکی تازە دادەدەنرێت، رەنگە مادی (66) گۆڕانی بەسەردابێت. هەرگۆڕانێك لەو دەستورەی ئێستادا بێتە کایەوە لەبەرژوەندی کوردایە، رەنگە گۆڕانەکە لەئاست تەواوی ویست و خواستی کورد نەبێت، بەڵام دڵنیام بەگشتی لەبەرژوەندی کورددا دەبێت.

*** بەوەی ئاگاداری پرۆسەی سیاسیت لە تورکیا و بۆ خۆت لەوێ کاردەکەیت، دەرەنجامەکان چۆن دەبینی، پێتوایە لایەنی کوردی وەکو پێشبینیدەکات سەنگ و دەنگی زیاتر بێت؟**

- وەك وتم هێشتا زووە بۆ تەقدیرکردن و لێکدانەوە ی دروست و تەواو، چونکە هەڵبژاردنی 12-6 هێشتا زۆری ماوە. لە تورکیاش بارودۆخی حزبەکان بەڕۆژ و سەعات دەگۆڕێت، بەڵام بەگشتی پێموایە ئاکپارتی زۆرینەی دەنگەکان دەهێنێتەوە، بەتەنیا حکومەت تەشکیلدەکاتەوە. لەدەوروبەری (سەدا 39 % سی ونۆ بۆ سەدا 44% چلوچوار ) شتێك زیاتر، شتێ کەمتر. واتە لەو دەوروبەرە دەهێنێت. کوردەکانیش ئەوجارە ڕێژەی دەنگەکانیان هەندێك زیاتر دەبێت، ژمارەی ئەندام پەرلەمانەکانیشان لەدەورەبەری بیست و پێنج ئەندام پەرلەمان تەقدیردەکەم. ئێستا (20) ئەندام پەرلەمانیان هەیە. هەرچەندە خۆیان بەتەمان لەسەرووی (30) ئەندام پەرلەمانن.

**ڕۆژنامەی ئاسۆ 29-4-2011**

# وتار

## کێشەی کورد لە تورکیا بەبێ بونی ئۆجەلان و پەکەکە لە پرۆسەکەدا چارەسەرناکرێت

بڕیارە سبەی یەك شەممە 2014/6/7 نزیکەی 50 ملیۆن هاوڵاتی لە تورکیا رووبکاتە سندوقەکانی دەنگدان بۆ دیاریکردنی 550 ئەندامی پەرلەمان و پێشبینیدەکرێت ئەمجارە کوردەکان و پارتی دادو گەشەپێدان دەنگی زیاتر بەدەستبهێنن.

پارتی دادو گەشەپێدان چاوی لەوەیە لە هەڵبژاردنەکەی سبەینێدا زۆرترین کورسی بەدەستبهێنێت، تا بتوانی بەتەنها حکومەت پێبکهێنێت. بەهرۆز گەلاڵی نوینەری یەکێتی نیشتمانی لە تورکیا بە (رووداو)ی راگەیاند هەڵبژاردنەکە تاقیکردنەوەیەکی زۆرگەورەیە، چونکە ئەردۆگان بەنیازە لەساڵی 2012 خۆی بۆ سەرۆك کۆماری تورکیا کاندیدبکات. لەبەرئەو هۆکارە پارتی دادو گەشەپێدان وئەردۆغان هەموو تواناو هێزی سیاسی و ئەو ئیمکانیاتەی، کە هەیانە خستویەتیانەگەڕ لەپێناوی هێنانی دەنگێکی زۆرو لەهەمانکاتیشدا ئەردۆگان خۆی تاقیدەکاتەوە لەناو گەلی تورکیا، کە تا چ رادەیەك خۆشەویستەو گەلی تورکیا ئەویان دەوێت.

تورکیا لەسایەی حکومەتەکانی دادو گەشەپێداندا لەرووی سیاسی و ئابووریەوە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناوە و ساڵی 2010 ، کە زۆرێك لە وڵاتانی جیهان کێشەی گەورەی ئابووریان هەبوو، ئابووری تورکیا بەڕێژەی 8,9% گەشەی کردووە و ئێستا دەوڵەتی تورکیا بە حەڤدەهەمین ئابووری بەهێز دەناسرێت لەسەر ئاستی جیهان. بەرنامەی ستراتیجی ئاك پارتی ئەوەیە، کە تا ساڵیادی دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا کە 2023یە،

واتە سەد ساڵ تێپەڕبوون بەسەر درووستکردنی کۆماری تورکیا، لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە.

لەبارەی ژمـارەی کورسییەکانی ئاك پارتییەوە بەهرۆز گەلاڵی، رایە وایە کە ئەگەر پارتی بزووتنەوەی نەژادپەرستی تورکیا(مەهەپە) رێژەی لەسەدا 10% تێپەربکات، ئەوا لەوحاڵەتەدا ئاك پارتی(AP) نزیکەی( 310تا 315)کورسی دەهێنێت، کە دەکاتە نزیکەی 45% ی دەنگەکان. ئەگەر مەهەپە رێژەی 10% ی دەنگەکان بەدەستنەهێنێت، ئەوا رێژەی دەنگەکان و ژمارەی کورسییەکانی ئاك پارتی بەرز دەبێتەوە بۆ( 360 تا 370)، بەڵام بەپێی لێکدانەوەو راپرسیەکان پارتی بزوتنەوەی نەژاد پەرستی تورکیا (مەهەپە) دەگاتە سەدا 12% و ئەمەش مانای هێنانی نزیکەی 50تا 52 کورسی پەڕلەمانی دەگەیەنێت .

لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا، کە ئەگەر ئاك پارتی دەنگی زۆر بهێنێت، هەڵویستی لەبارەی کیشەی کورد لە تورکیا نەرمتر دەبیت یان توند دەبێت، بەهرۆز گەلاڵی وتی:»ئەگەر ئاك پارتی 367 کورسی بەدەستهێنا لە پەرلەمان، ئەوا بەئاسانی دەتوانێت دەستور بگۆڕێت و گۆڕینی دەستووریش بۆکورد باش دەبێت و پرۆسەی ئاشتیش بەردەوام دەبێت».

گەلاڵی لەبارەی ژمارەی کورسییەکانی کوردو کاریگەری کەمو زۆری کورسییەکان وتی:» ئەمجارەیان کورد بەیەکگرتوی و باشتر لەجاران کاریان بۆ ئەو هەڵبژاردنەکە کردووە، پارتی ئاشتی، دیموکراسی، سریانی و هەندێ تورکی دیموکراتخواز، لیستێکی

هاوبەشی ڕێکوپێکیان پێکهێناوەو لێکدانەوەکان بەوجۆرەیە، کە ئەمجارە کورد لە نێوانی( 26تا30 )کورسی بەدەستدێنن. کەخۆیان باس لە هێنانی 35 کورسی دەکەن».

تەیب ئەردۆگان رایگەیاندبوو، کە ئازادکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان مەحاڵە، لەبارەی ئـەوەی، کە ئایا کێشەی کورد بێ ئۆجەلان و پەکەکە قابیلی چارەسەرکردنە، بەهرۆز گەلاڵی وتی:»کێشەی کورد لە تورکیا بەبێ بونی ئۆجەلان و پەکەکە لە پرۆسەکە، چارەسەرنابێت، واتە بۆ دابینکردنی ئاشتییەکی راستەقینەی تەواو، چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا، دەبێت تەواوی لایەن و رێکخراوەکانی کوردی تورکیا بەشێکبن لە پرۆسەی ئاشتی بۆ چارەسەری دیموکراسی، ئەگەر نا هەرهەوڵدانێك سەرکەوتوو نابێت.

**رۆژنامەی روداو**

# یەکەم کۆبوونەوەی داود ئۆغلۆ و بارزانی مام ڕێکیخست

نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە تورکیا دەڵێت، زوڵم دەکرێت لە جەلال تاڵەبانی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە فەرامۆشکردنی ئەو هەوڵانەی بۆ وتووێژ و دیالۆگی ئاشتی نێوان تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان داویانە.

نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لیپرسراوی مەکتەبی پەیوەندیەکانی یەکێتی لە تورکیا، بەهرۆز گەلاڵی، لەبارەی وتەکانی مەسعودبارزانی و رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە ئامەد، رونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند، «ناکرێت چیتر بێدەنگ بم لە ئاست ئەم زوڵمە زۆرەی دەرهەق بە خەبات و تێکۆشانی جەنابی مام جەلال و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەنجامدەدرێت، کە بۆ دروستکردنی وتووێژ و دیالۆگ و ئاشتی، رۆڵێکی زۆر گرنگ و گەورەیان قۆناغ بەقۆناغ لەنێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و کاربەدەستانی تورکیا بینیوە».

بەهرۆز گەلاڵی ئەوەشی رونکردۆتەوە کە «هەندێك میدیای حزبی ئەم مەسەلە گرنگە، بەشێوەیەك دەشێوێنن، وەك ئەوەی کە پرۆسەکە تەنیا خۆیان پێی هەڵسابن!!! ؟ ئەمەش بێویژدانییەکی زۆر گەورەیە. بەتایبەتی دەرهەق بەمافی جەنابی مام جەلال و بەندەو چەند کەسایەتییەکی تر، کە رۆژێك دێت ناویان دەهێنم. ئیتر بەسە وازبهێنن لە شێواندنی راستییەکان! پێویستبکات؟ بەزنجیرە، هەموو ئەم دیکۆمێنت و نامەو بەڵگانەی لام پارێزراوە بەووردی بڵاویاندەکەمەوە.... بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان راستیەکانیان بۆ رونبێتەوە، حەقیقەتی راستیەکانیش بۆ خاوەنەکەی بگەڕێتەوە، کە خودی جەنابی مام جەلال و چەند کەسێکی ترن، کە رۆڵێکی یەکجار گەورەیان لەم پرۆسەیەی ئاشتیدا بینیوە، کە ئەمڕۆ لەنێوان بەڕێز ئۆجەلان و کاربەدەستانی تورکیا لە ئارادایە».

**ڕونکردنەوە:**

**نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە تورکیا!**

ناکرێت چیتر بێدەنگ بم لە ئاست ئەم زوڵمە زۆرەی دەرهەق بە خەبات و تێکۆشانی جەنابی مام جەلال و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەنجامدەدرێت! کەبۆ دروستکردنی وتووێژ و دیالۆگ و ئاشتی، رۆڵێکی زۆر گرنگ و گەورەیان قۆناغ بەقۆناغ لەنێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و کاربەدەستانی تورکیا بینیوە.

بێگومان کۆنسەی سەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و کاربەدەستانی ئێستای تورکیا، هیچ لایەکیان ناتوانن نکۆڵی و ئینکاری ماندوبوون و رۆڵ و دەوری جەسورانەی جەنابی مام جەلال و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەمباریەوە نەبینن، کە لەدوای 2002 وە، بەتایبەتیش پاش گرتنە دەستی دەسەڵاتی حوکم لەلایەن پارتی دادوگەشپێدانەوە، کە چۆن مام جەلال کەوتە نێوان هەردوولاوە، تاتوانیمان هەنگاو بەهەنگاو پرۆسەی دیالۆگە کە بۆ پێشەوە گەشە پێبدەین، لەگەڵ کۆمەڵێك کێشەو گرفت و کۆسپ و تەگەرەش، کە بە ئەنقەست لەچەند لایەکەوە بۆ پرۆسەکە دروستدەکران، تا خۆشبەختانە پرۆسەکە گەیشتە نامەکەی بەڕێز ئۆجەلان، کە لە نەورۆزی 2013 بۆ ئاشتی لە ئامەد راگەیەنراو خوێندرایەوە.

بەداخەوە هەندێك میدیای حزبی ئەم مەسەلە گرنگە، بەشێوەیەك دەشێوێنن، وەك ئـەوەی، کە پرۆسەکە تەنیا خۆیان پێی هەڵسابن!!!؟ ئەمەش بێویژدانییەکی زۆر گەورەیە. بەتایبەتی دەرهەق بە مافی جەنابی مام جەلال و بەندە و

چەند کەسایەتییەکی تر، کە رۆژێك دێت ناویان دەهێنم. ئیتر بەسە وازبهێنن لە شێواندنی ڕاستییەکان! پێویستبکات ؟ بەزنجیرە، هەموو ئەم دیکۆمێنت و نامە و بەڵگانەی لام پارێزراوە بەووردی بڵاویان دەکەمەوە.... بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان راستیەکانیان بۆ رونبێتەوە، حەقیقەتی راستیەکانیش بۆ خاوەنەکەی بگەڕێتەوە، کە خودی جەنابی مام جەلال و چەند کەسێکی ترن، کە رۆلێکی یەکجار گەورەیان لەم پرۆسەیەی ئاشتیدا بینیوە، کە ئەمڕۆ لەنێوان بەڕێز ئۆجەلان و کاربەدەستانی تورکیا لە ئارادایە....

لێرەدا دەمەوێت شتێك بێنمەوە بیری خوێنەران: کاتێك پارتی دیموکراتی کوردستان پەیوەندیدیەکانی لەگەڵ تورکیا زۆرخـراپ بوو، مام جەلال لێداونی دەداو لە رێگای منەوە تورکەکانی هێوردەکردەوە، ئەوکات گەرمەی هاتوچۆی من بو لەنێوان پەکەکە و کاربەدەستانی تورکیا بە فەرمان و رێنمایی مام جەلال بۆ دیالۆگ و ئاشتی. مام جەلال رۆلی هەبوو لە چاککردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و برایانی پارتی. بەتایبەتیش لە رێکخستنی یەکەم کۆبوونەوە لە نێوان بەڕێزان (ئەحمەد داودئۆغلو و نێچیرڤان بارزانی)، کە لە ماڵی مام جەلال لەبەغدا لە 2008 پێکەوە دانیشتن، بەڵام سەرۆکی هەرێم لە وتارەکەیدا بە وشەیەکیش باسی مام جەلالی نەکرد! کە دەوری هەبووە بۆ پرۆسەی ئاشتی، هەروەها بەداخەوە سەرۆك وەزیرانی تورکیاش رۆڵ و دەوری مام جەلالی لەبیرکرد،

که ئەم هەموو ساڵە مام دەوری بینی لەم نێوانگیرییەدا. دەبوایە هەم سەرۆك وەزیرانی تورکیا، هەم سەرۆکی هەرێم ناوی مام جەلالیان بهێنایە، بەڵام مێژوو ناشاردرێتەوە. بەڵێن بەمام جەلال دەدەم. هەموو دیکۆمێنتەکان لای من پارێزراون و لەکاتی خۆیدا بڵاویان دەکەمەوە.

ئەوکاتە خەڵکی کوردستان دەزانـن (کێ سەپانە و کێ تێلەکیش)؟ مام جەلال دڵنیابە هەقی تۆ ناخورێت.... ئیتر بژی ئاشتی، بژی برایەتی گەلان...... سەرکەوێت پرۆسەی ئاشتی.

**ئاوێنە نیوز 2013/11/17**

**کوردستانی تورکیا - م ح -**

# کابینەی داهاتوو پێشکەشی پارتی و گۆڕان بێت

بـەهـرۆز گـەڵاڵـی، نوێنەری یەکێتی لە تورکیا، کـادری پێشکەوتووی ئەو حزبە رایگەیاند: ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ئەمجارە بومەلەرزەیەکی سیاسییە بۆ یەکێتی، پێویستە بەدواداچوونی بۆ بکات، هەروەها گەلاڵی داوادەکات یەکێتی ببێتە ئۆپۆزیسیۆن و «کابینەی داهاتووش پێشکەشی پارتی و گۆڕان بێت».

گەڵاڵی، لە وتارێکیدا باس لە شکستی یەکێتی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکات، داوادەکات چیتر یەکێتی نەچێتە ناو حکومەتێکی «بەناو هاوبەش و بەناو یەکسان».

لەبارەی ئاستی بەشداریکردنیان لەگەڵ پارتی لە کابینەکانی رابردوو و کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانی حکومەت، گەڵاڵی دەڵێت «ئەم کابینەی وەزارییانەی کە ئێمە لەگەڵ برایانی پارتی دروستمان کردووە، هەرگیزاو هەرگیز هاوبەش و یەکسان نەبووینە لەهیچ شتێك».

# یەکێتی بۆ ئۆپۆزسیۆن؟!

لەدوای یەکەم هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی یەکەم حکومەتی هاوبەشی نێوان یەکێتیو پارتی، نزیکەی 21 یەك ساڵە یەکێتی لەگەڵ پارتی لێپرسراوێتی ئیدارەی بەڕێوبردنی وڵات و حکومەتیان پێکەوە لەئەستۆدایە. دوای هەڵبژاردنی یەکەمیش ساڵی 1992، هەر هەڵبژاردنێکی تر کرابێت!

یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەنگی هاتۆتە خـوارەوەو جەماوەری لەدەستداوە. لەگەڵ ئەم هەموو خزمەتەش، کە پێشکەشی کردووە. قورسترین و گەورەترین بومەلەرزەش، کە رووبـەرووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆوە، ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەی 21ی ئەیلول بوو. لێرەدا پێویستە دوو پرسیار لەخۆمان بکەین، یەکەمیان، ئەرێ ئەم بومەلەرزەیە بۆ روویدا؟ دووەمیان چۆن هەڵسینەوە؟ وەڵامی چۆن روویدا، هەموومان لێی بەرپرسیارین بەپێی پلەی لێپرسراوێتیمان. بەڵێ مەکتەبی سیاسی یەکێتی، دەبێ زانستییانە ئەم بارودۆخە هەڵسەنگێنێت. پینەڕێژی نەکات، وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ قەواعیدی یەکێتی و جەماوەرەکەی بداتەوە. بەڵێ درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکی هەرێم یەکێکە لەهۆکاری بنەڕەتی ئەم بومەلەرزەیەی کە لێیداین. باجەکەی قورس بوو دامان. بەڵێ ئەم هەموو دەنگە بوو کە لەدەستماندا.

دەربارەی چۆن هەڵسینەوە؟ بەندە بە وەڵامی ئەم پرسیارەوە، دەڵێم دەی یەکێتییەکان با بگەڕێینەوە ساڵی 1976 و سەردەمی بزوتنەوەو کۆمەڵەو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەم رۆحیەتە

شۆڕشگێڕییەی کە ئەوکات  هەمان بوو. گیانی بەبەردا بکەینەوەو سەرلەنوێ بیبوژێنینەوەو کابینەی داهاتوو پێشکەشی برایانی پارتیو گۆڕان بێت. با حوکمڕانی خۆیان بکەن. پیرۆزیان بێت. ئێمەش بڕۆین بۆ ئۆپۆزسیۆن و کاری باشیان کرد دەستخۆشییان لێبکەین و کاری خراپیشیان کرد، لێیان دەکەینە هەراوهوریاو جەماوەریان لێ هاندەدەین، خۆمان بەهێزی گەل بەهێز دەکەینەوە متمانە، پشتیوانی جەماوەری کوردستان جارێکی تر دەتوانین بگێڕینەوە بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵات و خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

ڕێککەوتننامەی ستراتیژیش تێکنادەین، چونکە ڕێککەوتننامەی ستراتیژی لەبنچینەدا بۆ ئەوەیە، کە شەڕی ناوخۆ ڕوونەداتەوە. بەڵێ ئەمەش وەکو بیلبیلەی چاوی خۆمان دەیپارێزین، بەڵام چیتر یەکێتی بەقوربانی حکومەتی (بەناو هاوبەش و بەناو یەکسان) ناکەین، چونکە بەم شێوەیە بەردەوام بین لەگەڵ پارتی! لەهەڵبژاردنی داهاتوودا کەم دەبینەوە، دیارە یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بایی ئەوەی هەیە، کە بتوانێت هەشت نۆ ساڵ بنکەو بارەگا و پێشمەرگە و کادرەکانی خۆی بەخێوبکات، یەکێتییەکان ئیتر بەسە یەڵا با بڕۆین بۆ ئۆپۆزسیۆن، وازبێنن لە کورسی ئەم دەسەڵاتەی، کە بۆتە هۆی لاوازکردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. با بەکردار بگەڕێینەوە بۆ خانووە قوڕەکان و دروشمەکەی جەنابی مام جەلال. بەکردار جێبەجێی بکەین. لەمەشدا داهێنان بکەین.

ئێمە لەهەڵبژاردن بەداخەوە بەهەڵەی سیاسی خۆمان دۆڕاویـن، دەبێت بتوانین دەسەڵات جێبهێڵین، چیتر چاومان لەکورسی دەسەڵات نەبێت؟ بەتایبەتیش داوا لەهێرۆ خان، کاك کۆسرەت، کاك بەرهەم و کاك بەختیار دەکەم. تکا لەتەواوی مەکتەبی سیاسی و کادرەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەم، ئەم پێشنیازەی بەندە دەردەشـە بکەن و ئیتر بەهیچ شێوەیەك لەکابینەی داهاتوودا بەشداری نەکەین، با ببینە ئۆپۆزسیۆن.

نایشارمەوە دەمەوێت راشکاوانە دەستبخەمەسەر هەندێك ئازارو برینی ناو جەستەی کادرەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەماوەی حوکمڕانی هاوبەشی ئەم چەند ساڵەی رابـردووی نێوان یەکێتی و پارتی. ئەم کابینە وەزارییانەی، کە ئێمە لەگەڵ برایانی پارتی دروستمان کردووە هەرگیزا و هورگیز هاوبەش و یەکسان نەبووینە لەهیچ شتێك؟ بۆ نموونە لەم رۆژەی پەرلەمان دروستبووە سەرۆکی پەرلەمان دەدرێتە یەکێتی؟ جێگرەکەی و سکرتێری پەرلەمان پارتی دەیبات؟ لەکاتێکدا پێویستە سکرتێری پەرلەمانیش هی یەکێتی بێت؟ هیچ پێشنیازێك ناتوانرێت بخرێتە ناو ئەجێندای کارەوە، ئەگەر سکرتێری پەرلەمان دەنگی رازیبوونی لەسەر نەدات؟ واتە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئێستا پێکدێت لەسەرۆك، جێگرو سکرتێری پەرلەمان. پارتی سەرۆکی پەرلەمان وەردەگرێت دیسان سکرتێری پەرلەمان دەبات، تەنیا جێگرەکەی یەکێتی دەبێت و دوو دەنگ بەدەنگێك دەبن، بەڵام

کە یەکێتی سەرۆکی پەرلەمان وەردەگرێت پارتی دیسان سکرتێری پەرلەمانیش دەباتەوە؟ ئێمە بەناو دوو حزبی شەریکین! مادام شەریکین دەبوایە شەراکەتەکە جۆرێك لەعەدالەتی تێدابایە، ئەمە عەدالەتی تێدا نییە؟

کاتێ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران دەبێتە یەکێتی و جێگرەکەی پارتی؟ بەداخەوە سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانیش، کە پۆستێکی زۆر زۆر گرنگە ئەم پۆستەش هەر پارتی پڕی دەکاتەوە. کاتی سەرۆکی وەزیران دەدرێتەوە بەپارتی و جێگرەکەی یەکێتی؟ دیسان سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران پارتی دەیبات، کە پێویستە بدرێتە یەکێتی! بەداخەوە یەکێتیش لێی بێدەنگە، سەرۆکی دیوانیش کەیفی لێبێ لێناگەڕێت یەك کتابی فەرمی سەرۆکی وەزیران تێپەڕبێت و لەلای خۆی گلی دەداتـەوە. لەم بارەیەشەوە دەتوانم سەدان نموونە بێنمەوە، لێرەش یەکێتی مەغدورە. جا چۆن دەنگ نادۆڕێنیت؟ کاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن پارتییەوە دیاری دەکرێت.

سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم دیسان هەر پارتییە. جێگری سەرۆکی هەرێم بەپێی رێککەوتننامەی ستراتیژی دەدرێتە یەکێتی، بەڵام ئەویش جاری واهەیە پاش دوو ساڵ بەهەزار تکاو رجاو پاڕانەوە، ئینجا یەکێتی دەتوانێت جێگری سەرۆکی هەرێم دانێت، ئەویش هیچ دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەدراوەتێ؟ تەنانەت ناتوانێ فەرمانبەرێك بگوازێتەوە یان دابمەزرێنێت.

ئیتر نازانم بۆ دەیکات، یان بۆ ئەم پۆستە دروستکراوە؟

سەیری وەزارەتی دەرەوەی عیراق بکەن ژمارەی دیپلۆماتەکانی، کە برایانی پارتی دایانمەزراندووە و پلەی گەورەی دیپلۆماسییان داونـەتـێ! سێ بەرامبەری ژمـارەی دیپلۆماتەکانی یەکێتی نیشتمانین. وەرن سەیری بەڕێوەبەری ئەمانەی عاسمە بکەن لەئەنجومەنی وەزیرانی عیراق ئەویش هی برایانی پارتییە. یەکێتی لەوێش بەشخوراوە. سەیری مفەوەزییەی هەڵبژاردنەکان بکەن بزانن چەندی یەکێتی تێدایە وە چەندیش سەر بەبرایانی پارتین.

بێینەسەر وەزارەتـی نەوت، کوا وەکیلەکەی یەکێتی؟ کوا دەسەڵاتەکانی؟ یەکێتی لەم وەزارەتـە هیچ خەبەرێکی نییە. سەیری وەزارەتی دارایی هەرێم بکەن، کە وەزیرەکەی یەکێتییە؟ بـەڵام سەیری بریکارەکەی بکەن کە پارتییە، وەزیـر بەبێ بریکارەکەی ناتوانێ کتابێك چاپبکات، دەبێ پێشتر بیبینێت. سەیرکەن نوێنەری حکومەتی هەرێم لەواشنتۆن گەڕاوەتەوە کوردستان، کەچی تائێستا یەکێتی ناتوانێت نوێنەرێکی تر لەشوێنی ئەو دابنێت، کە بەشی خۆشیەتی؟ چونکە برایانی پارتی رازی نین. زۆر زۆر شتی تریش هەیە، کە من نامەوێت زیاتر بڕۆمە ناو وردەکارییەکانی، کە ناکرێت لێرە باسیانبکەم.

بەحوکمی ماوەی 13 ساڵ کارکردنم وەك نوێنەری یەکێتی لەتورکیا لێیان ئاگادارم، بەڵام ناشکرێت باسیبکەیت سەیرکەن لەدەڤەری بادینان، بەیەکێتی، گـۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ و هەرچی حزبی کوردستان هەیە ئەمە چەندین هەڵبژاردنە

لەبادینان دەکرێت؟ بەهەمووومان ناتوانین لە 23%ی دەنگی دەنگدەرانی ناوچەی بادینان بەدەست بهێنین؟ کەچی برایانی پارتی بەتەنیا نزیکەی لە 77%ی دەنگەکان دەهێنن، باشە ئێمە وەکو ئەوان لەحکومەت شەریك نین؟ ئەگەر ئیش لەبادینان کرابێت! حکومەتی هاوبەش کردویەتی؟ بەپارەی هاوبەشیش کـراوە؟ باشە بۆ پارتی لەسەدا 77%ی دەنگەکان بتوانێت بهێنێت؟ بۆ یەکێتی نەتوانێ 20%ی دەنگەکان بهێنێت؟ بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان 27 هەزار دەنگ بهێنێت؟ تەنانەت بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشوومان! ئەمجارە نزیکەی یانزە هەزار دەنگیشمان کەمتر لەبادینان هێناوە. سەرم سوڕماوە و بۆم لێکنادرێتەوە. لەکام وڵاتی دونیا سەردەمی هێنانی 70% و 80%ی دەنگهێنان ماوە؟ ئەوەتا دوێنێ لەئەڵمانیا هەڵبژاردن کراوە بە(CDUوە CSU) پێکەوە لەسەدا 46%ی دەنگەکانیان هێناوە؟ کەچی تائێستا ئێمە نەمانتوانیوە لەبادینان بگەینە 40 هەزار دەنگ. تەنانەت لەهەموو دەڤەری بادینان؟ بۆ؟ کەچی پارتی لەپارێزگای سلێمانی ئەمجارە نزیکەی 90هەزار دەنگی بەتەنیا هێناوە؟ جا ئەمە بارودۆخی یەکێتی بێت! تێناگەم بۆ نەڕۆینە ئۆپۆزسیۆن؟ هیوادارم ئەم بیروبۆچوونانەی خۆم نەبنە مایەی سەریەشە دروستکردن بۆ هیچ لایەك.

من ئازادم وەك ئەندامێکی یەکێتی، وەك کادرێکی یەکێتی، ئازادانە بیرو بۆچوون و لێکدانەوەی خۆم جەسورانە دەربڕم. داوای مافی خوراوی یەکێتییەکەی خۆم بکەم، چونکە پێیەوە

ماندووبووم، نامەوێت بەزەلیلی چیتر یەکێتی ببینم! ئەگەر شەریکین؟ ئەمە شەراکەتێکی دادپەروەرانە نییە؟ بۆیە دەی یەکێتییەکان با بڕۆین بۆ ئۆپۆزسیۆن، پێکەوە دەست لەناودەست خەبات بکەین، ئەم دەورەیەی خۆمان لەحوکمڕانی و حکومەت دوورخەینەوە. دڵنیام لەوەی یەکێتی هەڵدەسێنینەوە و یەکێتی بەمێژووی خەباتەکەی پێناسە دەکرێت؟ نەك بەشتی ترو دووبارەش دەنگ و متمانەی جەماوەری خۆشەویستی کوردستان وەردەگرینەوە. ئیتر بەرەو کورسییەکانی موعارەزە لەناو پەرلەمانی کوردستان و یەڵا یەکێتییەکان بۆ ئۆپۆزسیۆن!

**ڕۆژنامەی روداو 25-9-2013**

# چەند پێشنیازێک بۆ کۆمیتەی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی

یەکەم: ئەم کۆنگرەیە هەقە ناوەکەی بکرێتە کۆنگرەی کوردستانی، چونکە لە کوردستان تەنیا کورد ناژی، ئیتنیك و میللەتانی تریش لەکوردستان هەن و پێکەوەدەژین.

دووەم: هیچ حکومەتێکی ئیقلیمی بۆ ئەم کۆنگرەیە بانگهێشت نەکرێت، بەڵام پارتە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانە بانگهێشت بکرێن بۆ کۆنگرەکە، بۆ نموونە لە تورکیا ئاك پارتی، جەهەپەو مەهەپە بانگهێشتنامەیان بۆ بنێرن وەك حزب، ئەگەرهاتن بەخێربێـن. لەوڵاتەکانی تریش بەهەمان شێوە.

سێیەم: پێویستناکات کۆنگرەکە سەرۆکی هەبێت، بەڵکو کۆمسیۆنێك لەهەر چوار پارچەی کوردستان، کوردانی تاراوگەو بێلایەنەکان پێکبێت، لەماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا سەرپەرشتی ئیشوکارو بڕیارەکانی بکات. ئەگەر هەندێك

لایەنیش سـوورن لەسەر ئـەوەی کە دەبێت کۆنگرەکە سەرۆکی هەبێت؟ ئەوا پێشنیازدەکەم بۆ تەقدیرکردنی خەبات و تێکۆشانی مام جەلال، کە ئێستا نەخۆشە. خولی یەکەمی سەرۆکایەتی بدرێتە یەکێتی و بەڕێز مام جەلال بۆ خولی یەکەم بکرێتە سەرۆکی کۆنگرەکە. ئەگەر خۆشی لەخولی سەرۆکایەتییەکەیدا بـۆی نەکرا، سەرپەرشتی کۆبونەوەکان بکات، ئەوا یەکێك لە هەڤاڵەکانی دەتوانێت ئەم کارە بگرێتە ئەستۆ. ئەگەر دەشڵێن جەنابی مام جەلال بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە بۆی ناکرێت، پێشنیازدەکەم بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان بێت، چونکە ئێستا بەڕێزیان لەزیندانە، تەقدیر بۆ بەڕێزیان و بۆ خەبات و تیکۆشانەکەی، بۆئەوەی هەموو کورد داوای ئازادکردنیشی بکەن. هەقی خۆیەتی خولی یەکەم بەڕێز ئۆجەلان بێت. بەتایبەتیش کە ئێستا سەرۆکایەتیی پرۆسەی ئاشتی دەکـات لەنێوان تورکیا و پەکەکە. ئەمە هەم بۆ کوردی تورکیا باشەو هەمیش بۆ بەڕێز ئۆجەلان و کوردی باکووریش، کە بەژمارە لە کوردانی هەر سێ پارچەکانی تریش زیاترن. ئەگەر کۆنگرەکە هەر دەبێت سەرۆکی هەبێت! ئەوا پێویستە سەرۆکایەتییەکەی دەوری بێت و بەنۆرە بێت.

**2013/8/18**

# ئەگەر لەجیاتی جەنابی سەرۆک بومایە!

لە مێژووی گەلاندا، رابەرو سەرکردە و کارێزمای سیاسی، هەمیشە پێویستبووە، لە ئەزمەسیاسییەکاندا رۆڵی مێژوویی و گەورەی خۆیان بینیوە و دەبینن؟

لە کوردستانی عێراق، دوو سەرۆك و رابـەر دروستبووە. ئەوانیش جەنابی سەرۆك مام جەلال و جەنابی سەرۆك بارزانی-یە. لایەنەکانی حکومەت و ئۆپۆزیسیۆنیش ئەم راستییە دەزانن و مەسەلەیەکی حاشاهەڵنەگر و واقیعییە. بەداخەوە ئەمڕۆ بەهۆی نەخۆشییەوە جەنابی مام جەلال بۆ شەش مانگ دەڕوات لێمان دووردەکەوێتەوە، بەڵام خۆشبەختانە رۆژ بەڕۆژ تەندروستی بەرەو باشی دەڕوات.

جاران جەنابی مام و جەنابی کاك مەسعود، پێکەوە شتی گرنگیان حەسمدەکرد و چارەسەری سیاسییان بۆ ناکۆکی و ململانێ و کێشەکان بەجۆرێك لەجۆرەکان دەدۆزیەوە، ریزەکانی کوردیان لە لێکترازان دەپاراست. ئەمڕۆ غیابی جەنابی مام جەلال، ئەرکی سەرشانی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی لە هەموو روویەکەوە قورسترکردووە. کۆمەڵێك کێشەو گرفتی سیاسی و دەستوریمان بۆ دروستبووە. مام جەلال لە گۆڕەپانەکەدا بوایە بۆ چارەسەکردنی ئەم کێشەو گرفتانەی، کە لەقۆناغی ئەمڕۆدا هەیە لەگەڵ جەنابی کاك مەسعود پێکەوە چارەسەرێکیان بۆ دەدۆزییەوە. بەتایبەتیش کێشەی رەشنوسی دەستوری تازە، سیاسەتی نەوت و گاز..

لێرەدا دەمەوێت ئەمە بڵێم پێش ئەوەی وتە بێژی فەرمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لێداون بدات و بڵێت: ئەم نوسینە تەعبیر لـەڕاو هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی ناکات!

خۆم کارەکەی بۆ ئاسان دەکەم، دەڵێم بەڵێ ئەم نوسینە وەك نوسەرێك نوسیومەو راو بۆچونی شەخسی خۆمەو رای یەکێتیی نییە، هەست بە مەترسییەکی گەورە لەسەر دوارۆژو چارەنوسی هەرێمەکان دەکـەم. بۆیە بەپێویستم زانی راشکاوانە لەسەر مەسەلەی رەشنوسی دەستوری تازە بەپێچەوانەی ماستاوچییەکان راکانی خۆم وەك نوسەرێك رابگەیەنم.

بەڕای بەندە ئێمە لەیەکێتی و پارتی دەبێت ئەم راستییە لە سیستمی دیموکراسیدا تێبگەین کە بونی (59) کورسی لەپەڕلەمان یان هێنانی زۆربەی دەنگەکان لە هەڵبژاردنەکاندا مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە ئیتر هەموو شتێك وەکو خۆمان دەمانەوێت! دەبێت تێپەڕیکەین و گوێ نەدەینە رای ئۆپۆزیسیۆن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی! بەتایبەتیش لە هەندێ بابەتی گرنگی وەك رەشنوسی دەستور وسیاسەتی نەوت و گاز. لێرەدا جەنابی سەرۆکی هەرێم لێپرسراویەتییەکەی لە هەموو کەسێك گەورەترە. خەڵك چاوەڕێی ئەوەی لێدەکات، کە هەولبدات هەڤاڵەکانی لەناو پارتیدا تێبگەیەنێت، کە ئیتر ناتوانن تاسەر هەرشتێکی، کە خۆیان یەکلایەنە بیانەوێت تێپەڕی بکەن؟ بۆیە هەقە جەنابی سەرۆکی هەرێم، خۆی قبوڵی ئەوە نەکات، کە پارتی بە30 کورسی لە پەڕلەمانی کوردستان بیەوێت حومی 81 کورسی بکات و گوێ نەداتە هیچ لایەنێك و گوێ لە دەنگدەری ئەم 81 کورسییە نەگرێت. تەنانەت مافی یەکێتییەکانیش پێشێلبکرێت؟. رەنگە یەکێك بڵێت ئەدی ئەوە نییە پارتی داوای رێفراندۆم دەکات لەسەر رەشنوسی دەستور؟ بۆ دژی ئەوەن دەستور بخرێتە راپرسییەوە. وەڵامی ئەم پرسیارە بەم شێوەیەی خوارەوە دەدەمەوە. پێش ماوەیەك

لە توركیا ویستیان دەستورێكی تازە دابنێن و دەستورە كۆنەكە بەتەواوی بگۆڕن. هەستان لیژنەیەكیان دروستكرد بەسەرۆكایەتی سەرۆكی پەرلەمان و هەریەكە (3) ئەندام پەرلەمانیش لە( ئاك پارتی، جەهەپە، مەهەپە و بەدەپە)؟ واتە لیژنەكە پێكهاتووە لە حزبی حاكم و ئۆپۆزیسیۆن، وەكو یەك. بڕیارەكانیش لەم لیژنەیەدا لەسەر هەرمادەیەك بە تەوافوق و سازانی نیشتمانی یە. نەوەك حزبێك بڵێت من زۆرینەم و ژمارەی ئەندامانی من لە لیژنەكە دەبێت لە هی فڵانە حزب وەیا لە هی ئۆپۆزیسیۆن زۆرتربێت؟ بۆنمونە لەكۆی 550 ئەندامی پەرلەمان. ئێستا ئاك پارتی لە پەرلەمان 327 ئەندامی هەیە، بەدەپە حزبە كوردیەكە 29 ئەندامی هەیە، جەهەپە 134، مەهەپە 52 وە بێلایەن 6 و دوانیش مردون، بەڵام هەریەكەیان وەكو یەك 3 ئەندامی لە لیژنەی دانانی دەستوردا هەیە. ئەمەیە سازانی نیشتمانی؟ ئایا لە كوردستانی خۆمان لە كاتی دانانی لێژنەی دەستوری رەچاوی ئەم خاڵە كراوە؟ كە هەمووشیان لەسەر دەستورەكە رێككەوتن؟ ئینجا بڕیارە بخرێتە راپرسییەوە، بەڵام هێشتا رێكنەكەوتوون. واتە یەك لایەن رازی نەبێت ئەم دەستورە ناتوانرێت بخرێتە ریفراندۆمەوە.

ماوەیەك پێش ئێستا سەرۆكی وەزیرانی توركیا هەندێك لێدوانی دا، عەلمانیەكانی ناڕەحەتكرد. پێیان وابوو ئـازادی و سەربەستی تاك بەشێوەیەكی سیستەماتیك پێشێلدەكرێت، ئەم سیاسەتەی حكومەت! توركیا بەرەو دواوە دەگێڕیتەوە! فەرموون سەیركەن چ خۆپیشاندنێكی گەورە ئێستا هەمووڕۆژی لە شارەكانی توركیا ئەنجام دەدرێت. ئەڵبەتە هەندێ هێزی ناوخۆو دەرەكیش هەن ئەم هەڵەیان قۆزتۆتەوە، دەیانەوێت ئاژاوە بۆ حكومەتی

ئاك پارتی و تورکیا دروستبکەن و پرۆسەی ئاشتیش تێکبدەن، بۆیە تا ئێمە لە کوردستان توشی ئەم حاڵەتە ناخۆشە نەبوینە! هەقە جەنابی سەرۆکی هەرێم دڵی فراونتر بکات و خۆی بەسەرۆکی هەرێمی هەمولایەك بزانێت، وەکو سەرۆکی پارتی هەڵسوکەوت نەکات. بەڕای من جەنابی سەرۆك نابوایە لە یادەوەری گوڵاندا ئەم لێدوانەبدات، چونکە هەم شوێنەکەی، هەم کاتەکەی وە هەمیش ناوەڕۆکی وتارەکە گونجاونەبوو، ئەگەر ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی لەو بۆنەیە ئەم قسانەی بکردبایە ئاسایی بوو، بەڵام سەرۆکی هەرێم لە موناسبەی حزبی خۆی، پێموایە ئەمەیان پارتی خۆی دەبوایە هەڵویستی سەرۆکی هەریم ئیحراج نەکات و ئەمە روونەدات. بۆیە تەمەنا دەکەم جەنابی سەرۆکی هەرێم، ئەم مەترسیانە هەمووی لەبەرچاوبگرێت، رەشنوسی ئەم دەستورە بەئاشکرا لەگەڵ هەمولایەنەکانی کوردستان لەسەر خاڵ بەخاڵی گفتوگۆبکات و کەموکوڕیەکانی کە لە دەستورەکەدا هەیە بەڕەزامەندی هەمولایەك بنەبڕبکات، ئینجا هەمولایەك پێکەوە بیبەین بۆ ریفراندۆم و دەنگی لەسەربدەین. موناقەشەی ئەوە ناکەم، گەڕانەوە یان ناردنی رەشنوسەکە بۆ ریفراندۆم یاساییە یان نایاسایی؟ چونکە بۆمن رای هەموو رێخراوە سیاسیەکانی کوردستان و ئیجماعێکی نیشتمانی لەهەموو شتێکیتر بەلامەوە گرنگترە. بەتایبەتیش مەسەلەی دەستور...، بەڵام ئەگەر رەشنوسی ئەم دەستورەی، کە ئێستا هەیە بێدەستکاری بخرێتە راپرسییەوە! بڕوام وایە ئەمجارە میللەت راستدەبێتەوە و مەیدانێکی وەك مەیدانی تەقسیم و تەحریر لەهەولێر دروستدەبێت، بەداخەوە ئەمجارە زۆر هێزی دەرەکیش هەن لەخوایان دەوێت شتێکی

واڕوبدات تا دەستیتێبخەن و ئاڵۆزی بخەنەوە نێو ماڵەگەورەکەی کوردەوە.... ئەوکاتیش کار لەکار دەترازێت و کارەکەمان لەدەست دەردەچێت؟؟؟ بۆیە تکا دەکەم با مەسەلەکە نەگاتە بنبەست، هەموومان با پێکەوە بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان بخەینە سەر بەرژەوەندی باڵای تەسکی حزبایەتی، لە کونی دەرزی روداوەکانی کوردستان و دەوروبەر هەڵنەسەنگێنین. مەسەلەکە لەمە گەورەترە. لە مێژوودا خۆبەستانەوە بەڕایەکی تایبەتی کوردی کوشتووە. ئەم دەستورەی ئێستا بێ سازانی نیشتمانی بخرێتە راپرسیەوە گەلی کوردستان راست دەبێتەوە. جاری پێشو هەولێر راستنەبۆوە، چونکە یەکێتی نیشتمانی پشتیوانی لە خۆنیشاندانەکان نەکرد؟ بەڵام ئەمجارە بەڕای من یەکێتی نیشتمانیش ناتوانێت هەولێرو هەولێریەکان لە هەڵسانەوە ڕابگرێت ؟؟؟ غیابی جەنابی مام جەلالیش کاریگەری خۆی هەیە... بڕوام بەمە هەیە، کە جەنابی سەرۆك ئینشاللە هەوڵدەدات کورد توشی دووڕیزی و دوو ئیدارەی نەبێتەوەو چارەیەکی گونجاو بۆ ئەم ئەزمەیە دەدۆزێتەوە. شتێکی گرنگیتریش دەمەوێت بخەمە بەرچاوی خوێنەرانی ئازیز.

حکومەتی ئاك پارتی و ئەردۆغان 21 ملیۆن دەنگی میللەتی تورکیایان هێناوە. کەچی ئێستا دەبینین چۆن هەموو رۆژ خۆپیشاندانە؟ هەقە جەنابی سەرۆك بەقسەی راپۆرتی راپۆرتنوسان نەکات؟ شۆڕشی ئەیلوولی مەزن، شۆڕشێکی مەزنی گەورەی هەموو کوردستان بوو. هەموو کورد لەهەرچوارپارچەی کوردستان پشتیوانی لێدەکرد. جێگای ئومێد بوو. پارتی دیموکراتی کوردستان و خوالێخۆش بوو جەنابی مەلا موستەفا بارزانی

رابەرایەتی دەکرد، کەچی ئەم پارتە گەورەو عەزیمەی شۆڕشی ئەیلوولی ئەوکاتی وا دەنگی کەمبۆتەوە .... تەنانەت 30 کورسی لە کۆی 111 کورسی هەیە؟؟؟ ئەرێ راپۆرتنوسەکان بۆ ئەم پرسیارە لەخۆتان ناکەن؟ بۆ پارتی وای لێهاتوە؟؟؟ لە تورکیا ئاك پارتی و ئەردۆغان دەبینن کە ئەمە 12 ساڵە چۆن خزمەتی وڵاتی خۆیان دەکەن؟ بەڵام ئەوا دەیبینن ئێستا وەزعی تورکیا چۆنە؟ هەندێك خەڵك داوای رۆیشتنی سەرۆکی وەزیران دەکەن؟؟؟ با دەرس لەمە وەربگرین. ئەم کێشەیە چارەسەربکەین. پێموایە باشترین چارەسەر بۆ دۆزینەوەی مەخرەجێك، کە هەموو لایەکی پێ رازیبێت و جەنابی سەرۆکی هەرێم چارەسەری تەواوی کێشەکان بکات! بریتییە لەوەی، کە جەنابی سەرۆك خۆی بەسەرۆکی هەموو چین و توێژو حزب و لایەنەکانی کوردستان و هەرێمی کوردستان بە عەمەلی بزانێت. وە بڕیار بدات هەموو خەڵکی کوردستان بە حکومەت و بە ئۆپۆزیسیۆنەوە بەبراو خوشك، برازاو خوشکەزای خۆی بزانێت، سەرۆکی تاك بەتاکی ئەم هەرێمەی کوردستانی عیراق بێت . گوێ لەحکومەت بگرێت، گوێ لە حزب و لایەنەسیاسیەکان و تەواوی داخوازیەکانی موعارەزە بگرێت، وە بڕیارێکی مێژوویانە وەربگرێت و بڵێت، یەکەم رەشنوسەکە سازانی لەسەر بکرێت دووەمیش واز لە (سەرۆکی پارتی دەهێنم و خۆم بەس بۆکورد و کوردستان) بێجیاوازی تەرخاندەکەم. کاك نێچیرڤان بکاتە سەرۆکی پارتی. جەنابیشیان بۆ کاروباری هەرێم بەتەواوی تەفەروغ بکات و هەوڵبدات، لەکوێ ناکۆکییەك سەری هەڵدا؟ بەبێ جیاوازی لەوێ خۆی تەداخول بکات و چارەسەری بکات. لەم حاڵەتەدا بڕوام وایە، تەواوی خەڵکی کوردستان

بەحکومەت و بە ئۆپۆزیسیۆنەوە، هاوکاری و پشتیوانی لێدەکەن. ئەمەش هەم گەورەیی دەبێت بۆ خودی کەسایەتی سەرۆك مەسعود بارزانی، وەهەمیش خۆی کوڕی خوالێخۆشبوو سەرکردەی گەورەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن مستەفا بارزانی - یە، دەتوانێت گەورەترین رۆڵی سیاسی خۆی ببینێت، خۆی لە پارتایەتی تەسك دووربخاتەوە، چونکە قۆناغی ئەمڕۆ، بمانەوێت نەمانەوێت! پێویستی بەسەرکردەیەکی خاوەن تەجروبە هەیە. کەواتە باشترین هەنگاوی مێژوویی، ئەمەیە کە جەنابی سەرۆك وەك سەرۆکی تەواوی هەرێمی کوردستان هەڵسوکەوت بکات. بڕوام وایە ئەم هەنگاوە بهاوێت؟ بەئەگەری زۆرەوە برادەرانی ئۆپۆزیسیۆنیش بە ئیجابی هەڵیدەسەنسگێنن. وە خەڵکی کوردستانیش لە ململانێ و لەم کێشانەی، کە خەریکە لە کوردستان دروستبێت دەپارێزێت، تاقیکردنەوەکەی کوردستانی عیراقیش لە لێکدابڕان و کارەساتی گەورە دوردەخاتەوەو دەپارێزێت. سەرکردەی گەورە و کارێزما دەبێت بتوانن بڕیاری گەورە و گرنگ بدات، موبادەراتی گەورەش بکات. وە بتوانین رۆژەڤی سیاسی بگۆڕێت. ئەم وەزعەی ئێستای کوردستانی عێراق تاقیکردنەوەیەکی گەورەیە بۆسەرکردەکانی هەرێمی کوردستان. بۆیە ئەگەر لەباتی جەنابی سەرۆك بومایە، ئیستیقالەم لە سەرۆکایەتی پارتی دەکردو خۆم بۆکاروباری هەموو هەرێمەکە تەرخاندەکرد. ئەوکاتەش هەموو کورد، بەخۆشحاڵییەوە وەك سەرۆکی خۆی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرد و سەروەریەکی گەورەشی بۆ خۆی و کوردو کوردستان تۆماردەکرد.....

**2013-6-6**

## ژیاننامە

### ژیاننامەی بەهرۆز گەڵاڵی 1960/7/1:

- لە 1960/7/1 لەپارێزگای هەولێر لەدایکبووە، بەهۆی رۆڵی باوك و پێشمەرگایەتی، لە شۆڕشی ئەیلوول بەشداربووە.

- سالی 1966 خوێندنی سەرەتایی دەستپێکردووە .

- ساڵەکانی 1973/1972 لە دواناوەندی قوشتەپەی کوڕان، چۆتە خوێندنی ناوەندی.

دوای پاشگەزبونەوەی رژێم لە رێکەوتنامەی(11ی ئازاری 1970).

- ساڵی 1974 ئاوارەی رایات و چۆمان بوونە.

- ساڵی 1975 دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، چونەتە ئێران، پاشان گەڕاونەتەوە عێراق و رژێم نەفی جنوبی عێراقی کردوون.

- ساڵەکانی 1976/1975 خوێندنی ناوەندی لە قوتابخانەی قەندیلی کوڕان لەهەولێر تەواوکردووە.

- ساڵی 1976 لەرێگای شەهید کاردۆ و ئاسۆ حەسەن، لە ریزی رێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان دەستبەکار بووە.

- ساڵەکانی 1977/1976 لە ئامادەیی هەولێری کوڕان دەستی بەخوێندن کردووە.

- ساڵەکانی 1980/1979خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە.
- لە1980/10/13 لەسەر نەفەقەی(دایك و باوك)ی بۆ خوێندنی زانکۆ چۆتە نەمسا.
- لە 1981/3/9 لەبەشی ئەندازەی بیناسازی(مەعماری)دەستی بە خوێندن کردووە.
-لە 1991/6/25دیبلۆمی یەکەمی وەرگرتووە، پاشان شەهادەی (بەکالۆریۆس)ی لە هەندەسەی مەعماری وەرگرتووە.
- لە 1982/6/2 بۆتە نوێنەری حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە نەمسا.
- لە 1988/8/20 لە کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکاران کە لەبەرلینی رۆژئاوا بەستراوە هەڵبژێردا بەئەندامی دەستەی بەرێوەبەری گشتی، پاشان بۆتە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان(KSSE).
-ساڵی 1990 لە کۆبوونەوەی لقی ئەوروپا کە بەسەرپەرشتی دکتۆر مەحمود عوسمان، عەدنان موفتی لەماڵی (باکۆ جاف) لە لەندەن کرا بەلێپرسراوی لق دانرا، بەڵام نەیکردووە.
- ساڵی 1991 دوای راپەرین لەسەر داوای کاك رەسوڵ مامەند گەڕاوەتەوە کوردستان.
-ساڵی 1992 لە کۆنگرەی دووەمی حزبی سۆسیالیستی کوردستان

که لەرۆژانی(4 تا 7ی تشرینی دووەم) لەڕانیە بەسترا هەڵبژێردراوە بە ئەندامی سەرکردایەتی.

-لە 1993/2/10 لە ئەنجامی یەکگرتنەوەی حزبی سۆسیالیست و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەئەندامی ئیحتیاتی سەرکردایەتی دانـراوە و لەمەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (ی.ن.ك) دەستبەکار بووە.

-لە 1993/5/10 تاکۆتایی ساڵی 1995 وەکیلی وەزارەتی ئاوەندان کردنەوە و گەشە پێدان بووە.

-ساڵی 1995 لە کۆبونەوەیەکی سەرکردایەتیدا بووە بەئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

-ساڵی 1996 بووە بەجێگری لێپرسراوی مەڵبەندی 3ی هەولێر و لێپرسراوی بەشی رێکخستن.

-لە 7/8/ 1996 بووە بە لێپرسراوی مەڵبەندی 7ی کۆیە.

-لە 7/9/ 1997 بووە بەجێگری لێپرسراوی مەڵبەندی پێشمەرگە.

-لە 1998/7/21 بۆتە نوێنەر و لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئێران.

-لە 2001/3/22 بۆتە نوێنەر و لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە تورکیا.

- لە 2002/6/6 دیبلۆمی لە زمانی تورکی لە زانکۆی ئەنکەرە وەرگرتووە.

- له2003/6/27 دیبلۆمی له زمانی ئینگلیزی له زانکۆی ئەنکەرە وەرگرتووە.

لەماوەی کارکردنی له تورکیا چەندین نوسین، وتار، لێدوانی له رۆژنامە و تەلەفزیۆنەکانی کوردستان و تورکیا بڵاوکردۆتەوە، تاکۆ ئێستا 18 کتێبی بە چاپ گەیاندوە و بڵاوکراونەتەوە، خاوەنی کوڕێك و دوو کچە بەناوی(ئاسمان، ئەستێرە، پێرو)، تا ئێستاش وەك نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان له ئەنکەرە دەستبەکارە.